# خوێنەران چی دەڵێن دەربارەی

# بنەمای گەنجینە

" لەکۆتاییدا، کتێبێک کە دەتوانێت هانی بەخشینی بەنیعمەتی قوربانی و شادمانی بدات بۆ ئەوەی خەڵک بترسێنێ هەست بە تاوان بکەن ! لەکۆتاییدا، کتێبێک شێوازێکی تەندروست دەگرێتەبەر لەڕووی نوسراوی پیرۆزەوە لەم رووبەرە گرنگەی مەشق و ڕاهێنانی مەسیحییەدا !"

ڤ. ڤ. –

" ئەم کتێبە نایابە. کتێبێکی کورتکراوەیە و هاندانە و لە قوڵایی ڕۆشنبیریدایە. ئەمە کتێبێکی مەزنە لەگەڵ گروپێکی بچوکدا خوێندنی بۆبکرێت.

ا. ه. –

جگە لە کتێبی پیرۆز خۆی، چەند کتێبێکی کەم کردارەکانی منیان وا بەخێرایی گۆڕیوە وەک ئەم کتێبە بچوکە دەرکەوتووە.  بەدەنگی بەرز بۆ مێردەکەم خوێندەوە و پێکەوە بڕیارماندا دەربارەی پارە و ئەو موڵکەی خودا سپارردوویەتی بە ئێمە بایەخی پێ بدەین.  ئەم بژاردانە خۆشییەکی زۆری بۆ هێناین."

ف. ئی. —

بەدەگمەن کتێبێک دەدۆزیتەوە کە خۆی وەک سەر و شان لەسەرووی بەشەکانی تر خۆی جیادەکاتەوە، ئەم کتێبە ئەوەیە.  ئەمە یەکێکە لەو کتێبە باڵایانەی کە خوێندومەتەوە."

ب. ه.، قەشە

" بنەمای گەنجینە چاوەکانمی کردۆتەوە.  ڕووناکییەک هاتووە!  من دڵخۆشم دەربارەی سەرکارێتی."

ژ. س. —

"هەرگیز بۆچونەکانم وەها بەرەنگاری نەکراون.  لەسەدا سەد دەبێت بخوێندرێتەوە."

ن. ت. –

من دەستم کرد ووە بە پێشکەشکردنی زنجیرەیەک وتار لەسەر سەرکارێتی لەکلێساکەمدا، هەروەها (بنەمای گەنجینە) پارچە ئاڵتونە. بەدەگمەن دانایی وا زۆرم بینیوە کە زۆر بە سادەیی و کورتی و باوەڕەوە  گوزارشت کرابێت.

م. ب.، قەشە.

" من حەزم لەم کتێبە کرد.  کاتێک ڕاستی خودا دەخوێنیتەوە، ئەو ڕاستییە کاردەکاتە سەر نەفست.  هەرچەندە چەمکەکان سادەن، بەڵام گۆڕانی ژیان زۆر مەزنە.

ب. ت. –

# بنەمای

# گەنجینە

**چاپی بژارکراو و نوێکراو**

# بنەمای

# گەنجینە

**ئاشکراکردنی نهێنی بەخشین بەخۆشیەوە**

**نزیکەی ٢ ملیۆن کۆپی لێ فرۆشراوە**

**ڕاندی ئالکۆڕن**

**وەرگێڕانی لە ئینگلیزیەوە:**
**کەمال حسن محمد**

**پێداچوونەوەی:**
**فردین سعید صالح(کریمی)**

**بنەمای گەنجینە**

**هەموو وتەکانی نوسراوی پیرۆز، ئەگەر بەپێچەوانەوە ئاماژەی پێ درابێت، وەرگیراون لە (چاپی نوێی نێودەوڵەتی)، (کتێبی پیرۆز)، ئێن ئای ڤی. مافی کۆپیکردنی ١٩٧٣، ١٩٧٤، ١٩٨٤ لەلایەن کۆمپانیای بیبلیکا بەڕێگەپێدان بەکارهێنراوە. هەموو مافەکان لەسەرانسەری جیهان پارێزراون. وتەکانی نوسراوی پیرۆز کە بە(ئی ئێس ڤی) نیشانە کراون، لە کتێبی پیرۆزی ئی ئێس ڤی وەرگیراون (کتێبی پیرۆز، نوسراوی ستاندەری ئینگلیزی)، مافی کۆپیکردنی ٢٠٠١ لەلایەن کرۆسوەی. خزمەتێکی پەخشکردنی (پەخشکەرانی هەواڵی خۆش)ە. بە ڕێگەپێدان بەکارهێنراوە. هەموو مافەکان پارێزراون. وتەکانی نوسراوی پیرۆز کە بە (جی ئێن تی) نیشانەکراون، لە (وەرگێڕانی هەواڵی خۆش) لە (چاپی ئینگلیزی ئەمڕۆ) وەرگیراون – چاپی دووەم. مافی کۆپیکردنی ١٩٩٢ لەلایەن کۆمەڵگای کتێبی پیرۆزی ئەمەریکا. بە ڕێگەپێدان بەکارهێنراوە. وتەکانی نوسراوی پیرۆز کە بە (ئێن ئەی ئێس بی) نیشانەکرون، لە (کتێبی پیرۆزی ستانەدەری نوێی ئەمەریکی) وەرگیراون. مافی کۆپیکردنی ١٩٦٠، ١٩٦٢، ١٩٦٣، ١٩٦٨، ١٩٧١، ١٩٧٢، ١٩٧٣، ١٩٧٥، ١٩٧٧، ١٩٩٥ لەلایەن**

دەزگای لۆکمان. بە ڕێگەپێدان بەکارهێنراوە. (www.lockman.org) . وتەکانی نوسراوی پیرۆز کە بە (کوردی سۆرانی ستاندەر)ەوە وەرگیراون. مافی کۆپیکردنی ١٩٨٢ لەلایەن (ثۆماس نێڵسن ئینک). بە ڕێگەپێدان بەکارهێنراوە. هەموو مافەکان پارێزراون. وتەکانی نوسراوی پیرۆز کە بە (ئێن ئێڵ تی) نیشانەکراون، لە (کتێبی پیرۆز، وەرگێڕانی ژیانی نوێ) وەرگیراون، مافی کۆپیکردنی ١٩٩٦، ٢٠٠٤، ٢٠٠٧، ٢٠١٣، ٢٠١٥ لەلایەن (دەزگای تیندەیڵ هاوس). بەکارهێنراوە بە ڕێگەپێدانی کۆمپانیانی پەخشەرانی تیندەیڵ هاوس، کارۆڵ ستریم، ئیلینۆی ٦٠١٨٨. هەموو مافەکان پارێزراون.

فۆنتی لار لە وتەکانی نوسراوی پیرۆزدا ئاماژەیە بە زیادکردنی جەخت لەلایەن نوسەرەکەوە.

**سوپاس بۆ جیم لوند، بۆ ئەو دڵە خزمەتکارەت و**

**ڕۆڵە بەهادارەت وەک بژارکەری بنەڕەتی ئەم کتێبە.**

**هەروەها سوپاس بۆ لۆرا بارکەر و دۆرین بەتن و کاثی**

**نۆرکویست و ستێفانی ئەندەرسن بۆ کاری بژارکردنیان**

**لەسەر ئەم چاپی نوێکراو و فراوانکراوەدا.**

## ناوەڕۆک

**سەرەتا بۆ چاپی بژارکراوو نوێکراوی ٢٠١٧.................................. ١٠**

**پێشەکی...................................................................... ١٦**

**١گەنجینەی نێژراو.................................................... ١٩**

**٢_ئایا عیسا بەڕاستی باسیبەخشینی دارایی دەکرد ..................... ٤٠**

**٣ خۆشییەکی زیاد کراو.............................................. ٥٤**

**٤چاو لەسەر هەتاهەتایی ............................................... ٨٣**

**٥ ڕێگرەکانی_بەخشین................................................ ٩٨**

**٦ دەسپێکردن.............................................................. ١٢١**

**٧_بۆ کاتێکی وا وەک ئەمە ........................................... ١٥٤**

کلیلەکانی بنەمای گەنجینە.................................................. ١٨٠

پەیمانی بەخشینەکەم ........................................................ ١٨١

**٣١ پرسیارکردن لە خودا کە ڕیشەیی و ئازادکەرن دەربارەی بەخشینی تۆ........................................................................ ١٨٢**

پرسیار و وەڵام دەربارەی بنەمای گەنجینە ................................... ٢١٩

دەربارەی نوسەر ........................................................ ٢٤٥

## سەرەتا بۆ چاپی بژارکراو

## و نوێکراوی ٢٠١٧

کاتێک (بنەمای گەنجینەکان)م دەنوسی لەساڵی ٢٠٠٠ کەسێک لە تیمی بازاڕکردنی پەخشەرەکەوە وتی " ئیتر ئێمە دواوا لەخەڵک بکەین پارە خەرج بکەن تا کتێبەکەی تۆبکڕن بۆئەوەی تۆش هانیان بدەیت پارەی زۆر زایە بکەن؟"

بێ گومان، شتی زیاتر هەیە لەوەی باسم کرد، بەڵام تاڕادەیەک وەڵامەکە (بەڵێ)یە.  من دڵنیام لەوە کە حەڤدە ساڵ پێش ئێستا کاتێک خەڵکی گفتوگۆیان دەکرد لەسەر بیرۆکەکانی ئەو کتێبەی سەرنجی خوێنەری زۆر ڕادەکێشا، هیچ کەسێک بە منیشەوە بیری نەدەکردەوە " من دەزانم، با کتێبێک بنوسین دەربارەی بەخشین.  ئەوە یەک ملیۆن کۆپی لێ دەفرۆشێت!"

بەڵام هێشتا کاتێک من ئەمە دەنوسم، (بنەمای گەنجینە) نزیکەی دوو ملیۆن کۆپی لێ فرۆشتووە.  لەناو هەزاران کڵێسا و لەلایەن سەدان خزمەتەوە دابەشکراوە.  پیاوانی بزنس و ڕاوێژکارانی دارایی بەڕۆتینی

دەیبەخشن بە کڕیارەکانیان. کتێبەکە بۆ بیست و نۆ زمان وەرگێڕدراوە، لەناویاندا زمانی چینی و بێنگالی و کرواتی و چیکی و دانیمارکی و هۆڵەندی و یۆنانی و ئەندەنوسی و کۆری و یابانی و لاتیڤی و ڕوسی و سرِبی و سلۆڤینی و پۆڵندی و پورتوگالی و ڤێتنامی و عەرەبی تێدایە.

خودا بنەمای گەنجینە ی بەکارهێناوە پێکەوە لەگەڵ کارە گەورەترەکەم سەبارەت سەرکاری پارە و موڵک و هەتاهەتایی تا ڕۆڵێکی ستراتیجی بگێڕێت لە بزوتنەوەی بەخشینە دڵفراوانەکە (www.generousgiving.org) کە کاری کردۆتە سەر ژمارەیەکی بێ شوماری شوێنکەوتوانی مەسیح و مژدەبردنەکان و کاری فریاکەوتن و گەشەپێدانی لەسەرئاستی جیهان قوڵترکردووە.

سەدان نامە و ئیمەیڵم بۆ هاتووە کە باسی بژاردەی ڕیشەیی دەکەن و بەردەوامی دەدەن بەگۆڕانی ژیان و بە شێوەیەکی گەورە خۆشی زیادکردووە لەئەنجامی ئامێزگرتنی ڕاستییەکان لەناو ئەم کتێبەدا. یەک خوێنەر نوسیویەتی " (بنەمای گەنجینە)م هەڵگرت و بەدەنگی بەرز خوێندمەوە و (ڕۆحی پیرۆز) بە خێرایی هەورەتریشقە کاری کرد.

ڕوونکردنەوەی تەواوم دەست کەوت دەربارەی مزگێنی.  ئەوە دەربارەی من نەبوو لەوە بەدواوە."

دایکێک ئیمەڵی کرد " کوڕە تەمەن یانزە ساڵەکەم هەفتەی پێنج دۆلاری دەست دەکەوێت.  ئێمە فێرمان کرد کە پەنجا سەنت دەیەکی ئەوە.  ئەو بڕیاریدا یەک دۆلار ببەخشێت.  پاش خوێندنەوەی (بنەمای گەنجینە)کە من پرسیم ' ئەگەر من دەرماڵەکەی تۆ زیادبکەم بۆ شەش دۆلار لەهەفتەیەکدا، دۆلارە زیادەکە چۆن بەکاردەهێنیت؟' ئەو یەکسەر وتی ' من دوو دۆلار دەبەخشم.' ئەمە تەنیا بەشێکی بچوکی ئەوەیە کە لەناو ماڵی ئێمە دەگوزەرێت."

نامە پەسەندەکان لە خەڵکی گەنجەوە پێم دەگات، وەک ئەم یەکە : " من دوانزە ساڵم.  (بنەمای گەنجینە) هانیدام هەموو هەفتەیە لەکڵێساکەم ببەخشم.  ئەوە یارمەتی دام فێری ئەوە بم کە خودا خاوەنی هەموو شتێکە کە من تەنیا بایەخیان پێدەدەم.  ئەوە یارمەتیدام زیاتر ببەخشم و خەرجی زیاترم نەبێت لەسەر ئەو شتانەی کە پێویستم پێیان نییە."

ئەو وەڵامانەی کە وەسفی خۆشی بەربڵاو دەکەن لە ئەنجامی سەرکێشی بەخشینەوە بەتایبەتی دڵ خۆشکەرن. هەندێک دەربارەی گۆڕانی ژیان بەئەندازەیەکی زۆر دەنوسن، لەناویاندا فرۆشتنی موڵک و خشڵ و شتی کۆکراوە و بەخشینی پارەکەی بە مژدەبردنەکان.

ئەوان لەناخەوە سوپاسی خودا دەکەن بۆ ئاوێتەبونی ئەو خۆشییەی کە هەموو چاوەڕێکردنەکان زۆر تێدەپەڕێنێت.

گۆڕانەکان گەورەبن یا بچوک، ئەم خوێنەرانە ئەو ئەزمونەیان بینی کە پلانی سەرەکی من بوو بۆ ئەم کتێبە: خۆشییەکی زۆر لە ئەنجامی بەخشینەوە.

ئەوەی ڕاستی بێت، هەندێ جار کارتێکردنەکە تەواو هەستی داگیرکردووم. زۆر بەقوڵی ئاگادارم کە هەرچییەک خودا ئەنجامی دابێت لەڕێگەی (بنەمای گەنجینە) کارێکی نیعمەتی ئەوە و بۆ شکۆی ئەوە. من دەزانم بەبێ هیچ گومانێک خودا (نوسراوی پیرۆز)ی سروشی خۆی بە ئاماژەپێدان لەسەرانسەری کتێبەکە بەکارهێناوە تا بەخۆشییەوە دڵەکان بگۆڕێت.

هەروەها من سوپاس گوزارم کە هەموو دەستکەوتی دارایی کتێبەکە بەخشراوە بۆ زیاتر فراوانکردنی پاشایەتی خودا و بەردەوامیش دەبێت لەو کارە. ئەگەر ژنەکەم نانسی و من بەتایبەتی خۆشی بێ ڕکابەری بەخشینمان نەزانیایە، نەمدەتوانی (بنەمای گەنجینە) بنوسم.

بژارکردنی کارێک کە خەڵکێکی زۆر گوتویانە ژیانی گۆڕیون ترسناکە. من دەستکاری کتێبێک دەکەم کە زۆر دوورتر و فراوانتر ڕۆشتووە لە هەموو کارێکی تر کە نوسیبێتم، جگە لە کتێبی (ئاسمان). چی دەبێت ئەگەر بژارکردنەکەم هێزی کتێبەکە کەم بکاتەوە نەک زۆربکات؟ بەڵام لەڕێگەی ڕوونکردنەوەی زیاتری هەندێ بەش، ئەوانەی کە خوێنەران جار جار بەهەڵە لێی تێگەیشتوون، هیوادارم کارەکەم باشتر کردبێت. نوێژی من ئەوەیە بژارکردنەکە لەناویدا ئەو بەشەی بەتەواوی نوێیە " ئایا عیسا بەڕاستی باسی بەخشینی دارایی دەکرد؟" و بەشی (پرسیار و وەڵام) یارمەتی خوێنەری کۆن و نوێ پێکەوە بدات.

هەروەها دەمەوێت دووبارە سوپاسی ژنە سەرسوڕهێنەکەم نانسی بکەم، ئەو کەسەی بەناو ئەم ڕێچکەی بەخشینەدا لەگەڵ من ڕێی

کردووە.  دڵمان پڕە لە سوپاس گوزاری بۆ خودا کە کێیە و چی بەخشیوە.  ئیـە سوپاسی دەکەین بۆ هەموو ئەو هێزەی دەیدات بە گەلی خۆی تا ببەخشن بۆ چاکەی کەسانی تر و چاکەی بەخشەر هەروەها بۆ شکۆی (بەخشەر)ی ڕەها:

" بەڵام من کێم و گەلەکەم کێیە هەتا بتوانین بەم دڵفراوانییەوە ببەخشین؟  هەموو شتێک لە تۆوە دێت، لەوەی کەهی تۆیە بە تۆمان بەخشییەوە" (یەکەم پوختەی مێژوو ٢٩: ١٤)

ڕاندی ئالکۆڕن

## پێشەکی

لە هەموو ژیانتا تۆ بە دوای ڕاوکردنێکی گەنجینەوە بوویت. تۆ گەڕاویت بەدوای کەسێکی بێ خەوش و شوێنێکی بێ خەوش. ئەگەر تۆ مەسیحییەک بیت، ئەوا لەئێستاوە تۆ ئەو کەسەت بینیوە، کە عیسایە. هەروەها تۆ بەرەو ئەو شوێنەش ئاراستە دەکرێیت، کە ئاسمانە.

بەڵام کێشەیەک هەیە. تۆ هێشتا لەگەڵ (ئەو) ناژیت لەو شوێنە!

ئەگەر داوات لە عیسای مەسیح کردبێت لە گوناهەکانت خۆش بێت، (ئەو) تۆی لە نەفرەتی هەتاهەتایی دەربازکردووە و ژیانێکی نوێی پێ بەخشیویت. ڕزگاری تۆ پشت بەهیچ شتێک نابەستێت کە خۆت ئەنجامت دابێت یا هەرگیز بتەوێت ئەنجامی بدەیت. بەڵکو زیاتر ئەوە دیاری خودایە بۆتۆ و بەهۆی مردن و هەستانەوەی مەسیح زامن کراوە. ئەمە ئینجیلەکەیە، "هەواڵە خۆشەکەی دڵشادی" (ئیشایا ٥٢: ٧)، " هەواڵە خۆشەکەی شادمانی مەزن" (لوقا ٢: ١٠).

ڕزگاربوون لە گوناهەکانت دەربارەی بەخشینی تۆ نییە بە خودا، ئەوە دەربارەی بەخشینی خودایە بە تۆ.

ئەگەر تۆ (ئەو) نەناسیت باشترین هەڵبژاردە بۆتۆ ئەوەیە باوەڕی خۆت بدەیت بە عیسا. بەهۆی نیعمەتی هێزپێدەری خوداوە نوێژ دەکەم تۆ خێرا ئەو هەڵبژاردەیەت هەبێت.

بەڵام، ئەشێ تۆ لەئێستاوە پەیوەندییەکت لەگەڵ عیسا هەبێت بەڵام هەست دەکەیت ئەو ئەزمونی شادییە نابینی کە خودا پلانی بۆ دادەنێت. ڕەنگە تۆ بە شێوەیەکی ڕێک و پێک لە کڵێسا ئامادەبیت و نوێژ بکەیت و کتێبی پیرۆز بخوێنیتەوە. بەڵام ڕەنگە ژیان هێشتا ئەشکەنجە بێت، وانییە؟ تۆ بە گوێڕایەڵییەوە پێیەک دەخەیتە بەردەم پێیەکەی تر و بەناو خاکی گەرم و بێ بەر دەڕۆیت کاتێک تامەزرۆیت بۆ شادییەکی خۆ ون کردوو کە لەوە ناچێت بیدۆزیتەوە. تۆ هەست دەکەیت شتێک دیارنییە، بەڵام نازانیت چییە.

عیسا باسی ئەو توخمە نادیارەی کرد کاتێک چیرۆکێکی گێڕایەوە دەربارەی گەنجینەیەکی شاراوە کاتێک دەدۆزرێتەوە شادییەک دەهێنێت کە ژیان دەگۆڕێت. بەڵام بەر لەوەی ئێمە دەستبکەین بە گەشتەکەمان من دەمەوێت تۆ شتێک بزانیت. هەندێ کتێب هەوڵ دەدەن بە هۆی هەستکردن بەتاوان هانی بەخشین بدەن. ئەم کتێبە یەکێک نییە لەوانە.

ئەم کتێبە دەربارەی شتێکی ترە کە خۆشی بەخشینە. (بنەمای گەنجینە) دەمێکە نێژراوە. کاتی ئەوە هاتووە ئەم بیرۆکە سادەیە کە هێشتا قووڵە و لێکەوتەی ڕیشەیی هەیە بۆئەوەی ئاشکرابکرێت. کاتێک لێی تێدەگەیت و دەیخەیتە پەیڕەوکردنەوە هیچ شتێک وەک خۆی نامێنێتەوە. تۆش ناتەوێت وەک خۆی بمێنێتەوە.

کاتێک تۆ نهێنی شادی (بنەمای گەنجینە) دەدۆزیتەوە من گرنتی ئەوە دەدەم تۆ هەرگیز بە کەمتر قایل نابیت.

# ١

## گەنجینەی نێژراو

**ئەو کەسە گێل نییە شتێک ببەخشێت کە نەتوانێت بیپارێزێت**

**بۆ ئەوەی شتێکی دەست کەوێت کەنەتوانێت لەکیسی چێت**

**جیم ئێلییەت**

**لە دوانیوەڕۆیەکی گەرمدا پیاوێکی عیبری سەدەی یەکەم بەتەنیا ڕێ دەکات و گۆچانێک لە دەستیدایە.  شانی چەماوەتەوە و عارەق کراسەکەی داپۆشیوە.  بەڵام ئەو بۆ پشوودان ناوەستێت.  ئەو بازرگانییەکی گرنگی هەیە لە شارەکە.**

**ئەو لە ڕێگاکە لادەداتە ناو کێڵگەیەک کاتێک بەدوای کورتە ڕێیەکدا دەگەڕێت.  خاوەنی کێڵگەکە گوێ نادا بەوە، گەشتیاران ئەم ڕێزەیان لێ دەگیرێت.  کێڵگەکە خوارە.  بۆ ئەوەی پیاوەکە هاوسەنگی خۆی بپارێزێت گۆچانەکەی دەچەقێنێتە ناو پیسییەکەوە.**

(دینگ). گۆچانەکە لە شتێکی ڕەق دەدات.

ئەو دەوەستێت، برۆی دەسڕێت و جارێکی تر گۆچانەکەی تێ دەژنێ.

(دینگ). شتێک لەژێر ئێرەیە و بەردیش نییە. مەراقی گەشتیارە هیلاکەکە زیاد دەکات. ئەو دەکێشێت بەزەوییەکەدا. پارچەیەکی تیشکی خۆر لە شتێکدا ڕەنگدەداتەوە. ئەو دەکەوێتە سەر ئەژنۆ و دەست بە هەڵکەنین دەکات.

دوای پێنج خولەک ئەو سندوقێکی قەراغ ئاڵتونی دۆزییەوە. بە سەیرکردنی ڕواڵەتەکەی بۆت دەردەکەوێت دەیان ساڵە لەویایە. بە لەرزینی دەست و لێدانی پەلە پەلی دڵەوە قفڵەکە لادەبات و سەری سندوقەکە دەکاتەوە.

دراوی ئاڵتوون! خشڵ! بەردی گران بەها! گەنجینەیەک زۆر بەنرختر لە هەموو شتێک تا ئێستا هاتبێتە بەرچاوی.

دەبێت پیاوێکی دەوڵەمەند گەنجینەکەی ناشتبێت و کتوپڕیش مردبێت و دواتر شوێنە نهێنییەکەی لەگەڵ خۆی مردبێت. هیچ خانویەکی

کێڵگە لەو نزیکانە نییە. بەدڵنیاییەوە خاوەن زەوییەکەی ئێستا هیچ بەڵگەیەکی لانییە کە ئەم گەنجینە کۆنە لەیرەیە.

گەشتیارەکە سندوقەکە دەنێژێت و شوێنەکە نیشانە دەکا. ئەو بەرەوماڵ ڕوو وەردەگێڕێت ، بەڵام تەنیا ئێستا بەهێواشی ناڕوات. ئەو وەک منداڵێک بازدەدات و زەردەخەنەی فراوان دەگرێت.

چ دۆزینەوەیەک! باوەڕناکرێت! دەبوایە ئەو گەنجینەیەم هەبوایە! بەڵام ناتوانم یەکسەر بیبەم. لەڕووی یاسا هەرکەسێک کێڵگەیەک بکڕێت خاوەنداری هەموو شتەکانی ناوی ڕادەگەیەنێت. بەڵام چۆن بتوانم پارەم بۆ کڕینی هەبێت؟ من کێڵگەکە و. . . . دانەوێڵەکەو. . . ئامێرەکان و. . . . گا چاکەکانم دەفرۆشم. بەڵێ، ئەگەر من هەموو شتێک بفرۆشم، ئەو دانەیە بۆ من بەسە!

لەساتە وەختی دۆزینەوەکە ژیانی گەشتیارەکە دەگۆڕێت. گەنجینەکە دڵی زۆر خۆش دەکات. ئەوە بنەمای پێوانەیی ئەوە و ناوەندی هێزی ڕاکێشانی ئەوە. گەشتیارەکە لەگەڵ هەموو هەنگاوێکی نوێدا ئەم گەنجینەیەی لە هۆش و بیردایە. ئەو بەناو ئەزمونی گۆڕانێکی بنەڕەتی ڕیشەییدا دەڕوات.

ئەم چیرۆکە بە تاکە ئایەتێک لەلایەن عیسا دووپاتکراوەتەوە: " شانشینی ئاسمان لە گەنجینەیەک دەچێت لە کێڵگەیەکدا شاردرابێتەوە. کەسێک دەیدۆزێتەوە و دیسان دەیشارێتەوە، ئینجا لە خۆشییان دەچێت و هەرچی هەیە دەیفرۆشێت و ئەو کێڵگەیەی پێ دەکڕێت" (مەتا ١٣: ٤٤).

هەندێ کەس باوەڕیان وایە ئەم پارچە نوسراوە باس لەو کەسانە دەکات کە گەنجینەی مەسیح دەدۆزنەوە. زۆربەی کەس باوەڕیان وایە ئەوە باسی عیسا دەکات کاتێک ژیانی خۆی دەبەخشێت بۆ بەدەستهێنانی ئەو گەنجینەی گەل و پاشایەتییەی کە فەرمانڕەوایی دەکات. لەهەر دوو بارەکەدا بەدڵنیاییەوە ئەوە شادی دۆزینەوەی گەنجینەی هەتاهەتایی نیشان دەدات ئەو گەنجینەیەی کە بەهاکەی زۆر لە تێچونی بەدەستهێنانی زیاترە.

بەستنەوەی پارەکە

نمونەی گەنجینە شاردراوەکە یەکێکە لەو ئاماژە زۆرانەی کە عیسا کردوویەتی بۆ پارە و موڵک. لە ڕاستیدا، لە سەدا ١٥ ی هەمووشتێک

که مەسیح فەرموویەتی پەیوەندی بەم بابەتەوە هەیە، کە زیاترە لە فێرکردنەکانی لەسەر بەهەشت و دۆزەخ پێکەوە.

بۆچی عیسا جەختی وای کردە سەر پارە و موڵک؟

چونکە بەستنەوەیەکی بنەڕەتی هەیە لەنێوان ژیانی ڕۆحیمان و چۆنییەتی بیرکردنەوەمان دەربارەی پارە و مامەڵەکردن لەگەڵیدا. ڕەنگە ئێمە هەوڵ بدەین باوەڕ و دارایی خۆمان جیابکەینەوە، بەڵام خودا وەک شتێک سەیریان دەکات کە ناتوانرێت جیابکرێنەوە.

ساڵانێکی زۆر لەمەو بەر درکم بەمە کرد کاتێک لەناو فڕۆکەیەکدا کتێبی ( لوقا ٣ ) م دەخوێندەوە.  لەناو ئەو قەرەباڵغییانەی کە کۆدەبونەوە گوێ بیستی وتاری یوحەنای لەئاوهەڵکێش بن سێ گروپی جیاواز پرسیاریان لێ دەکرد دەبێت چۆن تۆبەکردنی خۆیان بسەلمێنن. یوحەنا سێ وەڵامی دەدایەوە:

1. هەموو کەسێک دەبێت هاوبەشی جل  وبەرگ و خواردن لەگەڵ هەژار بکات (ئایەتی ١١)
2. نابێت باجگرەکان پارەی زیاد بخەنە گیرفانیانەوە (ئایەتی ١٣).

3. دەبێت سەربازان قایل بن بە کرێکانیان و پارە بەزۆرە ملێ پەیدا نەکەن (ئایەتی ١٤).

هیچ کەس پرسیاری لە یوحەنا نەکرد دەربارەی دارایی! ئەوان ویستیان بزانن چۆن گۆڕانی ڕۆحی نیشان بدەن. کەواتە، بۆچی وەڵامی یوحەنا بەتایبەتی جەختی کردە سەر پارە و موڵک؟

کاتێک لەناو ئەو فرۆکەیەدا دانیشتبووم هەستم کرد یوحەنا ویستی گوێگرەکانی بزانن: نزیکبوونەوەی ئێمە لە پارە و موڵک شتێکی ناوەندییە بۆ ژیانی ڕۆحیمان.

زوو ئەو ڕاستییە هاتە بەرچاوم لە پارچە نوسراوی تردا. زەکا بە عیسای وت " گەورەم، ئەوەتا نیوەی سامانەکەم دەدەمە هەژاران و ئەگەر بە هەر شێوەیەک فێڵم لە کەسێک کردبێت، چوارقاتی دەدەمەوە" (لوقا ١٩: ٨).

عیسا وەڵامی دایەوە " ئەمڕۆ ڕزگاری بۆ ئەم ماڵە هات" (ئایەتی ٩). نزیکبونەوەی نوێی زەکا بۆ پارە ئەوەی سەلماند دڵی گۆڕاوە.

**کتێبی کردار باسی ئەوکەسانە دەکات کە لە ئۆرشەلیم باوەڕیان گۆڕی بۆ مەسیحی، ئەوانەی بە پەرۆشەوە موڵکەکانیان فرۆشت تا بیبەخشن بە دەست کورتەکان (٢: ٤٥؛ ٤: ٣٢-٣٥). جادوگەرانی ئەفەسۆس ڕاستی گۆڕینی باوەڕی خۆیان سەلماند کاتێک کتێبە جادوگەرییەکانی خۆیان سوتاند کە بەهای ملیۆنەها دراوی دۆلای ئێستایان هەبوو (١٩: ١٩).**

**بێوەژنە هەژارەکە دێتە ناو لاپەڕەکانی (نوسراوی پیرۆز) لەڕێگەی بەخشینی دوو دراوی بچوک. عیسا ستایشی کرد: " ئەم بێوە ژنە، سەرەڕای هەژارییەکەی هەموو بژێوییەکەی بەخشی" (مەرقۆس ١٢: ٤٤).**

**بەشێوەیەکی زۆر جیاواز، عیسا باسی پیاوێکی دەوڵەمەندی کرد کە هەموو سامانەکەی بۆ خۆی خەرج کرد. ئەو پلانی دانا زوو خۆی خانە نشین بکات و ژیانی ئاسانی هەبێت.**

**بەڵام خودا ئەو پیاوەی بە گێل ناوبرد (لوقا ١٢: ٢٠). گەورەترین تاوانبارکردن دژی ئەو پیاوە و سەلماندنی دۆخی ڕۆحییەکەی ئەوەیە ئەو بۆخۆی دەوڵەمەند بوو بەڵام بۆ خودا دەوڵەمەند نەبوو.**

**کاتێک پیاوێکی گەنجی دەوڵەمەند زۆری لە عیسا کرد لەسەر چۆنییەتی بەدەستهێنانی ژیانی هەتاهەتایی عیسا پێی فەرموو " هەرچیت هەیە بیفرۆشە و بیدە هەژاران، ئیتر گەنجینەیەکت لەئاسماندا دەبێت و وەرە دوام بکەوە" (مەتا ١٩: ٢١). عیسا زانی پیاوەکە نەیدەتوانی خزمەتی خودا بکات هەتا بتی پارەکەی لەدەسەڵات لانەبات.**

**بەڵام گەڕیدەکە سەیریکرد نرخەکە زۆرە. بەداخەوە ئەو گەنجینە کەمترەکە و لەناوچووەکەی هەڵبژارد و دوورکەوتەوە لە گەنجینە گەورەترەکە و هەمیشەییەکە.**

## زۆرزان یا گێل؟

**پیاوە گەنجە دەوڵەمەندەکە ئامادە نەبوو واز لە هەموو شتێک بهێنێت لەپێناوی گەنجینەیەکی گەورەتر، بەڵام گەشتیارەکەمان لە کێڵگەکە ئامادەبوو. بۆچی؟ چونکە گەشتیارەکە تێگەیشت چی دەستە دەکەوێت.**

**ئایا تۆ هاوسۆزی خۆت بۆ گەشتیارەکە دەردەبڕیت؟ سەرەڕای هەموو ئەمانە، دۆزینەوەکەی ئەو هەموو شتەکانی لێ سەند. نەخێر، نابێت**

بەزەییمان بەم پیاوە بێتەوە، بەڵکو دەبێت ئیرەیی لێ بکەین! قوربانییەکەی ئەو کەمتر گرنگە بەبەراورد لەگەڵ خەڵاتەکەی. ڕێژەی قازانجەکە بەرامبەر تێچونەکە قایلکەرە!

گەشتیارەکە قوربانی ماوەکورتی پێشکەش کرد تا خەڵاتێکی ماوە درێژ بەدەست بهێنێت. بەڵێ، بەڵام ئەو زۆر زیاتری دەستکەوت لەوەی لەکیسی چوو.

ئەگەر ئێمە ئەم دەستەواژەیە " لە خۆشییان " لابەرین ئەوا ئێمە لە هیچ شتێک تێناگەین. پیاوەکە ئاڵوگۆڕی گەنجینەی کەمتری نەکرد لەگەڵ گەنجینەی زیاتر لەئەنجامی ڕەنج کێشانی گوێ ڕایەڵەوە بەڵکو ئەو ئاڵوگۆڕەی کرد لەئەنجامی شادمانی خۆشییەوە .

لەم نمونەیەدا عیسا تکا دەکات کە بەها بۆ ئەو شتە دابنێین کە گەنجینەی زەمینی و کاتییە بۆ ئەوەی پێکچواندنێک بکەین بۆ ئەوشتەی کە گەنجینەی ئاسمانی و هەتاهەتاییە. دەبێت ئێمە بیر لەو گەنجینە شاردراوەیەی ناو کێڵگەکە بکەینەوە لە مەتا ١٣ وەک نیشاندانی وێنەی گەنجینە ڕاستی و هەمیشەییەکان کە لەناو عیسا و ئینجیل و پاشایەتی هەتاهەتایی خودا دەیبینین. هەر گەنجینەیەکی

زەمینی کە ئێمە لێی دووردەکەینەوە بۆ بەدەستهێنانی ئەو گەنجینە زۆر گەورەترە شایستەی ئاڵوگۆڕکردنەکەیە!

لە (مەتا )٦ عیسا بەتەواوی بناغەی ئەو شتە ئاشکرادەکات کە من ناوی دەبەم بە ( بنەمای گەنجینە). ئەمە یەکێکە لەو فێرکردنانەی (ئەو) کە زۆرترین فەرامۆش کراوە و زۆرترین لێکدانەوەی هەڵەی بۆکراوە:

لەسەر زەوی سامان بۆخۆتان کۆمەکەنەوە کە مۆرانە و ژەنگ لێی دەدەن و دز دەیبڕێت و دەیدزێت. بەڵکو سامان بۆ خۆتان لە ئاسمان کۆبکەنەوە کە مۆرانەو ژەنگ لێی نادەن و دزیش نایبڕێت و نایدزێت، چونکە سامانت لەکوێ بێت، دڵیشت لەوێ دەبێت.

عیسا دەفەرمووێت " لەسەر زەوی سامان بۆ خۆتان کۆمەکەنەوە." بۆچی؟ لەبەرئەوەی گەنجینە زەمینییەکان خراپن؟ نەخێر. لەبەر ئەوەی ئەوانە بەردەوام نابن.

نوسراوی پیرۆز دەفەرمووێت " چاو لە دەوڵەمەندی دەبڕیت و نییە، چونکە بێگومان باڵ دەگرێت، وەک هەڵۆ بەرەو ئاسمان دەفڕێت" (پەندەکانی سلێمان ٢٣: ٥). دوا تر تۆ موڵکێک دەکڕیت کە زۆر گرنگە بەلاتەوە ئینجا بیهێنە بەرچاو باڵی لێ پەیدا ببێت و بفڕێت . زوو یا درەنگ ئەو موڵکە دیارنامێنێت.

کاتێک عیسا ئاگادارمان دەکاتەوە لەسەر زەوی سامان کۆنەکەینەوە لەبەر ئەوە نییە کە ڕەنگە سامانمان لەکیس بچێت، بەڵکو لەبەر ئەوەی سامان هەمیشە لەکیس دەچێت. یا سامانەکە جێمان دەهێڵێت کاتێک ئێمە دەژین یاخود ئێمە جێی دەهێڵین کاتێک دەمرین. شتێک نییە بگوترێت جگە لەمە.

خۆت بهێنە بەرچاو نزیک کۆتایی شەڕی ناوخۆ. تۆ هاوڵاتی ویلایەتەکانی باکوریت، بەهۆی شەڕەکەوە لە ویلایەتەکانی باشور جێ ماویت. تۆ پلان دادەنێیت بۆ ماڵەوە بڕۆیتەوە کاتێک شەڕەکە

کۆتایی هاتووە. لەو کاتەوەی تۆ لە باشور بویت دراوێکی زۆری ویلایەتە کانی هاوپەیمانیت کەڵەکە کردووە. وای دابنێ تۆ ئەو ڕاستییە دەزانیت ویلایەتەکانی باکور زوو شەڕەکە دەبەنەوە. چی بە پارەکەت دەکەیت کە هی ویلایەتەکانی هاوپەیمانییە؟

ئەگەر تۆ زۆرزان بیت خێرا ئەو دراوە زیادەیەی هەتە کە هی ویلایەتەکانی هاوپەیمانییە دەیگۆڕیت بۆ دراوی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کە تەنیا دراوە دوای شەڕەکە بەهای دەبێت. تۆ تەنیا دراوی ویلایەتەکانی هاوپەیمانی دەپارێزیت کە پێویستن بۆ دابینکردنی پێداویستییە ماوە کورتەکانت.

وەک مەسیحییەک تۆ لە ناخدا دەزانیت دوا تێکچونێکی جیهانی بەهۆی گەڕانەوەی مەسیح ڕوودەدات. ئەمە دوا ئامۆژگاری بازرگانیکردنە بۆ کەسی قبوڵکراو : دراوی زەوی بەهای نامێنێت کاتێک مەسیح دەگەڕێتەوە، یا کاتێک تۆ دەمریت، هەرکامێکیان یەکەم جار بێت. ( هەروەها هەر یەک لەم ڕووداوانە ڕەنگە لە هەموو کاتێکدا ڕووبدات.)

**پسپۆڕانی وەبەرهێنان کە ناسراون بە پێشبینیکەرانی جوڵەی نرخی داهاتووی بازاڕ ئەو نیشانانە دەخوێننەوە کە بازاڕی ئاڵوگۆڕی دراو خەریکە بەئاراستەی نزمی دەڕوات، پاشان ئامۆژگاری دەکەن بۆ گۆڕینی پارەکان بۆ ڕەوڕەوەی زیاتر پشت پێ بەستراو وەک بازاڕەکانی پارە یا بارمتەی دارایی ماوەکورتی حکومی یا بڕوانامەکانی دانانی پارە لە ئەژمێری بانکیدا.**

**لێرەدا عیسا کاردەکات وەک یەکەم پێشبینیکەری جوڵەی نرخی داهاتووی بازاڕ. (ئەو) ڕێنماییمان دەکات پارەکانمان حەواڵە بکەین لە زەوی شکستخواردووەوە (کە ئامادەیە بۆ خۆ فڕێدانە خوارەوەیەکی هەمیشەیی) بۆ ئاسمان ( کە لە لایەن خوداوە دڵنیایی دەکرێت و زوو جێگەی ئابووری زەوی دەگرێتەوە و بۆ هەتا هەتایە بەردەوام دەبێت).**

**هەرچەندە پێشبینی دارایی مەسیح بۆ زەوی هیوابەخش نییە. (ئەو) بەڕاشکاوی پڕە لەهیوای بەرزبونەوەی نرخی وەبەرهێنان لە ئاسماندا کە هەموو نیشاندەرێکی بازاڕ بۆ هەتاهەتایە ئەرێنییە!**

بەڕەچاوکردنی زانیاری ناوخۆ کە لە (نوسراوی پیرۆز) ئاشکراکراوە، کەڵەکەکردنی گەنجینەی فراوانی زەمینی کە ناتوانیت بیپارێزیت، یەکسانە بە کەڵەکەکردنی پارەی ویلایەتەکانی هاوپەیمانی سەرەڕای ئەوەی تۆ دەزانیت خەریکە بەهای نامێنێت.

کۆکردنەوەی گەنجینەی زەمینی بەڕوونی هەڵەنییە. ئەوە تەنیا گێلییەکی ڕوونە.

بەگوێرەی عیسا، کۆکردنەوەی گەنجینەی زەمینی بە ڕوونی هەڵە نییە، بەڵکو تەنیا گێلییەکی ئاشکرایە.

**ئەقڵییەتێکی گەنجینە**

عیسا تەنیا پێمان نافەرمووێت لەکوێ گەنجینەکانمان دانەنێین. (ئەو) باشترین ئامۆژگاری وەبەرهێنانیشمان دەداتێ کە هەرگیز تۆ بیستبێتت: "سامان بۆخۆتان لەئاسمان کۆبکەنەوە" (مەتا ٦: ٢٠).

ئەگەر تۆ زۆر زوو لە خوێندنەوەکە وەستابیت، ئەوا وات دەزانی مەسیح دژی کۆکردنەوەی گەنجینەیە بۆ خۆمان. نەخێر، ئەو فەرمانی ئەوە دەکات! عیسا لە ئێمەی دەوێت گەنجینە کۆبکەینەوە. (ئەو) تەنیا پێمان

خودا چاوەڕێمانە بە هۆکاری بەرژەوەندی ڕۆشنکراوی خۆمان کردار بکەین.

دەفەرمووێت ئیتر لە شوێنی هەڵە کۆیان نەکەینەوە و دەستبکەین بە کۆکردنەوەیان لە شوێنە ڕاستەکە!

" بۆ خۆتانی کۆبکەنەوە " ئایا ئەوە سەیر دیار نییە عیسا فەرمانمان پێ دەکات ئەو شتەبکەین کە باشترین بەرژەوەندی بۆ خۆمان هەیە؟ ئایا ئەوە نابێت بە خۆپەرستی؟ نەخێر. خودا چاوەڕێمانە و فەرمانمان پێ دەکات بە هۆکاری بەرژەوەندی ڕۆشنکراوی خۆمان کردار بکەین. (ئەو) لە ئێمەی دەوێت بۆ شکۆی خۆی بژین. بەڵام ئەو شتەی بۆ شکۆی (ئەو) بێت هەمیشە بۆ چاکەی ئێمەیە. وەک جۆن پایپەر وای دادەنێت " خودا شکۆدارکراوترین دەبێت لەناوماندا کاتێک ئێمە قایلکراوترین دەبین لەناو (ئەو)دا."

خەڵکی خۆپەرست شوێن دەستکەوت دەگەڕێن لەسەر حسابی کەسانی تر. بەڵام دەوڵەمەندی خودا بێ سنوورە. کاتێک تۆ خزمەتی (ئەو) و کەسانی تر دەکەیت گەنجینە لە ئاسمان کۆدەکەیتەوە. ئەمە ئەو گەنجینانە کەم ناکاتەوە کە لەبەردەستی کەسانی تردا هەیە. هەموو کەس دەست کەوتی هەیە، کەس شتی لەکیس ناچێت.

ئەو پیاوەی گەنجینە نێژراوەکە دەدۆزێتەوە ئێستا نرخێکی زۆر دەدات لەڕێگەی وازهێنان لە هەموو ئەو شتانەی هەیەتی، بەڵام زوو گەنجینەیەکی گەورە بەدەست دەهێنێت.  هەتا ئەو کاتەی چاوەکانی لەسەر ئەو گەنجینەیە بێت ئەو قوربانییە ماوە کورتەکانی خۆی بە خۆشییەوە پێشکەش  دەکات.  شکۆدارکردنی دواخراو وا لە پیاوەکە دەکات سودی چاوەڕوانی خۆشی داهاتووی پێش بخات بۆ خۆشی ئێستا.

ئەم "گەنجینانەی ئاسمان" چین؟  لەبەشەکەی دواتر زیاتر باسی ئەوە دەکەم.  بەڵام ئەوانە هێزی خوداوەندی (لوقا ١٩: ١٥ – ١٩) و موڵک (مەتا ١٩: ٢١) و شادی (زەبوورەکان ١٦: ١١) لەخۆدەگرن. عیسا بەڵێنی ئەوە دەدات ئەوانەی لەسەر زەوی قوربانی دەدەن " سەد ئەوەندەی تر" لە ئاسمان وەردەگرن (مەتا ١٩: ٢٩).  ئەوە لە سەددا (١٠،٠٠٠)ە، پێدانەوەیەکی کاریگەرە!

بەدڵنیاییەوە، مەسیح خۆی گەنجینەی ڕەهای ئێمەیە.  هەموو ئەوانی تر لاوازن بەبەراورد لەگەڵ (ئەو) (فیلیپی ٣: ٧-١١).  کەسی عیسا

یەکەم گەنجینەی ئێمەیە. شوێنی ئاسمان گەنجینەی دووەمی ئێمەیە. موڵک و خەڵاتی هەتاهەتایی گەنجینەی سێیەمی ئێمەیە.

" سامان بۆ خۆتان لە ئاسمان کۆبکەنەوە." بۆچی؟ چونکە ئەوە ڕاستە؟نەک هەر ئەوە، بەڵکو لەبەر ئەوەی ئەوە زۆرزانییە. عیسا تکایەکی پڕ هەستوسۆز ناکات بەڵکو تکایەکی ئاقڵانە دەکا: وەبەرهێنان لەو شتەدا بکە کە بەهای بەردەوامی هەیە.

تۆ هەرگیز ئۆتۆمبیلێکی گواستنەوەی تەرم نابینیت عەرەبانە ڕاکێشێت . بۆچی؟ چونکە ناتوانیت ئەوە لەگەڵ خۆت ببەیت.

ترست لێ نەنیشێت ئەگەر
یەکێک دەوڵەمەند بوو،
شکۆمەندی ماڵەکەی زیاد بوو،
چونکە کە مرد هیچ لەگەڵ خۆی
نابات، شکۆیەکەی بەدوایەوە
نابێت. (زەبوورەکان ٤٩: ١٦-
١٧)

جۆن دی ڕۆکەفێڵەر یەکێک بوو لە دەوڵەمەندترین ئەو پیاوانەی کە ژیابێت. پاش مردنەکەی، کەسێک لە ژمێریارەکەی پرسی "جۆن چەند پارەی جێ هێشت؟" وەڵامەکە کلاسیکی بوو: " ئەو ---------هەمووی جێ هێشت."

تۆ ناتوانیت ئەوە لەگەڵ خۆت ببەیت.

ئەگەر ئەو خاڵە لە هۆش و بیری تۆ ڕوون بێت ئەوا تۆ ئامادەیت نهێنی (بنەمای گەنجینە) ببیستیت.

بنەمای گەنجینە

عیسا ئەو ڕاستییە قووڵە " تۆ ناتوانیت ئەوە لەگەڵ خۆت ببەیت" دەهێنێت و سیفەتێکی سەرسوڕهێنیش زیاد دەکات. کاتێک (ئەو) پێمان دەفەرمووێت گەنجینە بۆخۆتان لە ئاسمان کۆبکەنەوە هاوەڵێکی دەرکەوتوو بەئێمە دەبەخشێت کە من بە (بنەمای گەنجینە) ناوی دەبەم :

تۆ ناتوانیت ئەوە لەگەڵ خۆت ببەیت،

بەڵام دەتوانیت لەپێش خۆت بینێریت.

هەرچییەک بمانەوێت لێرە بیپارێزین لەکیس دەچێت. بەڵام هەرچییەک بخەینە ناو دەستی خودا بۆ هەتا هەتایە دەبێت بە هی خۆمان. ئەگەر ئەوە لەخۆشیدا هەناسەت پێ نەبڕێت تۆ لێی تێ ناگەیت! ئەگەر ئێمە وەبەرهێنان لە هەتاهەتاییدا بکەین لەبری ماوەی کاتی ئەوا ئێمە گەنجینە لە ئاسماندا کۆدەکەینەوە کە هەرگیز ناوەستێت لە پەیداکردنی قازانج. هەر گەنجینەیەک ئێمە لە سەر زەوی کۆیبکەینەوە بەجێ دەمێنێت کاتێک ئێمە دەڕۆین. هەر گەنجینەیەک ئێمە لە ئاسمان کۆیبکەینەوە چاوەڕێمان دەکات کاتێک ئێمە دەگەینە جێ.

پلاندانەرانی دارایی بەئێمە دەڵێن " ئەوەی پەیوەندی بە پارەکەتەوە هەبێت بیر لە سی ساڵی داهاتوو بکەوە نەک سێ مانگ یا سێ ساڵ." مەسیح کە ڕاوێژکاری ڕەهای وەبەرهێنانە ڕێ وشوێنی بەرزتر وەردەگرێت. (ئەو) دەفەرمووێت " مەپرسە چۆن وەبەرهێنانەکەت لەماوەی سی ساڵدا قازانجی دەبێت. بپرسە چۆن لەماوەی سی ملیۆن ساڵدا قازانجی دەبێت."

وایدانێ ئەمڕۆ من هەزار دۆلارت پێشکەش دەکەم بە هەر شێوەیەک خەرجی بکەیت. پاشان وایدانێ بژاردەیەکت بدەمێ، تۆ دەتوانیت ئەمڕۆ ئەو هەزاردۆلارەت هەبێت یا دەتوانیت دە ملیۆن دۆلارت هەبێت دوای ساڵێک لەئێستاوە، پاشان هەموو ساڵێک دە ملیۆنی تر دوای ئەوە. تەنیا کەسێکی گێل ئەمڕۆ ئەو هەزار دۆلارە وەردەگرێت! بەڵام هێشتا ئێمە ئەوە ئەنجام دەدەین کاتێک دەست بە شتێکەوە دەگرین کە تەنیا بۆ ساتێک بەردەوام دەبێت.

بەدڵنیاییەوە شتی زۆر باش هەیە کە خودا لە ئێمەی دەوێت بەپارە ئەنجامی بدەین کە بریتی نییە لە بەخشین. ئەوە شتێکی سەرەکییە، بۆ نمونە، ئێمە پێداویستییە مادییە بنەڕەتییەکانی خێزانەکەمان دابین دەکەین (یەکەم تیمۆساوس ٥: ٨). بەڵام ئەم شتە باشانە تەنیا سەرەتایەکن. ئەو پارەیەی خودا پێمان دەسپێرێت سەرمایەیەکی وەبەرهێنانی هەتاهەتاییە. هەموو ڕۆژێک هەلێکە بۆ کڕینی پشکی زیاتر لەناو شانشینی خودا.

تۆ ناتوانیت ئەوە لەگەڵ خۆت ببەیت، بەڵام دەتوانیت پێش خۆت بینێریت.

ئەگەر تۆ ئامێز بۆ ئەم چەمکە شۆڕشگێڕانەیە بگریت، ئەوە ژیانت دەگۆڕێت. کاتێک تۆ گەنجینە لە ئاسمان کۆدەکەیتەوە ئەوا تۆ شێوەیەکی هەنوکەیی و هەمیشەیی ئەوەی پیاوەکە لە گەنجینە شاردراوەکەدا دۆزییەوە، بەدەست دەهێنیت.

# ٢

## ئایا عیسا بەڕاستی باسی

## بەخشینی دارایی دەکرد

**سامان بۆخۆتان لەئاسمان کۆبکەنەوە.**

**مەتا ٦: ٢٠**

**ئەم بەشە نوێیەم نوسی بۆ وەڵامدانەوەی ئەو بانگەشانەی کە عیسا باسی بەخشینی دارایی نەکردووە کاتێک بە ئێمەی فەرموو گەنجینە لە ئاسمان کۆبکەینەوە.**

**ئەگەر تۆ لەئێستاوە دڵنیابیت کە (ئەو) باسی بەخشینی کردووە ئەوە دەتوانیت بچیتە سەر بەشی دواتر تا بەقووڵی بیربکەیتەوە لە دڵی ئەم کتێبەدا چی هەیە:  خۆشی بەخشین.**

بەڵام ئەگەر تەنانەت کەمێک گومانت هەبێت دەربارەی مەبەستی عیسا بۆ کۆکردنەوەی گەنجینە لە ئاسمان، تکایە لە خوێندنەوە بەردەوام بە.  وابزانم خۆشحاڵ دەبیت کە خوێندوتەتەوە.

عیسا فەرمووی " لەسەر زەوی سامان بۆخۆتان کۆمەکەنەوە" (مەتا ٦: ١٩).  نمونەی گێلە دەوڵەمەندەکە لە (لوقا ١٢: ١٣-٢١) ئاکامەکانی ئەو کەسانە نیشاندەدا کە ڕاسپاردەکەی (ئەو) پشت گوێ دەخەن. خودا بە پیاوە خۆپەرستە مادییەکە دەفەرمووێت " ئەی گێلە!  هەر ئەم شەو گیانت دەردەچێت.  باشە ئەوەی کۆت کردووەتەوە، بۆ کێ دەبێت؟' بەهەمان شێوە دەبێ ئەو کەسەی گەنجینە بۆ خۆی کۆدەکاتەوە بەڵام لەلای خودا دەوڵەمەند نییە'" (ئایەتی ٢٠-٢١).

ئەمە پەیامێکی ناڕەحەتە، بەڵام بەدڵنیاییەوە ناڕوون نییە. کۆکردنەوەی گەنجینە بۆخۆتان لەسەر زەوی واتای دەست پێوە گرتنی پارە و موڵک بەتوندیە لەجیاتی هاوبەشی پێکردنیان بەدڵفراوانییەوە.

بەڵام عیسا مەبەستی چییە کاتێک پێمان دەفەرمووێت " لەئاسمان گەنجینە بۆخۆتان کۆبکەنەوە" (مەتا ٦: ٢٠)؟  بۆ تێگەیشتن دەبێت

ئێمە واتای دوو ناو بزانین، ئاسمان و گەنجینە هەروەها فەرمانە یۆنانییەکە وەرگێڕدراوە بۆ کۆبکەنەوە.

**ئاسمان چییە**

ئاسمان شوێنی تەختی پاشایەتی خودایە، ئەو شوێنەی کە فەرمانڕەوایی گەردوونی لێ دەکات، ئەو شوێنەی کە لەگەڵ فریشتەکانی و خەڵکەکەی کە مردوون، نیشتەجێیە. دوای هەستانەوەی جەستەتییمان ئاسمانەکەی ئێستا دەگوازرێتەوە بۆ زەویە نوێیەکە (ئاشکراکردن ٢١: ٣). ئەو شوێنە دەبێت بە ئاسمانی داهاتوو، چونکە دەبێت بە ناوەندی ئامادەبوونی فەرمانڕەوایی خوداو شوێنی تەختی پاشەیەتیەکەی (ئاشکراکردن ٢٢: ٣).

زۆربەی مەسیحییەکان وادەزانن " گەنجینە لەئاسمان" بەرکەوتنی نییە چونکە ئەوە دەهێننە بەرچاو ئاسمان بەرکەوتنی نابێت. بەڵام ئاسمانی داهاتوو لەسەر زەوی نابێت بە دۆخێکی نابەرکەوتن کە لەوێ بە ڕۆحێکی بێ جەستەوە سەر هەوا بکەوین. بەپێچەوانەوە، کاتێک لەناو کتێبەکەم بەناوی ئاسمان ڕوونی دەکەمەوە، ئاسمان دەبێت بە شوێنێکی هەقیقی و مادی.

لەسەر زەوی نوێی خودا " بەندەکانی خزمەتی دەکەن" (ئاشکراکردن ٢٢: ٣). هەمیشە بەندەکان شتیان هەیە ئەنجامی بدەن و شوێنیان هەیە بۆی بڕۆن و خەڵکیان هەیە ببینن. ئێمە خودا دەپەرستین هەروەها دەخۆین و دەخۆینەوە و ئاهەنگ دەگێڕین و پێدەکەنین و پشوو دەدەین و کاردەکەین و یاریدەکەین پێکەوە وەک خەڵکی بەدەنی لە جیهانێکی بەدەنیدا.

(بەو بۆنەیەوە من پیتی یەکەمی وشەی ئاسمان بە گەورە دەنوسم چونکە ئەوە ناوێکی تایبەتە، شوێنێکە بە هەموو شێوەیەک وەک ئەو شارەی تۆ لێی دەژیت هەقیقییە. (زەوی نویێ) بەقەد (نیو ئینگلاند) هەقیقی دەبێت، بۆیە ئەویش شایستەی ئەوەیە یەکەم پیتی بە گەورە بنوسرێت.)

## گەنجینەکان لەئاسمان چین؟

ئەو وشە یۆنانییەی وەرگێڕدراوە بۆ " گەنجینە" یا " دەوڵەمەندی" لە (مەتا ٦) بەئاسایی واتای "سامانی کەڵکەبوو وە لە شێوەی پارە و خشڵ و شتی بەهاداری تر." ئەوە بەتەواوی ئەوەیە کە قوتابییەکانی

مەسیح یەکسەر بیریان لێکردۆتەوە: سامانی بەرکەوت و سەرمایەی بەهادار و موڵکی بەنرخ.

ئەوە ڕاستە کاتێک عیسا باسی " گەنجینە لەئاسمان" دەکات ئێمە نازانین ئەو گەنجینانە بەتەواوی چ شێوەیەک وەردەگرن. دەشێ (گنجینە لە ئاسمان) سروشتی مادی یا ڕۆحی هەبێت، بەڵام بەهەردوو ڕێگاکە ئەوانە هەقیقین و پاداشتی واتادارن بۆ گەلی خودا ئەوانەی بەدڵفراوانییەوە دەبەخشن.

لە (مەتا ٦) عیسا پێمان دەفەرمووێت سامانەکەمان لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر بگوازینەوە. کاتێک ئێمە دەمرین گەنجینەی زەمینی ئیتر نابێت بە هی خۆمان، بەڵام ئەو سامانەی بۆ ئاسمانمان گواستۆتەوە بۆ هەتاهەتایە بە هی خۆمان دەمێنێتەوە.

هەروەها خودا پاداشتی هەتاهەتاییمان پێ دەبەخشێت بەرامبەر ئەنجامدانی کاری چاک (ئەفەسۆس ٦: ٨؛ ڕۆما ٢: ٦، ١٠) و دانبەخۆداگرتن لە ژێر چەوسانەوەدا (لوقا ٦: ٢٢-٢٣) و نیشاندانی میهرەبانی بۆ کەسانی دەست کورت (لوقا ١٤: ١٣-١٤) و مامەڵەکردنی دوژمنەکانمان بە نیانی (لوقا ٦: ٣٥).

بە ئێمە دەوترێت "گەلی پیرۆزی خودای هەرە بەرز پاشایەتییەکە بەدەستدەهێنن و بۆ هەتاهەتایە خاوەنداریێتی دەکەن. بەڵێ، بۆ هەتا هەتایە" (دانیال ٧: ١٨). "پاشایەتییەکە" چییە؟ زەوی. لەسەر زەوی نویێ منداڵانی خودا لەگەڵ مەسیح فەرمانڕەوایی دەکەن (ئاشکراکردن ٢٠: ٦). بەندە دڵسۆزەکان دەکرێن " بە بەرپرسی شتی زۆر" (مەتا ٢٥: ٢١-٢٣).

(نوسراوەپیرۆزەکان) ئاماژەدەکات بە پێنج تاجی جیاواز کە ڕەنگە دەقاودەق نەبێت یا دەقاودەق بێت بەڵام بەڕوونی وێنەی پێگەی ڕاستەقینەی فەرمانڕەواییکردن نیشان دەدات لەناو پاشایەتی خودا. گەنجینەکان لە ئاسمان ئەوکاتە بەدڵنیاییەوە پێکدێت لە پاداشتەکانی خودا کاتێک پێگەی ڕابەرێتیکردن بەمنداڵە دڵسۆزەکانی خۆی دەسپێرێت بەگوێرەی قەبارەی خزمەتەکەیان لەسەر زەوی کە ئەنجامیان داوە (لوقا ١٩: ١٢-١٩).

کاتێک ئێمە تێدەگەین ئاسمان بە هەقیقی چییە و چی دەبێت ئیمە تێدەگەین مەبەستی مەسیح چی بوو کاتێک باسی کۆکردنەوەی گەنجینەی لێرە کرد.

**چۆن بتوانین لە ئاسمان گەنجینە کۆبکەینەوە؟**

عیسا بە ڕوونی فەرمووی خودا پاداشتمان دەکات بەهۆی بەخشین بەدڵفراوانیەوە : " برۆ هەرچییەکت هەیە بیفرۆشە و بیدە هەژاران، ئیتر گەنجینەیەکت لە ئاسماندا دەبێت" (مەتا ١٩: ٢١).

ئەوە لای من دیارە کاتێک یەکەم جار بنەمای گەنجینەم نوسی کە وشەکانی مەسیح لێرەدا ڕاستەوخۆ تەریبن بەوەی کە لە (مەتا ٦: ١٩-٢١) فەرمووی دەربارەی کۆکردنەوەی گەنجینە لە ئاسمان. بەڵام هەندێ کەس لەناویاندا هەندێ لەوانەی پێداچوونەوەی ئەم کتێبەیان کردووە بانگەشەی ئەوە دەکەن کە عیسا باسی بەخشینی دارایی نەکردووە.

لەبەرئەوەی من ئاماژەدەکەم بە پارچە نوسراوی بنەڕەتی زۆری تری کتێبی پیرۆز، تەنانەت ئەگەر مەتا ٦ ئاماژە نەکات بە بەخشین ئەوە ڕەوایی هەموو کتێبەکە لانابات. بەڵام ئەوە بەدڵنیاییەوە واتای ئەوەی دەبێت کە کتێبەکە ناوێکی لاوازی بۆ دانراوە و دەبێت لێکدانەوە هەڵەکەم ڕاست بکەمەوە.

**بۆیە کاتێک عیسا باسی کۆکردنەوەی گەنجینەی لەئاسمان کرد، ئایا ئەو بەهەقیقی باسی زایەکردنی گەنجینە زەمینییەکانمانی دەکرد بۆ یارمەتیدانی کەسانی دەست کورت؟**

**وەڵامەکەی من بەڵێ یە، لەبەر سێ هۆکار: (١) دۆخە هەنوکەییەکە و (٢) وشەدانانە ڕوونەکەی (مەتا ١٩: ٢١) و (٣) دوو پارچە نوسراوی تەریبی زیاتر لە ئینجیلەکانی تر و یەکێک لە نامەکانی پۆڵس. ئەمانە بەجەختەوە ڕوونی دەکەنەوە کە زایەکردنی پارە و موڵک بەتەواوی ئەوەیە کە عیسا باسی کردووە.**

**ماوەیەکی کەم پێش ئەوەی عیسا باسی گەنجینە لەسەر زەوی و لە ئاسمان بکات بە قوتابییەکانی فەرموو لە (مەتا ٦: ١-٤) بەدوای پاداشتی مرۆڤ نەگەڕێن بەرامبەر ئەو بەخشینە داراییەی دەیکەن، چونکە ئەوکاتە " لەلای باوکی ئاسمانیتان پاداشتتان نابێت." ئەو زیاتر فەرمووی ئەگەر ئەوان بەخشێنی خۆیان بکەن (هەروەها لە ئایەتەکانی دواتر و نوێژەکەیان و ڕۆژوو گرتنیان) بۆ خودا نەک بۆ ئەوەی مرۆڤ ببینێت " باوکیشت کە هەموو نهێنییەک دەبینێت، پاداشتت دەداتەوە."**

ئەوە ئەو دۆخە هەنووکەییەیە کە واڵە عیسا دەکات بفەرموویت " سامان بۆخۆتان لەئاسمان کۆبکەنەوە" (ئایەتی ٢٠).

ئەو وشە یۆنانیەی وەرگێڕدراوە بۆ " کۆبکەنەوە" دەکاتە واتای " (شتی بەهادار) هەڵبگرە بۆ کاتی پێویست لە داهاتوودا." لێرەدا گەنجینە چییە؟ فەرهەنگی (Louw-Nida) ی یۆنانی پێناسەی وشە بنەڕەتییە یۆنانییەکە دەکات کە لەم ئایەتەدا بەکارهێنراوە thesaurus وەک " شتێک بەهایەکی جیاکەرەوەی هەبێت و بپارێزرێت وەک گەنجینە، سامان، دەوڵەمەندی." (ئەوە هەمان وشەیە کۆ بۆ گەنجینە شاردراوەکەی مەتا ١٣ بەکارهێنراوە)

کاتێک قوتابییەکان بیستییان عیسا باسی گەنجینە لەسەر زەوی دەکات ئەوان بەشێوەیەکی سروشتی بیریان لە پارە و موڵک کردۆتەوە.

عیسا نەک تەنیا پێش وشەکانی خۆی دەکەوێت دەربارەی کۆکردنەوەی گەنجینە لەئاسمان لەڕێگای ئاماژەکردنی ئەو پاڵنەرانەی هەمانە بۆ بەخشینی دارایی (٦: ١-٤)، بەڵکو دواشیان دەکەوێت کاتێک پارە ناودەبات بە گەورەیەکی تر (مەتا ٦: ٢٤).

**لەگەڵ ئەوەدا سێ پارچە نوسراوی تەریب بە ڕوونی بەخشینی دارایی دەناسێنن وەک ئامرازێک بۆ کۆکردنەوەی گەنجینە لەئاسمان.**

**دوای فەرموودەکەی عیسا دەربارەی نمونەی گێلە دەوڵەمەندەکە کە پارێزەر بوو، بەخشەر نەبوو ، (ئەو) باسی شتە مادیەکان واتا گەنجینەی زەمینی دەکات کاتێک بە شوێنکەوتووەکانی خۆی دەفەرمووێت بەدوای شتی وا ڕانەکەن. (ئەو) لە (لوقا ١٢: ٣١) دەفەرمووێت " بەڵکو داوای پاشایەتی ئەو بکەن، هەموو ئەمانەتان بۆ دابین دەکرێت."**

**پاشان (ئەو) زیاتر دەفەرمووێت " مەترسە ئەی مێ گەلی بچووک، چونکە باوکتان خۆشحاڵە شانشینەکەتان بداتێ " (لوقا ١٢: ٣٢). عیسا باسی پاشایەتی خودا دەکات کە دەبێت بە ئاسمان لەسەر زەوی.**

**ئەمە ئێمە بەرەو ئەم وشانەی عیسا دەبات " ئەوەی هەتانە بیفرۆشن و بەخێر ببەخشن. بۆ خۆتان جزدانێک دابین بکەن کە نەفەوتێت، سامانێک لەئاسمان کە لەبن نایەت. لەوێ نە دز لێی نزیک دەبێتەوە**

و نه مۆرانه لێی دەدات، چونکه سامانت لەکوێ بێت، دڵیشت لەوێ دەبێت" (لوقا ١٢: ٣٣-٣٤).

لێرەدا ناڕوونی نییە:  هێنانی پارە و موڵک کە دەمانتوانی بۆخۆمانی کۆبکەینەوە لەسەر زەوی و لەبری ئەوە بیانبەخشین بە هەژاران ئاوەها ئێمە گەنجینە لەئاسمان کۆدەکەینەوە.  زمانی گەنجینە و دز و مۆرانە و دڵی خۆمان کە دوای گەنجینەکەمان دەکەون ئەوە نیشاندەدات کە واتای (لوقا ١٢ ) ئاوێنەی واتای (مەتا ٦) ە.

بەهەمان شێوە مەرقۆس وتەی عیسا دەڵێت کاتێک دەفەرموویت " بڕۆ هەرچیت هەیە هەمووی بفرۆشە و بیدە بەهەژاران، بەمە گەنجینەیەکت لەئاسمان دەبێت" (مەرقۆس ١٠: ٢١).

پەیامی عیسا قایلکەر و ڕوونە:  ئەوە هەمووی دەربارەی بەخشێن و پاداشتی بەخشینە.

دوا پارچە نوسراوی هاو تەریب لە پۆڵسی نێردراوەوە دێت کاتێک زمانی مەسیح لە مەتا ٦  بەکاردەهێنێت بۆ ڕێنماییکردنی تیمۆساوس چی بە خەڵکی دەوڵەمەند بڵێت:

ڕایانبسپێرە چاکە بکەن و لەکاری چاکەدا دەوڵەمەند
بن، دڵفراوان بن و ئامادەبن بەشی خەڵکی دیکە
بدەن، بەم شێوەیە گەنجینە و بناغەیەکی چاک بۆ
دوارۆژ دادەنێن و ژیانێکی ڕاستەقینە بەدەستدەهێنن
(یەکەم تیمۆساوس ٦: ١٨-١٩)

هەر وەک عیسا کردی پۆڵسیش هانی خەڵک دەدات گەنجینەی کاتی خۆیان ببەخشن بەو کەسانەی دەست کورتن کاتێک هەست دەکەن گەنجینە گەورەترەکە لە ئاسمان چاوەڕێمان دەکات.

دەرئەنجام

وەک بینیومانە بەڵگەی لێکدەرەوەی گەورە هەیە بۆ واتاکەی (مەتا ٦: ١٩-٢١) نەک تەنیا لە دۆخە هەنووکەییەکەی خۆی بەڵکو هەروەها لە پارچەنوسراوە هاوتەریبەکان لە (مەتا ١٩ و مەرقۆس ١٠ و لوقا ١٢ و یەکەم تیمۆساوس ٦ ). پێکەوە ئەوە دووپات دەکەنەوە

کۆکردنەوەی گەنجینە لەئاسمان واتای بەخشینە بۆ مەبەستەکانی پاشایەتی بەدڵفراوانییەوە و وەرگرتنی پاداشتی خودا بەهۆی ئەنجامدانی کاری وا.

بەداخەوەهەندێ لەو لێکدانەوانە و وتارانەی من گوێ بیستیان بووم و خوێندومنەتەوە لەسەر (مەتا ٦: ١٩-٢١) زۆر ناڕوونن بەرامبەر واتاکەی. ئەوانە ڕۆح دەکەن بەبەر پارچەنوسراوەکە و لە دۆخەکەی خۆی جیای دەکەنەوە و ناتوانن بیبەستنەوە بە پارچە نوسراوە هاو تەریبەکان. ئەوان وشەکانی مەسیح لێکدەدەنەوە وەک بانگکردنێکی گشتی بۆ ئەقڵییەتی پاشایەتی و دەڵێن (ئەو) ئاماژەناکات بە زایەکردنی شتی مادی.

بەدڵنیاییەوە پارچە نوسراوەکە زۆر ئاسانتر دەهێنرایە دی ئەگەر تەنیا هەر پێویستی بە نیەتی باشی ئێمەی هەبوایە. لەجیاتی ئەوە، ئەوە داوای کرداری ڕیشەیی دڵفراوانی لە ئێمە دەکات. ئێمە نابێت هەوڵ بدەین ئاسودەییمان و کەلتورەکەمان کە لەناویدا کەلتوری کڵێسایە لێکدانەوەی خۆمان بسەپێنێت.

کرەتگ بلومبێرگ لە ( لێکدانەوەی نیو ئەمەریکان) سەبارەت کتێبی (مەتا) ڕایدەگەیەنێت " لەم دۆخەدا. . . .کۆکردنەوەی گەنجینە بەدیاریکراوی سەرنج دەخاتە سەر بەکارهێنانی سەرچاوەی مادی بە میهرەبانییەوە بۆ دابینکردنی پێداویستییە ڕۆحی و بەدەنییەکانی کەسانی تر بۆ پاراستنی پێشینەکانی پاشایەتی خودا."

بەدڵنیاییەوە دەتوانرێت وشەکانی خودا بە فراوانی پەیڕەوبکرێن کە چۆن کات و تواناکانی خۆمان بەکاربێنین. بەڵام نابێت نکۆڵی لە واتا سەرەتاییەکەی (ئەو) بکەین یا فەرامۆشی بکەین سەبارەت زایەکردنی پارە و موڵکەکانمان.

دوای ئەوەی ئێمە ئەوەمان چەسپاند عیسا بە ئێمەی فەرمووە گەنجینە لەئاسمان کۆبکەینەوە (ئەو) باسی بەخشینی دارایی کرد، ئێستا با سەیری ئەو خۆشییە بێ هاوتایە بکەین کە خودا بە بەڵێن دەیدات کاتێک ئێمە بەخشین دەکەین!

## ٣

## خۆشییەکی زیاد کراو

هەتا کەمترم خەرج کرد بۆخۆم و

زیاترم زایەکرد، نەفسم پڕتر بوو لە

خۆشی و بەرەکەت.

هەدسن تەیلەر

لەساڵی ١٩٩٠ من قەشەی کڵێسایەکی گەورە بووم کاتێک موچەیەکی باشم هەبوو و دەستکەوتی پارەی کتێبم هەبوو. بۆ ماوەی سیانزە ساڵ قەشە بووم و نەم ویست هیچ شتێکی تر بکەم.

پاشان ژیانی خێزانیمان هەڵاو گێڕ بوو. من لە دەستەی ناوەندێکی سەرچاوەی دووگیانی بووم و ماڵەکەمان کردبووەوە بۆ هەرزەکارێکی دوگیان کاتێک یارمەتیمان دەدا منداڵەکەی لە ماڵێکی مەسیحی بۆ

هەڵگرتنەوە دابنێ. هەروەها خۆشی ئەومان بینی کە هاتە ناو باوەڕەوە بۆ ناو مەسیح.

پاش ئەوەی لەناو (نوسراوی پیرۆز) گەڕام و نوێژم کرد بەشداریم کرد لە گوێ ڕایەڵ نەبوونی مەدەنی نا تودووتیژی ئاشتیانە لە کلینیکەکانی لەباربردنی منداڵ. ئێمە بە سادەیی لەبەردەم دەرگاکان وەسابووین تا داکۆکی بکەین لەو منداڵە لەدایک نەبوانەی خشتەیان بۆدانرابوو بمرن.

بەهۆی ئەمەوە من دەستگیرکرام و نێردرام بۆ بەندیخانە. کلینیکێکی لەباربردنی منداڵ حوکمێکی دادگای بردەوە دژی گروپێکی ئێمە. من بە دادوەرێکم وت هەر پارەیەک قەرزار بوومایە دەمدایەوە بەخاوەنەکەی بەڵام ناتوانم پارە بدەم بە خەڵکێک کە بەکاری بهێنن بۆ کوشتنی منداڵان.

(تکایە تێبگە، من هەرگیز درێغیم نەکردووە بۆ پێدانەوەی قەرزی تر. بەڵام من نەمتوانی بە ویستی خۆم پارە بدەم بە بازرگانییەک کە بوونی هەبوو بۆ کوشتنی منداڵان. من بڕیارمدا بە ئاکامی یاسایی ڕەتکردنەوەی کاری وەها بژیم).

پاشان بۆم دەرکەوت کڵێساکەم ناچاردەکرێت هەموو مانگێک یەک لەسەر چواری کرێکەم ڕادەستی کلینیکی لەباربردنی منداڵ بکات. دەبوو کڵێساکە پارە بدات بە کلینیکی لەباربردنی منداڵەکە یا بەرەنگاری فەرمانی دادگا ببوایەتەوە. بۆ ڕێگە گردتن لەمە، من دەستم لەکارکێشایەوە.

من پێشتر وازم لە مافە داراییەکانی کتێب هێنابوو. تەنیا ڕێگا بۆ ئەوەی دوورکەومەوە لە دەستبەسەراگرتنی موچەکەم بە فەرمانی دادگا ئەوە بوو کەمترین موچە وەرگرم . خۆشبەختانە خێزانەکەم تەنیا لەسەر بەشێکی موچەی کڵێساکەم دەژیا، هەروەها ماوەیەکی کەم پێش ئەو کاتە دوا پارەی خانوەکەمان دابوو.

ئەو حوکمە یەکێک بوو لەو باشترین شتانەی کە هەرگیز بەسەرماندا ڕوویدابێت

حوکمێکی تری دادگا بەدوایدا هات کە پەیوەندی بە کلینیکێکی تری لەباربردنی منداڵەوە هەبوو. هەرچەندە کردارەکانمان نا توندوتیژ بوون کلینیکەکە خەڵاتی گەورەترین حوکمی پێ بەخشرا دژی گروپێک لە ناڕەزایی دەربڕانی ئاشتیخواز : ٨.٢ ملیۆن دۆلار . ئەوە لەوە دەچوو ئێمە خانووەکەمان لەدەست بدەین.

بەهەموو ڕووالّەتێک، ژیانمان وەرچەرخانێکی وێرانکەری وەرگرت، وایە؟

هەڵەیە. ئەو حوکمە یەکێک بوو لەو باشترین شتانەی کە هەرگیز بەسەرماندا ڕوویدابێت..

مەبەستی کەسانی تر بۆخراپەبوو، بەڵام خودا کردی بەچاکە (پەیدابوون ٥٠: ٢٠). ئێمە دەستمان بە خزمەتێکی نوێ کرد. نانسی ژنم بە موچەی سکرتێر کاریدەکرد، بەوهۆیە پاڵپشتی کرێ کەمەکەی منی دەکرد. ناوی ئەو بەتەنیا لەسەر هەموو سەرمایەکانمان بوو ، لەناویاندا خانووەکەش. نەتوانینی من بۆ بوون بەخاوەنی یاسایی موڵک هیچ نەبوو کە بۆی گەڕابێتم، بەڵام خودا ئەوەی بەکارهێنا تا یارمەتیم بدات لەوە تێبگەم مەبەستی (ئەو) چییە بە " ئەوەی لەژێر هەموو ئاسمانە هی منە" (ئەیوب ٤١: ١١).

ئەمە یەکەم جار نەبوو خودا دەربارەی خاوەنداری شتی فێرکربێتم. ساڵانێکی زۆر پێش ئێستا من تەسجیلێکی ستیریۆی نوێی ئاسان هەڵگرم هەبوو ئەو کاتەی ئەو شتانە جوان بوون. من بە قەرز دام بە گروپی قوتابخانەی ئامادەیی کڵێساکەمان بۆ ماوەی نوێژکردن و

وردبونەوە و ڕێنماییکردن .  تەسجیلی ستیریۆکە بەشکاوی گەڕێندرایەوە، من دانی پیادەنێم  ئەوە منی بێزارکرد.  بەڵام خودا ئەوەی هێنایەوە بیرم ئەوە تەسجیلی ستیریۆی من نەبوو، ئەوە هی (ئەو) بوو.  هەروەها بەکارهێنرابوو  بۆ یارمەتیدانی گەیشتن بە کەسانی گەنج.  سکاڵا بەرامبەر کێ بکەم؟

ئەو کاتە ئەو موڵکە مادیانەی زۆرترین بەهام بۆدانابوون  بریتی بوون لەو هەزاران کتێبەی هەمبوون.  ئەوانەم بە قەرز  دەدا بەخەڵک، بەڵام ئەوانە کێشەیان بۆدروستدەکردم کاتێک نەدەگەڕێندرانەوە  یا بە دڕاوی دەهێنرانەوە.

پاشان هەستمکرد بە ڕابەرێتیکردنی خودا بۆ ڕادەستکردنی هەموو کتێبەکان تا دەستبکەم بە کتێنخانەیەکی کڵێسا.  دواتر سەیری ناوی ئەوکەسانەم کرد کتێبەکانیان وەرگرتبوو ، هەندێ جار دەیان ناو بۆ یەک کتێب بوو .  زەردەخەنە گرتمی کاتێک هەستم کرد بەهۆی دەست بەرداربوون لەکتێبەکان من وەبەرهێنانم لە ژیانی کەسانی تردا کردووە.  لەپڕێکدا ، هەتا کتێبەکە زیاتر بدڕایە زیاتر دڵی منی خۆش دەکرد.  بۆچوونی من بەتێکڕا گۆڕا.

خودا تەسجیلی ستیریۆ و کتێب و حوکمی دادگای بەکارهێنا تا تێگەیشتنی من لە خاوەنداریێتی خودا بباتە ئاستێکی نوێوە. لە وشەکانی خودا ووردبەرەوە:

- زەوی و هەرچی تێدایە هی یەزدانە،
  جیهان و ئەوانەی تێیدا دەژین. (زەبوورەکان ٢٤: ١)
- " زیو بۆ منە، زێڕ بۆ منە." ئەوە فەرمایشی
  یەزدانی سوپاسالارە. ( حەگەی ٢: ٨)
- یەزدانی پەروەردگارتان لەیاد بێت، ئەو هێزتان
  دەداتێ بۆ سامان دروستکردن. ( دواوتار ٨: ١٨)
- ئێوەش هی خۆتان نین. چونکە ئێوە بەنرخێک کڕاون.
  ( یەکەم کۆرنسۆس ٦: ١٩-٢٠)

خودا منی فێری یەکەم کلیلی ئەو شەش کلیلە دەکرد بۆ تێگەیشتن لە (بنەمای گەنجینە):

خودا خاوەنی هەموو شتێکە، لەناویاندا کتێب و تەسجیلی ستیریۆ و خانوو و ئۆتۆمبیل و جل وبەرگ و خشڵ و شمەکی ئەلکترۆنی و یاری منداڵان. تەنانەت (ئەو) خاوەنی من و تۆ

## کلیلی ژمارە ١ ی بنەمای گەنجینە

خودا خاوەنی هەموو شتێکە. من بەڕێوەبەری پارەی ئەوم.



**و نەفس و جەستەمانە. خودا هەرگیز خاوەنداری خۆی پوچەڵ نەکردووە و هەرگیز دەستبەرداری بانگەشەی خۆی نەبووە بۆ هەموو گەنجینەکان.**

**وەک گاڵتەیەک، هەمان ئەو ساڵەی یەکەم جار لە گوێ ڕایەڵ نەبوونی مەدەنی بەشداریم کرد لە ساڵی ١٩٨٩ بە فراوانی دەربارەی خاوەنداری خودا شتم نوسیبوو لەکتێبەکەم بەناوی پارە و موڵک و هەتاهەتایی. ئەو کاتەی کە کتێبەکە دەرچوو، ئیتر لەو کاتەوە من لە ڕووی یاساوە خاوەنی هیچ نەبووم. خودا لێکەوتەکانی ئەو ڕاستییەی بۆ من ئاشکراکرد کە ژیانمی لەناو گەرمەی ناخۆشیدا گۆڕی.**

**من هەستم کرد خانووەکەمان هی خودایە، نەک هی ئێمە. بۆچی خەم بخۆم ئایا خانووەکە بۆ خۆمان بمێنێتەوە یا نا؟ (ئەو) بەئاسانی دەیتوانی شوێنێکی ترمان بۆ دابین بکات بۆئەوەی تیا بژین.**

بەڵام تێگەیشتن لە خاوەنداری تەنیا نیوەی وانەکەم بوو.  ئەگەر خودا خاوەندار بوو بێت، من بەڕێوەبەرەکە بووم.  من پێویستم بەوە بوو ئەقڵیەتی سەرکارێک پەیڕەوبکەم بەرامبەر ئەو سەرمایانەی خودا سپاردوویەتی نەک بەخشیبێتی بە من.

سەرکار سەرمایە بەڕێوەدەبات بۆ قازانجی خاوەنکەی.  ئەو هیچ واتایەکی بەناوکردنی ئەو سەرمایە یە هەڵناگرێت کە بەڕێوەیدەبات. ئەوە کاری خۆیەتی ئەوە بدۆزێتەوە کە خاوەنی سەرمایەکە دەیەوێت چی لەسەرمایەکەی بکرێت، پاشان ویستی خاوەنەکەی جێ بەجێ بکات.

بەخشین بەخۆشییەوە

جێری کەیڤن خاوەنی زنجیرەیەک ڕێستورانت و دوو بانق و کێڵگەیەکی ئاژەڵ بەخێوکردن و کێڵگەیەکی دانەوێڵەو  پڕۆژەی خانوبەرەی زۆر سەرکەوتوو بوو .  لە تەمەنی پەنجاو نۆساڵیدا بەدوای ماڵێکی خانەنشینی دەگەڕا لەپاڵ کەناری دەریا بێت.  بەڵام (خاوەندارەکە) پلانی تری هەبوو.

**" خودا ڕابەریتی کردین پارە و کاتی خۆمان لە دەرەوەی وڵات دابنێین" جێری دەڵێت " ئەوە خۆش بوو. پێشان بڕی پارەی بچوکمان دەبەخشی. ئێستا پارەی زۆر دەخەینە مژدەبردنەکانەوە. ئێمە بەزۆری دەڕۆین بۆ هیندستان."**

**چ شتێک بۆچونی کەڤنی گۆڕی بەرامبەر بەخشین؟**

**" ئەوە هەستکردن بە خاوەنداریتی خودا بوو" جێری ڕوونیدەکاتەوە " کاتێک ئێمە تێگەیشتین پارەی خودا زایەدەکەین بۆ ئەوەی کاری خودا ئەنجام بدەین ئاشتییەک و خۆشییەکمان دۆزییەوە ئەو کاتە قەت نەمان بوو کاتێک وامان دەزانی ئەوە پارەی خۆمانە!"**

**رۆژێک پیاوێکی پڕ لە شڵەژاوی بە ئەسپەکەیەوە چووە بەردەم جۆن وێسلی[1] (١٧٠٣ – ١٧٩١) و هاواری کرد " مستەر وێسلی شتێکی زۆر خراپ ڕوویدا! خانووەکەت سووتا و لەگەڵ زەوی تەخت بووا!"**

[1] جۆن وێسلی (١٧٠٣-١٧٩١) قەشە و خوداناس و مزگێنیدەری ئینگلیز بوو. ئەو ڕابەری بزوتنەوەیەکی بوژانەوە بوو لەناو کڵێسای ئینگلاند کە بە مێتثۆدیزم ناسرابوو. ئەو کۆمەڵگایانەی ئەو دایمەزراند بوو ، بوون بە شێوە باڵادەستەکەی بزوتنەوەی مێثۆدیستی سەربەخۆ کە هەتا ئەمڕۆ بەردەوامە .

وێسلی هەواڵەکەی هەڵسەنگاند و وەڵامی دایەوە " نەخێر خانووەکەی یەزدان سوتاو لەگەڵ زەوی تەخت بوو. ئەوە واتای یەک بەرپرسیارێتی کەمترە بۆمن."

کاردانەوەکەی وێسلی نکۆڵیکردن نەبوو. ئەوە زیاتر دووپات کردنەوەیەکی بوێرانەی خاوەندارێتی خودا بوو.

هەرکاتێک ئێمە بیربکەینەوە وەک خاوەندار ، ئەوە ئالآیەکی سوورە. دەبێت ئێمە بیربکەینەوە وەک سەرکار و بەڕێوەبەری وەبەرهێنان ئەوانەی هەمیشە بەدوای باشترین شوێن دەگەڕێن بۆ بەکارهێنانی پارەی (خاوەندارەکە). ڕۆژێک ئێمە ڕووبەڕووی هەڵسەنگاندنی نمایشی کار دەبینەوە. چونکە هەمووومان لەبەردەم تەختی دادگایی خودا ڕادەوەستین . . . کەواتە، هەریەک لە ئێمە دەبێت حیسابی خۆی بداتە خودا (ڕۆما ١٤: ١٠، ١٢).

ناوی ئێمە لەسەر حیسابی خودایە. دەتوانین بێ سنوور بەکاری بهێنین. وەک بەڕێوەبەرانی پارەکەی خۆی خودا متمانەمان دەداتێ موچە بۆخۆمان دابنێین. ئێمە پارەی پێویست لە سامانەکەی ڕادەکێشین تا خەرجی بژێوی خۆمان بکەین. یەکێک لە و بڕیارە

ناوەندییە ڕۆحیانەی ئێمە بریتییە لەدیاریکردنی بڕێکی گونجاو بۆئەوەی لەسەری بژین. ئەو بڕە چەند بێت کە بەشێوەیەکی ڕەوا جیاواز دەبێت لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر ، نابێت کۆیبکەینەوە یا بەهەڕەمەکی زیادەکەی خەرج بکەین. سەرەڕای هەموو ئەمانە ، ئەوە هی خودایە، هی ئێمە نییە.

هەموو بەهارێک من و ژنەکەم دەیان نامەمان دەخوێندەوە کە لەو خەڵکانەوە دەهاتن لەکڵێساکەمان بوون کە دەچوون بۆ گەشتی مژدەبردنی هاوینە و داوای یارمەتییان دەکرد. ( یەک ساڵ چل و چوار داواکاریمان وەرگرت.) کاتێک هەموو ساڵێک ئەم کاتە دێت ئێمە هەست دەکەین وەک ئەو منداڵانە واین کە لە دوکانێکی شیرینی دان، دوکانێک بەقەدەر جیهان گەورەیە و بەقەدەر دڵی خودا فراوانە.

بۆچی خۆشییەکی وەها؟

چونکە ئێمە ڕێگەمان پێدەدرێت وەبەرهێنان لە ناو خوشک و برایانمان لەمەسیحدا بکەین، ئەوانەی باسی ئینجیل بۆ کەسانی تر دەکەن. ڕێگەمان پێدەدرێت گوێبیستی چیرۆکەکان بین و ئیمەیڵەکان

بخوێنینەوە ئەوانەی دەربارەی  کردارەکانی خودان لە زۆر لەوڵاتانی جۆراوجۆردا.

جۆش وخرۆشی  و گەشە و ئەقڵیەتی پاشایەتی و پێشینەگۆڕاوەکانی خەڵکانی گەنج و پیر دەبینین.  نوێژ دەکەین ئەوانەی دەڕۆن هەروەها ئەوانەی دەڕۆن بۆلای ئەوان هەرگیز بەهەمان شێوە نەمێننەوە. هەروەها ئێمە بەشێکمان لەو کارە دەبێت!

من لە کۆبوونەوەیەکی بەخشەران ئامادەبووم کە بە نۆرە باسی چیرۆکەکانی خۆمان دەکرد.  وشەی هێنانە شادی و خۆشی و هەژین و سەرسوڕهێن بەردەوام دەکەوتنە ڕوو.  زەردەخەنە و پێکەنین و فرمێسکی شادی زۆر لێ بوو.  ژن و مێردێکی پیر باسی ئەوەیان کرد چۆن بەدەوری جیهاندا سەفەر دەکەن کاتێک بەشداری ئەو خزمەتانەدەکەن کە بەخشینی بۆ دەکەن.  لەهەمان کاتدا ماڵەکەیان وێرانەیە.  ئەوان وتیان " منداڵەکانمان پێمان دەڵێن ' خانوەکەتان چاک بکەنەوە یا خانویەکی نوێ بکڕن.  ئێوە دەتوانن دابینی بکەن' ئێمەش پێیان دەڵێین ' بۆچی ئەوە بکەین؟  ئەوە دڵی ئێمە خۆش ناکات!'"

ڕەی بێری مان کە بەڕێوەبەری ڕاپەڕاندنی کۆمپانیایەکی کارگوزاری شارەوانی نیشتیمانییە دەڵێت خۆی و ژنەکەی هەموو ساڵێک بەلایەنی کەمەوە نیوەی داهاتەکەیان دەبەخشن بۆ کاری خودا. ڕەی دەڵێت " خۆشی من لە بەخشیندا بە خزمەتکردنی خودا دێت بە شێوەیەک کە دەزانم (ئەو) منی بۆ ئەوە بانگ کردووە و هەست دەکەم ئەوەی من دەیبەخشم کاریگەری دەخاتە سەر خەڵک بۆ مەسیح". هەروەها دەڵێت " ئەوە شتێکی خۆشە بزانین ئێمە بەشێکین مزگێنیدان و قوتابیکردن و یارمەتیدان و خۆراکپێدانی خەڵکی دەست کورت. ئەوە هەستێکی سەرسوڕهێنی هەیە."

هەتا زیاتر ببەخشین زیاتر دڵشاد دەبین لە بەخشینەکەماندا. ئەوە دڵخۆشمان دەکات. بەڵام لەوە گرنگتر ئەوە خودا دڵخۆش دەکات.

ئەوەی بە دڵخۆشییەوە ببەخشێت خودا خۆشی دەوێت (دووەم کۆرنسۆس ٩: ٧). بەڵام بەزۆری دڵخۆشی دێت لەماوە و دوای کرداری گوێڕایەڵ بوون نەک پێش کرداری گوێ ڕایەڵ بوون. بۆیە چاوەڕێ مەکە هەتا ئەوکاتەی هەست دەکەیت حەز بە بەخشین دەکەیت! تەنیا ببەخشە و تەماشاکە خۆشییەکە بەدوادا دێت.

خودا دەیەوێت ئێمە خۆشی بدۆزینەوە.  تەنانەت عیسای مەسیح پێمان ڕادەسپێرێت دڵشاد بین (فیلیپی ٤: ٤).  بەڵام ئەگەر ئێمە نەبەخشێن ئەوا سەرچاوەیەکی گرنگی خۆشیمان لێ تاڵان دەکرێت کە خودا ڕێنماییمان دەکات بۆی بگەڕێین!

تاکە پیاوێک دەناسم تەمەنی لە بیستەکان بوو کە هاتە لای مەسیح، (نوسراوەپیرۆزەکان)ی خوێندبووەوە و ئەوەندە دڵخۆش بوو بۆیە بڕیاریدا خانووەکەی خۆی بفرۆشێت و پارەکەی ببەخشێت بەخودا. بەڵام کاتێک باسی پلانەکەی خۆی کرد بۆ گروپی خوێندنی کتێبی پیرۆزەکەی خۆی شتێکی پڕ تراژیدی ڕوویدا:  ئەوان هانیان دا ئەوە نەکات.

بۆماوەی ساڵانێکی زۆر لە خوێنەرانم بیستووە کەدەڵێن پێیان وایە ڕاوێژی گروپەکە ئەم پیاوەگەنجەی لە بڕیارێکی ناژیرانە ڕزگارکرد. من لەگەڵ ئەوە کۆک نیم، بە شێوەیەکی فراوان چونکە بارودۆخ و قوڵایی قەناعەت و خۆشی ئەوم دەزانی لە ئەگەری ئەنجامدانی کاری وەها.  ئەو توانایەکی باڵای هەبوو و بە مووچەیەکی زۆرەوە ئیشی دەکرد.

ئەگەر ئەو خانوەکەی خۆی بفرۆشتایە و قازانجەکەی زایەبکردایە لە جیاتی ئەوەی لەناو لەسەدا ٩٩ هەمینی دەوڵەمەندەکانی جیهان بێت، ڕەنگ بوو دەوڵەمەندەکانی جیهانی کەمکردایەتەوە بۆ لەسەدا ٩٨هەمین. بەڵام ئەو گەنجینەی لە ئاسمان و خۆشی زانینی ئەوەی دەبوو کە شوێن هاندانی خودا کەوتووە بۆ یارمەتی دانی کەسانی تر. ئەوە لەوەدەچوو ژیانی ئەوی بخستایەتە سەر هێڵی متمانە بەخودا لەبری پابەندبوون بە شێوازی ئاسایی ئەنجامدانی شتەکان. هەتا ئەمڕۆ من دەپرسم دەبوو خودا چ شتێکی گەورەی ئەنجامبدایە لەڕێگای ئەم پیاوە گەنجەوە ئەگەر هان نەدرایە ئەوە نەکات کە باوەڕی وابوو خودا لەوی دەویست بیکات.

کاتێک باس لە پارە و موڵک دەکرێت هەندێ جار لەوەدەچێت کەلتوری جیهان و کڵێسا جیاناکرێتەوە. ئەگەر تۆ قەت حەزت کردبێت هانی باوەڕدارێکی گەنج ( لەناویدا منداڵی خۆت) ت دابێت نەبەخشێت ، تکایە خۆت ڕاگرە. (ڕۆحی خودا) سارد مەکەوە و خۆشی ئێستا و خەڵاتی داهاتووی کەسێک تاڵان مەکە. لەبری ئەوە، تەماشاکە و فێربە. پاشان لەخودا داوا بکە (ئەو) چی دەوێت تۆ زایەی کەیت و دەیەوێت چ شادییەک بهێنێتە ناو ژیانتەوە.

**هەورەگرمە و هەورەبروسکە و نیعمەت**

**مەسیحییەکانی مەکدۆنیا لە خۆشی بەخشین تێگەیشتن: "ئەوان لەتەنگانەیەکی زۆر گەورەدا بوون، بەڵام ژیانیان پڕ بوو لەخۆشی، لەگەڵ ئەوەی زۆر هەژار بوون، بەڵام دڵفراوان و بەخشندە بوون" (دووەم کۆرنسۆس ٨: ٢).**

**چۆن " تەنگانەی زۆر گەورە" "پڕ بوو لەخۆشی" " زۆر هەژار" "دڵفراوان و بەخشندە" لە ناو یەک ئایەت دەگونجێت؟ بەخشین ڕەفاهییەتی دەوڵەمەند نییە . ئەوە مافێکی تایبەتی خۆشی هەژارانە. من ئەو مەسیحییە هەژارانەم لە زۆربەی وڵاتان دۆزییەوە خۆشی گەورە لە بەخشیندا دەبینن.**

**بەگوێرەی پۆڵس خەڵکانی مەکدۆنیا " زۆر لێمان پاڕانەوە تاکو نیعمەتی بەشداربوون لە خزمەتی گەلی پیرۆزی خودا وەربگرن " (ئایەتی ٤). دەبوو ئەوان بپاڕێنەوە ڕەنگە لەبەرئەوەی کەسانی تر پێیان وتوون هەژارییەکەیان ئەوانی لە بەخشین بەخشیوە.**

بەخشین ڕەفاهییەتی دەوڵەمەند نییە . ئەوە مافێکی تایبەتی خۆشی هەژارانە.

چ پێچەوانەیەکە بۆ ئەو کەسانەی کە خاوەنی شتی زۆرن و بەڵام بیانووی بێ سنوور دەهێننەوە بۆ نەبەخشێن!

وەرگرتنی دیاری لە خەڵکێک زۆر لە تۆ دەست کورت تر بێت شتێکی بێ فیزییە. من ئەزموونی ئەمەم بینی لە سەفەرکردنی مژدەبردنەکاندا لەو شوێنانەی هەژاران بە شادییەوە باشترین خواردنی خۆیان پێشکەشی ئەمەریکییە میوانەکان دەکەن. ئەوان خۆیان دەرناخەن کە قوربانییەکەیان دڵیان خۆش دەکات. ئەوە بەڕاستی دڵیان خۆش دەکات.

کاتێک کەپرەشینەکە دروست دەکرا خەڵکەکە ئەوەندە دڵخۆش بوو دەبوو لە بەخشینی شتی زیاتر "ڕێگرییان" لێ بکرێت (دەرچوون ٣٦: ٥-٧). ئەوە ئەوەیە کە بەخشین وات لێ دەکات.

خودا بەخشین بەکاردەهێنێت تا ئێمە بکات بە هاوتای وێنەی (خۆی). بۆماوەیەکی تەواو چاو ببڕە مەسیح ئەوا زیاتر دەبیت بە بەخشەر. بۆ ماوەیەکی تەواو بەخشین بکە ئەوا زیاتر وەک مەسیحت لێ دێت.

پۆڵس لە (دووەم کۆرنسۆس ٨: ١) دەڵێت: " حەز دەکەین نیعمەتی خودا بزانن کە دراوەتە کڵێسای مەکدۆنیا." چۆن نیعمەتی خودا

نیشاندرا؟  بەهۆی کرداری بەخشینیان بەو مەسیحیانەی دەست کورت بوون.  لەئایەتی ٦ دا پۆڵس بەخشینی مەکدۆنییەکان بۆ یارمەتیدانی برسیەکانی ئۆرشەلیم ناودەبات بە " کرداری نیعمەت."  هەمان وشەی یۆنانی بەکاردەهێنرێت بۆ بەخشین لەلایەن مەسیحییەکان و بۆ نیعمەتی خودا.

نیعمەتی مەسیح بەخشینی ئێمە پێناسە دەکات و هانی دەدات و بەراوردی دەکات لەگەڵ بەخشینی تر " نیعمەتی عیسای مەسیحی خاوەن شکۆمان دەزانن، هەرچەندە دەوڵەمەند بوو، لە پێناوی ئێوەدا بووە هەژار، بۆ ئەوەی ئێوە بە هەژاری ئەو دەوڵەمەند بن" (ئایەتی ٩).

ووردبەرەوە لە مەسیح کاتێک خودی خۆی بەخشی بۆ خاتری ئێمە. ئەو (پاشا)یەی بێ سنوور دەوڵەمەندە بڕیاریدا ببێت بە هەژار نەک تەنیا بۆئەوەی لە (دۆزەخ) ڕزگارمان بکات بەڵکو هەروەها بۆئەوەی دەوڵەمەندمان بکات بەهۆی کڕینی ئاشتی ئێمە لەگەڵ خودا لەڕێگای مردنی خۆیەوە.  نیعمەتی خودا ئەو ڕاستودروستییەمان لەناو مەسیحدا پێدەبەخشێت  کە حەزی لێیە و ئێمەش بەپەرۆشەوە پێویستمانە

**کاتێک گوناهەکەمان لەبەرامبەردا دەبات ئەوەی (ئەو) قینی لێیەتی و ئێمەش پێویستمانە لێی ڕزگاربین.**

**بەخشینی ئێمە وەڵامێکی ڕەنگدانەوەیە بۆ نیعمەتی خودا لەژیانماندا. ئەوە لە ئەنجامی خۆنەویستی یا دڵفراوانی ئێمە دروست نابێت تا پیرۆزبایی خۆمانی پێ بکەین. ئەوە زیاتر لەو کاری گۆڕانکارەوە دێت کە مەسیح لەناو ئێمەدا دەیاکات. ئێمە بەخشین دەکەین چونکە یەکەم جار (ئەو) بەخشینی بۆ ئێمە کرد. لەکاتێکدا بەخشینی ئێمە لاوازە بەبەراورد لەگەڵ بەخشینی (ئەو) بۆ ئێمە بەڵام ئەوە دڵی خودا خۆش دەکات کاتێک شوێن نمونەکەی (ئەو) دەکەوین.**

**گەورەترین پارچە نوسراو لەسەر بەخشین لەناو هەموو (نوسراوی پیرۆز)دا بە " پیرۆزبابییت لێ دەکرێت بەهۆی دڵفراوانیتەوە" ناگاتە کۆتایی، بەڵکو بە " سوپاس بۆ خودا لەپێناوی ئەم بەخشینەی کە بەدەم باس ناکرێت!" (دووەم کۆرنسۆس ٩: ١٥).**

**کاتێک نیعمەتی خودا بەرمان دەکەوێت ئێمە بەخۆشییەوە بەخشین دەکەین.**

وەک چۆن هەورەگرمە بەدوای هەورە بروسکەدا دێت  ئاوەها بەخشین بەخۆشییەوە بەدوای نیعمەتدا دێت.  کاتێک هەورە بروسکەی نیعمەتی خودا لێمان دەدات دەبێت هەورەگرمەی بەخشینمان بەدوادا بێت. کاتێک ئێمە بەخشەر نەبین ئەوە واتای ئەوەیە نیعمەتی خودا تیاماندا بڵاونەبۆتەوە و ئەو خۆشییەی خودا نەهاتۆتە ناخمان کە جیاناکرێتەوە لە نیعمەتەکە.

قازانجی زیادەی بەخشێن

(مارک)ی پارێزەر هەموو ساڵێک نیوەی داهاتەکەی خۆی زایەدەکات. مارک دەڵێت " شوێن کەوتنی پارە منی لە خودا دوورخستەوە."  " بەڵام دوای ئەوەی پارەکەم بەخشیوە بەو هەموو شتێک گۆڕاوە.  بەخشێن لەهەموو شتێکی تر زیاتر منی لە خودا نزیک کردۆتەوە  ."

لە فیلمی گالیسکەکانی ئاگر وەرزشەوانی ئۆلۆمپی ئێریک لیدڵ وەسف دەکرێت  کاتێک دەڵێت " باوەڕم وایە خودا منی بۆ مەبەستێک دروست کردووە. . . هەروەها کاتێک ڕادەکەم، هەست بە خۆشی (ئەو) دەکەم." ئەوانەی (بنەمای گەنجینە)یان دۆزیوەتەوە شایەتی دەدەن " کاتێک من دەبەخشم هەست بە خۆشی (ئەو) دەکەم."

ڕۆژ هەبووە کاتێک سەرنجم لەدەست داوە، پاشان پێویستی سەرهەڵدەدات و خودا ڕابەرایەتیم دەکات بۆ بەخشین. لەپڕ پڕدەبم لە وزە و مەبەست و خۆشی. من هەست بە خۆشی خودا دەکەم. بەخشین چاککردنەوەیە نەک تەنیا بۆ وەرگرەکە بەڵکو هەروەها بۆ بەخشەرەکەش.

خودا فەرمووی " دەیەکەکانی نەوەی ئیسرائیل کە بۆ یەزدانی پێش کەش دەکەن وەک بەخشینی بەرزکراوە، من داومە بە لێڤییەکان، میراتی ئەوانە" (سەرژمێری ١٨: ٢٤). ئەوە لەوە دەچوو لەو خەڵکانە چووبێت بەخشینیان بۆ ڕابەرە ڕۆحییەکانیان کردبێت، بەڵام لەڕاستیدا ئەوان بە خودایان بەخشیوە و (ئەو)یش پارەکانی بۆ لێڤییەکان تەرخانکردووە. دەبێت مەسیحییەکان قەشەکانیان خۆش بوێت و لەڕووی داراییەوە یارمەتییان بدەن (گەلاتیا ٦: ٦) بەڵام لەپێش هەموو شتێکەوە ئێمە بەخودای دەبەخشین (دووەم کۆرنسۆس ٨: ٥) وەک کردارێکی خوداپەرستی.

بەخشین پەیوەندی ئێمە لەگەڵ خودا زیندوو دەکاتەوە. ئەوە مستمان دەکاتەوە بۆئەوەی ئەوە وەربگرین کە خودا بۆ ئێمەی داناوە. کاتێک

ئێمە ئەوە دەبینین چی بۆ ئێمە و کەسانی تر دەکات  ئێمە زووتر و فراوانتر مستمان دەکەینەوە کاتێک هەلی دواتر دێت.

پەندەکانی سلێمان (٢١: ١١٣) پێمان دەڵێت " ئەوەی دەنگی خۆی لە هاواری هەژاران کەڕ بکات، ئەویش هاوار دەکات و وەڵام نادرێتەوە." لە ( ئیشایا ٥٨: ٦-١٠) خودا دەفەرموویت ئامادەیی ئەو بۆ وەڵامدانەوەی نوێژەکانمان ڕاستەوخۆ کارتێکراو دەبێت بەوەی ئایا ئێمە بایەخ بە کەسانی دەست کورت و ستەملێکراو دەدەین.  دەتەوێت هێز بدەیت بە ژیانی نوێژکردنت؟  ببەخشە.

سەبارەت یۆشیا وتراوە " 'بەتەواوی پاڵپشتی لە مافی هەژار و نەدار کرد، جا سەرکەوتوو بوو.  ئایا ئەمە واتای ئەوە نییە من دەناسێت؟' ئەوە فەرمایشتی یەزدانە" (یەرمیا ٢٢: ١٦).  بایەخدان بە کەسانی دەست کورت لە ناسینی خوداوە هەڵدەقوڵێت و ئێمە (لەو) نزیکتر دەکاتەوە.

(هەروەها جیهان پڕە لە کەسانی دەست کورت لە ڕووی ڕۆح و ون بووان ئەوانەی بە نەبیستنی ئینجیلی عیسا هەژاربوون و/یا نەگەیشتوون بە (وشەی خودا) بەزمانی ڕەسەنی خۆیان.  لەبەر ئەم

هۆیە ئێمە یارمەتی کەسانی دەست کورت دەدەین هەمووکاتێک مزگێنی و چاندنی کڵێسا بە جیهان ببەخشین.)

بەخشین ئازادی دەهێنێت. ئەوە بابەتێکی فیزیکییە. هەتا بارستاییەکە گەورەتر بێت ئەو دەسەڵاتەی بارستاییەکە بەکاری دەهێنێت گەورەتر دەبێت. هەتا ئەو شتانەی ئێمە خاوەنی بین زیاتر بن واتا کۆی بارستاییان گەرەتر بێت، زیاتر ئێمە ڕادەکێشنە ناو خولگەی دەوری خۆیان. لەکۆتاییدا وەک کونێکی ڕەش ئێمەی لەناودا پێوە دەنوسێنن.

بەخشین ئێمە لە خولگەی دەوری موڵکەکانمان دەردەهێنێت. ئێمە لە ڕاکێشانی ئەوان دەربازدەبین و دەچینە ناو خولگەیەکی نوێ بەدەوری ئاسماندا، نشینگەی (پاشاکەمان عیسا)، ئەو شوێنەی وەبەرهێنانی گەنجینەکانمان تیا کردووە.

## مەسیحییەکان دەتوانن چی فێربن

## لە بێ باوەڕە بەخشندەکان

هەموو خەڵکی لە شێوەی خودا دروستکراون.  بە نیعمەتی ئاسایی (خۆی) شوێنکەوتوانی مەسیح تەنیا کەس نین کە خۆشی زۆر لە بەخشیندا بدۆزنەوە.

بۆ قسەکردن دەربارەی پێویستییەکانی جیهان ستێفن کینگی ڕۆمان نووس نووسی " ئێمە هێزی یارمەتیدانمان هەیە، هێزی گۆڕانمان هەیە.  ئەی بۆچی دەبێت ڕەتکردنەوەمان هەبێت؟  چونکە ئێمە ئەوە لەگەڵ خۆمان دەبەین؟  تکایە."

ئەو بەردەوام بوو کاتێک باسی جۆرێک لە نمونەیەکی عەلمانی (بنەمای گەنجینە) دەکرد:  " من دەمەوێت ئێوە ڕەچاوی ئەوەبکەن کاتێک ژیانتان دەکەن بە دیارییەکی دوورودرێژ بۆ کەسانی تر، بۆنا؟ هەموو ئەوەی هەتانە لە قەرزدایە، بەهەرحاڵ. . . . هەموو ئەوەی کە بەردەوام دەبێت ئەوەیە کە ئێوە دەستاو دەستی پێدەکەن."

تی بوون پیکنزی وەبەرهێن باسی ئەوەی کرد بەخشین هەستکردنێکی چەند خۆشی هەیە.  ئەو وتی " من لێرە دانراوم تا پارە پەیدابکەم بۆئەوەی بتوانم زایەی بکەم."

گوێم لە وارێن بەفێتی کەمێک گێژ خواردوو بوو کە ئەو کاتە دووەم یا سێیەم دەوڵەمەند بوو لەجیاهندا وتی جارێک پرسیویەتی بۆچی بلیۆنەها دۆلاری پەیداکردووە. پاشان وتی ئەو هۆکارەکەی دۆزیوەتەوە: بۆئەوەی یارمەتی خەڵکی زۆر بدات. بەفێت (بەڵێنی بەخشین)ی داهێنا کە لەکاتی ئەم نوسینەدا لەلایەن ١٥٦ بلیۆنێرەوە واژووکراوە ئەوانەی چونەتە پاڵ ئەو بۆ ئەوەی پابەندبن بە زایەکردنی زۆربەی سامانەکانیان.

بیڵ گەیتس وتی " پلانە خێرخوازییەکانم خێرا کرد. من و مێلیدا بەوە قایل بووین کە جۆرێک لە دیاری دیاریکراو هەن واتا وەبەرهێنان بۆ ئاینده باشترە زووتر ئەنجام بدرێت نەک دواتر." هەروەها ئەو وتی " سامان . . . باشترین شتە دەستاوەدەست نەکات بۆ منداڵانی کەسێک. ئەوە بنیادنەر نابێت بۆیان."

ئەنجێلینا جۆلی ئەکتەر وتی " ئەگەر بڕیاربدەم سەردانی قوتابخانەیەکی ناوەڕاستی کینیا یا ڕووسیا بکەم منداڵەکان دڵخۆش دەبن. ئەوە باشترە لە بوون بە خاوەنی خەڵاتی ئۆسکار . . . .کاتێک من لە ناو کامپێکی ئاوارەکاندام ڕۆحم هەستی باشترە لەوێ زیاتر لە

هەموو شوێنێکی تر لەجیهاندا. . . . . ئەوان نازانن من کێم. من وەک ئافرەتێک بەسوودم کە ئامادەیە ڕۆژێک لەناو پیسیدا بەسەربەرێت." کاتێک باسی کاری مرۆیی خۆی کرد ئەو وتی " لە دوای منداڵەکانم بەسەربردنی کات لەگەڵ ئاوارەکان و کەسانی تری دەست کورت لەسەرانسەری جیهان گەورەترین دیاری بووە بۆ من."

بەرامبەر هەموو کەسێکی دەوڵەمەندی زەبەلاح ئەوەی خۆشی لە بەخشین دۆزیوەتەوە هەزاران کەسی زیاتر بە داهاتی کەم و مامناوەندەوە هەمان خۆشییان دۆزیوەتەوە. ناوەکانیان لەدەرەوەی کۆمەڵگاکانیان نەناسراوە، بەڵام کاریانکردۆتە ژیانی لەژمارە نەهاتووی خەڵک لەسەرانسەری جیهاندا.

خەڵکانێکی زۆری دەوڵەمەند و هەژار ئەوانەی بەتایبەت مەسیح ناناسن و هەرگیز بە نیعمەتی خودا نەگۆڕاون خۆشی قوڵیان لە بەخشیندا دۆزیوەتەوە. ئەی نابێت ئێمە کە شوێنکەوتووی مەسیحین شتێکی زیاتر فێرببین؟ بەداخەوە بەڵام هێشتا مەسیحیی زۆر دەبینم کە هەتا ئێستا بە خۆشی بەخشین کۆت نەبووە. (هەواڵە خۆشەکە ئەوەیە، ئەوە زۆر درەنگ نییە!)

## بەخشین وەک مافێکی تایبەتی سەرسوڕهێن

سەرەڕای حوکمی ٨.٢ ملیۆن دۆلار ی دادگا کە ی بیست و شەش ساڵ پێش ئێستا ئێمە قەت خانوەکەمان لەدەست نەدا. لەکاتێکدا خزمەتەکە کەمترین موچەی دەدا بەمن هەموو مافە داراییەکانی کتێبەکانمی وەردەگرت. بەو خۆشییەی لەناو دڵماندا یە من و نانسی بەردەوامین لە بەخشینی لەسەدا ١٠٠ ی مافە داراییەکانی کتێب بە مژدەبردنەکان و خزمەتەکان و فریاکەوتنی برسێتی و کاری پاڵپشتکردنی لەبارنەبردنی منداڵان. کاتێک یەکەمجار دەستمان بە ئەنجامدانی ئەم کارە کرد لە ساڵی ١٩٨٩ مافە داراییەکانی کتێب بەشێوەیەکی ڕیشەیی دەستیان بە زیادبوون کرد.

دوای دەستپێکردنی (خزمەتەکانی بۆچونی هەتاهەتایی) واتا (ئی پی ئێم)، بە نیعمەتی خودا، ئەو دە ملیۆن کتێبەی فرۆشرا زیاتر لە هەشت ملیۆن دۆلاری مافە داراییەکانی پەیداکرد. من هەوڵ دەدەم ئەو کتێبانە بنوسم کە بنەمای باشی کتێبی پیرۆزیان هەبێت، بەڵام هەندێ جار پێم وایە خودا ئەو کتێبانە دەفرۆشێت بەشێوەیەکی سەرەکی بۆ کۆکردنەوەی کۆمەک بۆ خزمەتەکان و ئەو خەڵکانەی لەدڵییەوە نزیکن!

هەندێ کەس پرسیویانە ئەگەر ئێمە هەست بکەین دەمانتوانی چی بکەین بەو هەشت ملیۆ دۆلارە. وەڵامەکەم هەمیشە هەمان شتە: هیچ شتێک بە نزیکی بەقەدەر ئەو خۆشییەی بۆ نەدەهێنایین کە لە زایەکردنی ئەو پارەیە دۆزیومانەتەوە.

هەرگیز ناتوانیت پارەی تەواو بدەیت بە بەخشەران تا قایلیان نەبەخشن. بکەیت

تەنیا هیچ شتێک نییە وەک بەخشین وابێت. ئەوە خۆشییەکی زۆرە. لە لای من تەنیا هەستکردن کە بەراوردی لەگەڵ دەکرێت خۆشی ڕابەریکردنی کەسێکە بۆ مەسیح. شتە گەورەکە ئەوەیە بەخشینی ئێمە بۆ مژدەبردنەکان یارمەتی خەڵک دەدات بێن بۆلای مەسیح لەهەموو جیهاندا. ڕۆژێک ئێمە ئەو خەڵکە لە ئاسمان دەبینین! کاتێک ئەوە ڕوودەدات ئایا کەس لە ئێمە خۆزگە دەخوازێت ئەو پارەیەمان هەڵبگرتایە لەبری ئەوەی بمانبەخشیایە؟ بەخشین شتمان بۆ دەهێنێت زۆر زیاتر لەوەی دەیبات. ئەوە ژیانمان پڕدەکات لە شادی و سوپاسگوزاری. ئەوە شێوازێکی ژیانی هەتاهەتایی دەخاتە ناو ئەو ڕۆژەی کە زۆر ئاساییە. ئەوە یەک هۆکارە کە هەرگیز ناتوانیت پارەی تەواو بدەیت بە بەخشەران تا قایلیان بکەیت نەبەخشن. بەڵام

**بوەستە، ئەم خۆشییە چەند گەورەیە، خۆشی ئێستامان باشترین بەشی (بنەمای گەنجینە) نییە.**

# ٤

## چاو لەسەر هەتاهەتایی

کوڕی مرۆڤ بە شکۆی باوکییەوە لەگەڵ فریشتەکانی خۆی دەگەڕێتەوە، ئەوسا پاداشتی هەرکەسێک بەپێی کرداری دەداتەوە.

مەتا ١٦: ٢٧

شەقامەکانی قاهیرە گەرم و تەپ و تۆزاوی بوو. پات و ڕاکێڵ ثورمانی هاوڕێی مژدەبردنەکەمان ئێمەیان بردە کۆڵانێک. بەلای تابلۆ عەرەبییەکان لێمان خوڕی بۆ گۆڕستانێکی زۆر چڕی مژدەبەرە ئەمەریکییەکان.

کاتێک من و نانسی و کچەکانمان کارینا و ئانجێلا بەدوایاندا ڕۆیشتین پات دەستی بۆ کێلی گۆڕێک درێژکرد کە نوسرابوو: "ولیەم بۆردێن ١٨٨٧ – ١٩١٣".

بۆردێن کە دەرچووی زانکۆی یەیڵ بوو و میراتگری سامانێکی گەورە بوو، ژیانی ئاسانی ڕەتکردەوە تا ئینجیل بهێنێت بۆ موسوڵمانەکان. لەکاتێکدا بۆردێن تەنانەت ئەوەی ڕەتکردەوە ئۆتۆمبیلێکیش بۆخۆی بکڕێت سەدان هەزار دۆلاری زایە کرد بۆ مژدەبردنەکان. پاش خزمەتێکی جۆش وخرۆشی تەنیا چوارمانگ ئەو توشی نەخۆشی هەوکردنی سەحایای برِبڕەی پشت بوو لەتەمەنی بیست و پێنج ساڵیدا مرد.

من تۆزی نوسراوی سەر کێلی گۆڕەکەی بۆردێنم لابرد. دوای وەسفکردنی خۆشەویستی خۆی بۆ خودا و قوربانییەکانی بۆ گەلی موسوڵمان نوسراوەکە بە دەستەواژەیەک کۆتایی هات کە هەرگیز بیرم ناچێت: " جگە لە باوەڕ بوون بە مەسیح، هیچ ڕوونکردنەوەیەک نییە بۆ ژیانێکی وەها."

ثورمانەکان ئێمەیان لە گۆڕی بۆردێنەوە برد بۆ مۆزەخانەکەی میسر. پێشانگاکەی پاشا توت مێشک تێکدەر بوو.

توتانخامون لەتەمەنی حەڤدە ساڵیدا مرد.  ئەو لەگەڵ گالیسکەی ئاڵتونی ڕەق و هەزاران شتی دروستکراوی ئاڵتون نێژرا بوو.  کفنە ئاڵتونییەکەی لەناو گۆڕی ئاڵتونی ناو گۆڕی ئاڵتونی دۆزرایەوە.

میسرییە کۆنەکان باوەڕیان بە ژیانی دوای مردن هەبوو، ئەو ژیانەی کە دەیانتوانی گەنجینە زەمینییەکانی خۆیانی بۆ بەرن.  بەڵام هەموو ئەو گەنجینەیەی دانرابوو بۆ خۆشی وەرگرتنی هەتاهەتایی پاشا توت لەو شوێنە مایەوە کە لێی بوون بۆ زیاتر لە سێ هەزار ساڵ، هەتا ئەو کاتەی هاوارد کارتەر لەساڵی ١٩٢٢ ژووری ناشتنەکەی دۆزییەوە.

هەستوسۆزێکی زۆر کاریتێکردم بەهۆی بوونی ئەو پێچەوانەیە لەنێوان ئەم دوو گۆڕەدا.  گۆڕەکەی بۆردێن نادیار و تۆزاوی و شاردرابووەوە لە شەقامێکی پشتەوە کە پڕ بوو لە خۆڵ وخاشاک .  گۆڕەکەی توتانخامون بە سامانی سەرسوڕمێن دەبریسکایەوە.  بەڵام هێشتا ئەم دوو پیاوە ئێستا لە کوێن؟  یەکێک کە بەدەوڵەمەندی ژیاو خۆی بە پاشا ناونا لەناو کلۆڵی هەتاهەتاییەکی بێ مەسیحە.  ئەوی تر کە ژیانێکی مام ناوەندی بەسەربرد بۆ خزمەتی یەک (پاشا)ی ڕاستەقینە، خۆشی پاداشتی هەمیشەیی دەبینێت بە ئامادەبوونی یەزدانی خۆی.

ژیانی توت تراژیدی بوو بەهۆی ئەو ڕاستییە بەسامەی کە زۆر درەنگ دۆزرایەوە، ئەو نەیتوانی گەنجینەکەی لەگەڵ خۆی ببات.  ژیانی ویلیەم بۆردێن سەرکەوتوو بوو.  بۆچی؟  لەبری جێ هێشتن ئەو گەنجینەکەی پێش خۆی نارد.

**پاداشتە هەتاهەتاییەکان**

ئەگەر تۆ ئاسمان بهێنیتە بەرچاو وەک شوێنێک کە قیسارە بە بێزارییەکی بێ کۆتایی لێ بدەیت ڕەنگە لێی بترسیت.  بەڵام ئەگەر متمانە بە (نوسراوی پیرۆز) بکەیت تۆ پڕدەبیت لە چاوەڕوانی بۆ ماڵە ئاسمانییەکەت.  ئاسمان دەبێت بە شوێنێک بۆ پشوو و فریاکەوتن لە گوناە و ئەشکەنجە، هەروەها دەبێت بە شوێنێک بۆ فێربوون و چالاکی و دەربڕینی هونەری و گەڕان و برادەری و خزمەتی گەورە.

عیسا تێبینی بچوکترین کرداری نیانی ئێمە دەکات:  "ئەوەی تەنها جامە ئاوێکی سارد بداتە یەکێک لەم بچووکانە، لەبەر ئەوەی قوتابی منن، ڕاستیتان پێ دەڵێم: پاداشتی ون نابێت"  (مەتا ١٠: ٤٢).

خودا تۆماری هەموو شتێک دەپارێزێت کە ئێمە بۆ (ئەو)ی ئەنجام دەدەین:  "لەبەردەمیدا لە پێچراوەیەک تۆمارکرا، بۆئەوەی ببێتە

یادەوەرییەک بۆ ئەوانەی لە یەزدان دەترسن و ڕێز لەناوەکەی دەگرن" (مەلاخی ٣: ١٦).

بیهێنە بەرچاو سەرقەڵەمێک لە ئاسمان هەموو یەکێک لە دیارییەکانی تۆ تۆماربکات. ئەو پاسکیلەی بە منداڵی هاوسێکەت بەخشی، ئەو کتێبانەی بە بەندکراوەکانت بەخشی، ئەو بەخشینە مانگانەیەی پێشکەشی کڵێساکە و مژدەبەران و ناوەندی دووگیانیت کرد، هەموو ئەمانە بەڕیزبەندی تۆماردەکرێن. پێچراوەکان دروست دەکرێن بۆ ئەوەی بخوێندرێنەوە. بە خۆشیەوە چاوەڕێ دەکەم گوێ بیستی چیرۆکی بەخشینەکانی تۆ بم و چاوم بەوکەسانە بکەوێت کە بەخشینەکەی تۆ کاریتێکردوون.

عیسا فەرمووی " ئەگەر لەسامانی ئەم دنیایە دەست پاک نەبن، کێ سامانی ڕاستەقینەی بە ئێوە دەسپێرێت؟" (لوقا ١٦: ١١). ئەگەر بە دڵسۆزانە مامەڵە بە پارەکەی مەسیح بکەن ئەوا دەوڵەمەندی ڕاستەقینە و هەتاهەتاییتان پێ دەبەخشێت.

پاش باسکردنی ئارەزووی خزمەتکارە وریاکە بۆ بەکارهێنانی سەرچاوە زەمینییەکان بۆ ئەوەی "خەڵکی لەماڵەکانیان پێشوازیم لێ

بکەن"  (لوقا ١٦: ٤)، عیسا بە شوێنکەوتوقوەکانی خۆی فەرموو "سامانی ئەم دنیایە" (پارە و موڵک) بەکاربێنن بۆ " دروست کردنی دۆست" (بەهۆی دروستکردنی جیاوازی لە ژیانیاندا لەسەر زەوی). هۆکارەکە؟  "تاکو ئەگەر نەما، [کاتێک ژیان لەسەر زەوی تەواو دەبێت] خودا لەماڵی هەتاهەتایی پێشوازیتان لێ بکات" (ئایەتی ٩).

"دۆست"ەکانمان لە ئاسمان ئەوانە دەبن کە لەسەر زەوی کارمان کردۆتە سەرژیانیان، ئەوانەی " ماڵی هەتاهەتایی" خۆیان دەبێت.  لەوە دەچێت (لوقا ١٦: ٩) بڵێ ماڵی هەتاهەتایی دۆستەکانمان ئەو شوێنانەن کە ئێمەی لێ دەمێنینەوە و هاوەڵێتی لێ دەکەین، ڕەنگە کاتێک لەناو پاشایەتی ئاسمانیدا ئەم سەرو ئەو سەر بکەین.  ئەو پارەیەی ئێمە دەیبەخشین بۆ یارمەتیدانی کەسانی تر لەسەر زەوی دەرگای هاوەڵێتی دەکاتەوە لەئاسمان.  ئێستا ئەوە شتێکە دەربارەی دڵ خۆش بیت!

جۆن بەنیان بەرەوپێش چوونی گەشتیاری شوێنی پیرۆز ی لە بەندیخانە نوسی.  ئەو وتی:

هەر شتێکی باش بۆ (ئەو) ئەنجام بدەیت، ئەگەر بەگوێرەی (وشەکە) بێت،

وەک گەنجینە لەناو سندوق و خەزێنە بۆت هەڵدەگیرێت ، بۆئەوەی لەبەردەم

مرۆڤ و فریشتەکان بهێنرێنە دەرەوە و پاداشت بکرێیت بۆ ئاسوودەبوونی هەتاهەتاییت.

ئایا ئەمە چەمکێکی کتێبی پیرۆزە؟ بەتەواوی. پۆڵس باسی بەخشینی دارایی فیلیپییەکان دەکات و ڕوونیدەکاتەوە " نەک لەبەر ئەوەی حەزم لەبەخشین بێت بەڵکو حەزم لەو بەرهەمەیە کە لەلای خودا بۆتان تۆماردەکرێت" (فیلیپی ٤: ١٧). خودا حیسابێکی کراوە لە ئاسمان بۆ ئێمە دەپارێزێت، هەروەها هەموو دیارییەک کە بۆ شکۆی (ئەو) دەبەخشرێت پارەیەکی دانراوە لەناو ئەو حیسابەدا. (ئایا تۆ بەشێوەیەکی ڕێک وپێک پارە دادەنێیت؟)

ئایا ئەوە نا ڕۆحی و خۆپەرستی نابێت

باسی پاداشتی هەتاهەتایی بکرێت؟

تۆ ناتوانیت تێبگەیت عیسا لە (مەتا ٦: ١٩-٢١) چی دەفەرمووێت هەتا وەکو بەخۆت بڵێیت بەهادانان بۆ گەنجینە هەڵەیە.  دەبێت باوەڕبکەیت ئەوە ڕاستە کە عیسا پێت دەفەرمووێت بیکەیت: لەئاسمان گەنجینە بۆخۆتان کۆبکەنەوە.

یەکێک لە باوترین ڕەخنەی ئەم کتێبە ئەوە بووە کە نابێت باوەڕداران هانبدرێن  بە دەستکەوتی تایبەت  بەڵکو تەنیا بەو ئارەزووەی  هەیانە بۆ لەدەستدانی خۆیان لەپێناو مەسیح.

زۆرجار خەڵک پێم دەڵێن ئەوان لایان وایە ویستنی پاداشت خوداوەندی نییە.   بەڵام (نوسراوی پیرۆز) لێوان لێوە بەو پارچەنوسراوانەی کە خودا بەڵێنی پاداشت دەدات بەرامبەر دڵسۆزی ئێمە بۆ (ئەو).  من بە شێوەیەکی نمونەیی وەڵام دەدەمەوە " ئەگەر ویستنیان هەڵە بووبێت مەسیح پاداشتی پێشکەش نەدەکرد وەک هاندان.  پاداشت بیرۆکەی خودایە، هی خۆمان نییە!"

خۆشەویستی بۆ خودا و خۆشەویستی بۆ خەڵک و میهرەبانی بۆ هەژاران ئەمانە هەمووی بەشێوەیەکی بنچینەیی گرنگن.  بەڵام ئەم

**هاندانانه بۆ بەخشین  بەهیچ شێوەیەک پێچەوانەی ئەو ڕاستییە نین کە خوداش ئێمە بانگ دەکات بە پاداشت هانبدرێین.**

**مەیلی سروشتی ئێمە ئەوەیە بەو کەسانە ببەخشین کە شتێکمان لە بەرامبەردا پێ دەبەخشن.  بەڵام عیسا بەئێمەی فەرمووو ببەخشین بە " هەژار و پەککەوتە و شەل و کوێر. . . . هەرچەندە ئەوان ناتوانن لەبەرامبەردا پێت ببەخشنەوە ، ئێوەش لەهەستانەوەی ڕاستودروستان پاداشت دەدرێینەوە" (لوقا ١٤: ١٣-١٤).   ئەگەر ئێمە ببەخشین بەوکەسانەی ناتوانن پێمان ببەخشن مەسیح گرەنتی دەدات (ئەو) بەتایبەتی پاداشتمان دەداتەوە.  (ئەو) باسی ئەو گەنجینەیە دەکات کە لە ئاسمان چاوەڕێمانە،  پاداشتەکان بۆ بایەخدان بە هەژاران، لەناویاندا هەوڵەکانمان بۆ گەیاندنی ئینجیلی عیسا بەو کەسانەی مزگێنی پێیان نەگەیشتووە.**

**بەخشین نوێڵێکی زەبەلاحە و لەسەر خاڵی ڕاگیربووینی ئەم جیهانە دانراوە کە ڕێگا بە ئێمە دەدات کێوی جیهانی دواتر بجوڵێنین. لەبەرئەوەی ئێمە دەبەخشین هەتاهەتایی بۆ کەسانی تر و بۆ ئێمە جیاواز دەبێت.**

**دڵێک لە شوێنێکی گونجاودا**

خودا بەڵێنی پاداشتی ئاسمانی بەخشندەمان دەداتێ لە (ئاسمانێکی نوێ) و (جیهانێکی نوێ)ی مەزندا کە دوورە لە نەفرەت و ئەشکەنجە (سەیری ئاشکراکردن ٢١: ١-٦ بکە). ئێمە هەمیشە لەگەڵ ئەو کەسە دەبین کە بۆی دروستکراوین لە شوێنێک کە بۆ ئێمە دروستکراوە. سەرەڕای ئەوە زۆربەی مەسیحییەکان لە بیرۆکەی جێهێشتنی ئەم جیهانە دەترسن.

زۆربەی مەسیحییەکان لە بیرۆکەی جێهێشتنی ئەم جیهانە دەترسن.

بۆچی؟ کەسانێکی زۆر گەنجینەی خۆیان لەسەر زەوی نەک لە ئاسمان کۆکردۆتەوە. هەموو ڕۆژێک ئێمە لە مردن نزیک دەکاتەوە. ئەگەر گەنجینەکەی تۆ لەسەر زەوی بێت هەموو ڕۆژێک تۆ لە لەدەستدانیان نزیک دەکاتەوە.

جۆن وێسلی بەناو موڵکێکی فراواندا گەشتیکرد کە خاوەنی کێڵگەکە شانازی پێوەدەکرد. چەند سەعاتێک بەسواری ئەسپەکانیان ڕۆیشتن بەڵام تەنیا بەشێکی کەمی موڵکی پیاوەکەیان بینی. لەکۆتایی

ڕۆژەکەدا  بۆ نانی ئێوارە دانیشتن.  خاوەنی کێڵگەکە بە پەرۆشەوە پرسی " ئەی مستەر وێسڵی چۆنە بەلاتەوە؟"

وێسڵی وەڵامی دایەوە، " وابزانم کاتێکی قورست دەبێت کاتێک هەموو ئەمانە جێ دەهێڵیت."

من قسەم لەگەڵ لاڤەرین کرد کە ئافرەتێک بوو نەخۆشی شێرپەنجەی کوشندەی هەبوو.  بە گریانەوە ئە وتی " ئەوە کاریگەرە بۆمن کە بزانم خودا منی هەڵبژاردووە بۆ بەخشین.  ئەوە زۆری پێ ناچێت هەتا ڕوو بەڕوو (ئەو) دەبینم.  تەنیا دەمەوێت گوێبیستی (ئەو) بم بڵێت " دەست خۆش، خزمەتکارە دڵسۆزە باشەکەم."

لەپڕ لاڤەرین پێکەنی " چ شتێکی تر گرنگە؟" ئەو وتی " بۆچی بیر لە هیچ شتێکی تر بکەمەوە؟"

دڵی لاڤەرین سەرنجی لەسەر گەنجینەی ئاسمانی بوو ، هەروەها هەتا زۆرتری زایەبکردایە ، زیاتر هەستی دەکرد ئامادەیە بمرێت.  هەموو ڕۆژێک ئەوی نزیکتر دەکردەوە لەو گەنجینەیەی کە لە ئاسمان کۆیکردبووەوە.

**عیسا فەرمووی " سامانت لەکوێ بێت، دڵیشت لەوێ دەبێت " (مەتا ٦: ٢١). ئەوە دووەم کلیلی بنەمای گەنجینەیە.**

## کلیلی ژمارە ٢ ی بنەمای گەنجینە

دڵم هەمیشە دەچێتە ئەو شوێنەی پارەی خودای لێ دادەنێم



**کاتێک عیسا پێمان دەفەرمووێت دڵمان شوێن گەنجینەکەمان دەکەوێت (ئەو) دەفەرموێت " تۆماری بانقی و دەرخستەی ڤیزای خۆتم نیشاندە منیش نیشانی تۆی دەدەم دڵت لەکوێیە." ئەوەی بە پارەکەمان دەیکەین بەئاسانی ئەوە نیشان نادات دڵمان لەکوێیە. بەگوێرەی عیسا، ئەوە ئەو شوێنە دیاریدەکات کە دڵمان بۆی دەچێت.**

**گریمان تۆ پشکی کۆمپانیای ئۆتۆمبێلی فۆرد دەکڕیت. چی ڕوودەدات؟ لەپڕ گەشەی ئارەزووت دەبێت لە کۆمپانیای فۆرد. تۆ لاپەڕە داراییەکان دەپشکنیت. تۆ سەیری وتارێکی گۆڤار دەکەیت دەربارەی کۆمپانیای فۆرد و هەموو وشەیەک دەخوێنیتەوە. ڕەنگە ئۆتۆمبێلێکی فۆرد بکڕیت وەک ئۆتۆمبێلێکی تری خۆت.**

چۆن بەدڵنیایەوە دەرزی جەمسەر نما شوێن باکور دکەوێت ئاوەهاش دڵت شوێن گەنجینەکەت دەکەوێت.

**گریمان بەخشین دەدەیت بۆ یارمەتیدانی منداڵانی ئەفەریقی ئەوانەی کێشەی نەخۆشی ئایدزیان هەیە. کاتێک وتارێک لەسەر بابەتەکە دەبینیت، تۆ پێوەی دەبەسترێیتەوە. ئەگەر تۆ پارە بنێریت بۆ چاندنی کڵێساکانی هیندستان و بوومەلەرەیەک لە هیندستان بدات، تۆ تەماشای هەواڵەکان دەکەیت و بە جۆشەوە نوێژدەکەیت. گەشەدەدەیت بە ئارەزوویەکی بەسۆز لە ناو پاشایەتی خودا. چۆن بەدڵنیایەوە دەرزی جەمسەر نما شوێن باکور دکەوێت ئاوەهاش دڵت شوێن گەنجینەکەت دەکەوێت. ئەوە ڕاستییەکی گەورەیە. ئەگەر بمەوێت دڵم لەشوێنێک بێت هەموو ئەوەی پێویستم دەبێت بیکەم ئەوەیە پارەکەم بخەمە ئەو شوێنە. گوێ بیستی خەڵک بووم دەڵێن " دڵێکی زیاترم دەوێت بۆ مژدەبردنەکان." منیش هەمیشە لەوەڵامدا**

دەڵێم " عیسا پێت دەفەرمووێت چۆن بەتەواوی ئەو دڵەت دەست دەکەوێت.  پارەکەت بخە ناو مژدەبردنەکانەوە، ئەوکاتە دڵت بەدوایدا دەڕوات."

ئایا خۆزگە دەخوازیت بایەخی زیاترت بدایە بەو شتانەی هەتاهەتایین؟  ئەوکاتە هەندێ لەپارەکەت، ڕەنگە زۆربەی پارەکەت، لە شتە کاتییەکانەوە بگوازەرەوە بۆ شتە هەتاهەتاییەکان.  تەماشاکە چی ڕوودەدات.  تۆ سەرسام دەبیت. . . . و دڵخۆش دەبیت.

خودا دڵی تۆی دەوێت.  (ئەو) خەڵکانی دەوڵەمەندی خێرخوازیی بێ هەستوسۆزی ناوێت بۆ پاشایەتییەکەی (خۆی).  (ئەو) بۆ ئەو قوتابیانە دەگەڕێت کە ئەوەندە پڕبوون بە بینینی هەتاهەتایی کە خەودەبینن بۆ وەبەرهێنانی پارە و کات و نوێژەکانیان لەوشوێنانەی کە گرنگترینە بەلایانەوە.

بەدڵنیاییەوە بەخشین تەنیا شتی باش نییە کە بتوانین بە پارە بیکەین. ئێمە پێویستمان بەوەیە خۆراک بدەین بە خێزانەکانمان و پۆشاکیان بدەینێ وماڵیان بۆدابین کەین و هاتوچۆیان پێ بکەین.  بەڵام کاتێک

شته بنەڕەتیەکان بایەخیان پێ دەدرێت، بۆچی باقیەکەی بەرەو گەنجینەی ئاسمان نەڕوات؟

زۆربەیان گەنجینەی میسیریان جێ هێشت " چونکە چاوی لەوە بوو کە خودا پاداشتی بداتەوە" (عیبرانییەکان ١١: ٢٦).

ئەو کەسەی گەنجینە لەسەر زەوی کۆدەکاتەوە ژیانی خۆی بەسەردەبات کاتێک لە گەنجینەکەی دووردەکەوێتەوە. لای ئەو کەسە مردن لەکیس چوونە.

ئەوکەسەی گەنجینە لەئاسمان کۆدەکاتەوە بەخۆشحاڵییەوە چاوەڕێی هەتاهەتایی دەکات، ڕۆژانە بەرەو گەنجینەکەی دەڕوات. لای ئەو مردن دەستکەوتە.

ئەوکەسەی ژیانی خۆی بەسەردەبات کاتێک لە گەنجینەکەی دووردەکەوێتەوە هۆکاری هەیە بۆ نائومێدی ئەو کەسەی ژیانی خۆی بەسەر دەبات کاتێک بەرەو گەنجینەکەی دەڕوات هۆکاری هەیە بۆ شادمانی.

ئایا تۆ نائومێدیت یا شادمانیت؟

# ٥

## ڕێگرەکانی

## بەخشین

**ئاگادار بن و خۆتان لەهەموو جۆرە**

**چاوچنۆکییەک بپارێزن، چونکە ژیانی مرۆڤ**

**بەزۆری سامانەکەی نییە.**

**لوقا ١٢: ١٥**

**ئێمە دەزانین مەسیح پێمان ڕادەسپێرێت ببەخشین. هەروەها دەزانین پاداشتی گەورەمان دەداتێ بەرامبەر بەخشینەکانمان. ڕەنگە تەنانەت باوەڕبکەین بەخشین خۆشی دەهێنێت.**

**کەواتە بۆچی بەخشێن زۆر قورسە؟**

**بەربەستی زۆر هەیە بۆ بەخشین: بێ باوەڕی و ناپارێزراوی و لووتبەرزی و بتپەرستی و ئارەزووی کۆنترۆڵکردن. تەوژمی تووڕەیی**

**کەلتورەکەمان کە زۆرجار کڵێساکانیشمانە، وای لێ دەکات ڕێ و شوێنی قورس نەگرینە بەر. ئەوە بە " ئاسایی" سەیردەکرێت ئەگەر زیاتر بپارێزین و کەمتر ببەخشین.**

**بەڵام من باوەڕم وایە کە گەورەترین ڕێگر بۆ بەخشین ئەمەیە: ئەو خەیاڵەی کە زەوی ئێستا ماڵی ئێمەیە. ئەمە ئێمە دەباتە کلیلی دواتری (بنەمای گەنجینە):**

## کلیلی ژمارە ٣ ی بنەمای گەنجینە

ئاسمان و زەوی نوێی داهاتوو، نەک ئەم زەویە شکست خواردووە، ماڵی منە



**کتێبی پیرۆز دەفەرمووێت ئێمە گەشتیاری شوێنە پیرۆزەکانین و ڕێبوارین و نامۆین لەسەر زەوی (عیبرانییەکان ١١: ١٣). ئێمە باڵوێزین و نوێنەرایەتی نیشتیمانە ڕاستەقینەکەمان دەکەین (دووەم**

**کۆرنسۆس ٥: ٢٠).  " ئێمە هاوڵاتی ئاسمانین" ئێمە هاوڵاتی " نیشتیمانێکی باشترین ، نیشتیمانێکی ئاسمانی"  (عیبرانییەکان ١١: ١٦).**

**ئەو شوێنەی ئێمە هەڵیدەبژێرین بۆ کۆکردنەوەی گەنجینەکانمان بەشێوەیەکی فراوان پشت دەبەستێت بەوەی پێمان وایەماڵمان لەکوێیە.**

**گریمان ماڵی تۆ لە ئەمەریکایە، بەڵام تۆ سەردانی فەرەنسا دەکەیت بۆ سێ مانگ، لە ئوتێلێک دەژیت.  بە تۆ دەوترێت ناتوانیت هیچ شتێک بگەڕێنیتەوە ماڵ  بە گەشتە فرۆکەوانییەکەت.  بەڵام دەتوانیت لە فەرەنسا پارە پەیدابکەیت و پارەی دانراوی بانق بنێریتەوە ماڵ.**

**ئایا تۆ ژووری ئوتێلەکەت پڕدەکەیت لە شتی هونەری و ڕاخراوی گرانبەها؟  بەدڵنیاییەوە نەخێر.  تۆ تەنیا ئەوەت خەرج دەکرد کە پێویستت پێی بووە لە نشینگە کاتییەکەتدا و گەنجینەکەشت لەپێش خۆت دەنارد بۆ ئەوەی چاوەڕێت بکات کاتێک دەگەڕێیتەوە ماڵ.**

**هەردوو کچەکەمان لەماوەی چەند هەفتەیەکی هەریەکەیان هاوسەرگیریان کرد.  هاوڕێیان و خێزان خشتەی کارە جەنجاڵییەکانیان**

خستە لاوە و لە سەرانسەری هەموو وڵاتەوە بە سەفەر هاتن. کاتێک ڕۆژی زەماوەندی (پاشا) دێت گەردوون ڕادەوەستێت. زاواکەی ناسیرە و بوکە خۆشەویستەکەی لە پێگەیەکی زۆر گرنگ دەبن ( ئاشکراکردن ١٩: ٧-٩).

لە هەموو ڕۆژێکی ژیانمان ئێمە بەرەو ئەو زەماوەندە کە زەماوەندی ئێمەیە ، سەفەردەکەین! ئەمڕۆ لەوەی دوێنێ نزیکترە. زاواکەمان کە دارتاشەکەیە لە ئاسمان شوێنێک بۆ ئێمە دروست دەکات. هەرچییەک بۆ ئەو بکەین و هەرچییەک لە پێش خۆمان بنێرین لەوێ چاوەڕێی ئێمە دەکەن.

عیسا بە ئیش وەستای بیناکردنە. هەروەها (ئەو) هەموو شتێک دەزانێت و گەورەترین هێزی هەیە کە سیفەتێکی بەسوودن بۆ پرۆژەی بیناکردن! ئایا پێت وانییە دوو هەزار ساڵە ئەوماڵەی (ئەو) خەریکی دروستکردنییەتی بۆ ئێمە دەبێت بەشتێکی سەرسوڕهێن؟

ئەگەر ئێمە ڕێگەبدەین ئەم هەقیقەتە بەتەواوی هەستی پێ بکرێت ، ئەوا هەمیشە ڕێگای بیرکردنەوە و ژیانمان دەگۆڕێت. ئیتر گەنجینە

کۆناکەینەوە لە ژووری ئوتێلی زەمینییەکانمان و لە پێش خۆمان گەنجینەی زیاتر دەنێرین بۆ ماڵە ڕاستیەکەمان.

## زۆربەی وازییەکان

لەگەڵم سواری ئۆتۆمبیلەکە بە. پاش چەند میلێکی کەم لەجادەکە لائەدەین و بەناو دەروازەیەکدا دەڕۆین و لەپشت هەندێ ئۆتۆمبێلی پیک ئاب لە نۆرەدا دەوەستین. ئەو ئۆتۆمبێلانەی لەپێشەوەن پڕن لە کۆمپیوتەر و ڕاخراوی ماڵ و ئامێری ناو ماڵ و وازی.

ئێمە زیاتر سەردەکەوین هەتا ئەو کاتەی دەگەینە پارکێکی وەستانی ئۆتۆمبیل. لەوێ شۆفێرەکان بارەکەیان دائەگرن. بە مەراقەوە تۆ تەماشای پیاوێک دەکەیت تەلەفزیۆنێک هەڵدەگرێت. بەرەو سوچی پارکەکە بەم لاو بەو لا دەڕوات، پاشان فڕێی دەداتە ئەو دیو قەراغەکە.

ئێستا دەبێت بۆت دەرکەوتبێت چێ لە ئارادایە. تۆ لە ئۆتۆمبیلەکە دائەبەزیت چاو دەبڕیتە سەر لێژاییەکە. لە بنی قەد پاڵەکە چاڵێکی گەورەی لێیە پڕە لە شتی. . . . . .

**له کۆتاییدا تۆ تێدەگەیت.  ئەمە حەوشەیەکی خاشاکە، دوا شوێنی پشوو بۆ ئەو شتانەی ئێمە کەڵەکەیان دەکەین.**

**زوو بێت یا درەنگ هەموو ئەو شتانەی ئێمە خاوەنین لێرەدا کۆتاییان دێت.  دیاری لەدایک بوون و کریسمس.  ئۆتۆمبیل و بەلەم و بانیۆی ئاوی گەرم.  جل وبەرگ و سستمی دەنگی و شاشەی کمپیوتەر و مەقەڵی گۆشت برژاندن.  ئەو گەنجینانەی منداڵان شەڕیان لەسەر دەکرد و هاوڕێیەتی بەهۆیانەوە لەکیس دەچوون و هاوسەرگیری بەهۆیانەوە هەڵدەوەشانەوە، هەموو لە کۆتاییدا دەگەنە ئێرە.  ( من بە باشی دەزانم گەشتێکی مەیدانی خێزانی بۆ حەوشەیەکی خاشاک بکرێت.  ئەوە وانەیەکی بەهێزە بۆ ئەو شتانەی کە هەمانە.)  ئایا قەت ئەو لەزگەی ئۆتۆمبیلەت بینیوە کە نوسراوە " ئەو کەسەی زۆرترین وازی هەیە و دەمرێت براوەدەبێت "؟  ملیۆنەها خەڵک بەو شێوەیە ڕەفتار دەکەن گوایە ئەو قسەیە ڕاستە.  ئەو قسەیەی زیاتر تەواوە دەڵێت " ئەو کەسەی زۆرترین وازی هەیە هێشتا هەر دەمرێت، هەروەها وازییەکانی لەدوای خۆی جێ دەهێڵێت."**

**کاتێک ئێمە دەمرین دوای ئەوەی ژیانمان تەرخانکردووە بۆ بەدەستهێنانی شت، ئێمە نابین بە براوە ، ئێمە دەبین بە دۆڕاو.  ئێمە دەچینە هەتاهەتاییەوە ، بەڵام شتەکانمان لە دوای خۆمان دەمێنێننەوە ، حەوشەی خاشاکەکان پڕدەکەن.**

**ئەمە وەک خاڵ و هێڵ بیری لێدەکەمەوە.  ژیانمان دوو قۆناغی هەیە: یەکێک خاڵ، ئەوی تر هێڵ.**

**ژیانی ئێستامان لەسەر زەوی خاڵەکەیە.  ئەوە دەستپێدەکات.  ئەوە کۆتایی دێت.  ئەوە کورتە.  بەڵام لەو خاڵەوە هێڵێک درێژدەبێتەوە کە بۆ هەتاهەتایە بەردەوام دەبێت.   ئەو هێڵە هەتاهەتاییە، کە مەسیحییەکان لە ئاسمان بەسەریدەبەن.**



**لەئێستادا ئێمە لە ناو خاڵەکە دەژین.  بەڵام ئایا بۆچی ئێمە ئەژین؟ ئەو کەسەی کورت بینە  بۆ خاڵەکە دەژی.  ئەو کەسەی دووربینە بۆ هێڵەکە دەژی.**

**ئەم زەوییە (هەروەها کاتەکەمان لێرە) خاڵەکەیە.  زاوا خۆشەویستەکەمان و زەماوەندەکەی ئاینده و (یەکگرتنەوە مەزنەکە) و ماڵە هەتاهەتاییەکەمان لە (ئاسمانی نوێ) و (زەوی نوێ) دا هەموو لەسەر هێڵەکەن.  ئەوە کلیلی دواترمانە:**

**ئەو کەسەی بۆ خاڵەکە دەژی بۆ گەنجینەی سەر زەوی دەژی، ئەوەی دەڕزێت و ژەنگ دەکات.  ئەو کەسەی بۆ هێڵەکە دەژی بۆ گەنجینەی ئاسمان دەژی کە بۆ هەتا هەتایە بەردەوام دەبێت.**

## کلیلی ژمارە ٤ ی بنەمای گەنجینە

دەبێت بۆ هێڵەکە نەک بۆ خاڵەکە بژیم



**بەخشین بەسەربردنی ژیانە بۆ هێڵەکە.**

ئێمە هەموومان لە پارەکەمان دوور دەکەوینەوە. تەنیا پرسیار دەیکەین کەی. ئێمە هیچ بژاردەیەکمان نییە جگە لەوەی دواتر لێی دووردەکەوینەوە. بەڵام ئێمە بەدڵنیاییەوە بژاردەیەکمان هەیە ئاخۆ ئێستا لێی دوور دەکەوینەوە . ئێمە دەتوانین لەم ساتەدا گەنجینەی زەمینی کۆبکەینەوە، هەروەها ڕەنگە هەندێ خۆشی کاتییان لێ وەرگرین. بەڵام ئەگەر ئێمە زایەیان بکەین، ئەوا ئێمە خۆشی لەو گەنجینە هەتاهەتاییە وەردەگرین کە هەرگیز لێمان نابرێت.

ئەمە ئەوەیە کە جیم ئێلیەتی مژدەبەر باسی لێ دەکرد کاتێک ئەو نوسی " ئەو کەسە گێل نییە شتێک ببەخشێت کە نەتوانێت بیپارێزێت بۆ ئەوەی شتێکی دەست کەوێت کەنەتوانێت لەکیسی چێت."

ئەگەر تۆ ئەو وشانە ببیستیت و بیربکەیتەوە ئەو یەکێک بووە لەو جۆرە ڕۆحانیە باڵایانەی کە بیریان لە دەستکەوت نەکردۆتەوە، ئەوا تۆ لە بەشە گرنگەکەی تێ نەگەیشتوویت. وتەکەی ئەو دووبارە بخوێنەوە. دەستکەوت ئەو شتەبوو کە جیم ئێلیەت بەتەواوی بیری لێ دەکردەوە! ئەو تەنیا ئەو دەستکەوتەی دەویست کە نەتوانێت لەدەستی بدات. ئەو گەنجینەکەی خۆی لە ئاسمان دەویست.

بۆ هێڵەکە نەک بۆ خاڵەکە بژی.

خولیابوون بە موڵک

چەندساڵێک بەر لە ئێستا پرۆگرامێکی تایبەتی تەلەفزیۆنی (پی بی ئێس) بەناوی ئەفلوەنزا چارسەری کێشەی " کارەساتی مۆدێرنی ماتیریالیزم" ی دەکرد.   پرۆگرامەکە ئاشکرایکرد:

- خەڵکی ئاسایی ئەمەریکی لەهەفتەیەکدا شەش سەعات بازار دەکەن لەکاتێکدا چل خولەک بەسەر دەبەن بۆ یاریکردن لەگەڵ منداڵەکانیان.
- لە ساڵێکی دیاریکراودا ژمارەی ئەو ئەمەریکیانەی مایە پوچی ڕادەگەیەنن زیاترە لە ژمارەی خوێندکارانی دەرچووی کۆلیجەکان.
- لە سەدا ٩٠ ی حاڵەتەکانی تەڵاقداندا مشتومڕکردن دەربارەی پارە ڕۆڵێکی گەورە دەبینێت.

ئەوەی کاری تێکردم دەربارەی ئەم پرۆگرامە ئەوە بوو دژی ماتیریالیزم لەسەر بنەمایەکی ڕەوشت بەرزی مشتومڕی نەکرد بەڵکو لەسەر بنەمایەکی کرداری بوو: سامانی مادی ئێمە دڵخۆش ناکات.

گوێ بگرە لە هەندێ لە دەووڵەمەندترین خەڵک لە کاتی خۆیاندا:

- " بایەخدان بە ٢٠٠ ملیۆن دۆلار بەسە بۆ کوشتنی هەموو کەسێک. بەڵام هیچ خۆشییەک لەوەدا نییە." دەبلیو ئێچ ڤاندەربیڵت
- " ملیۆنەها پارەم پەیداکرد بەڵام خۆشییان بۆ نەهێنام." جۆن دی ڕۆکەرفێڵەر
- " ملیۆنێرەکان بە دەگمەن زەردەخەنە دەگرن." ئاندریو کارنێجی
- " من کەساس ترین پیاوم لەسەر زەوی." جۆن جەیکۆب ئاستۆر
- " من دڵخۆش تر دەبووم کاتێک ئیشی فیتەرێکم بکردایە." هێنری فۆڕد

**لەوەدەچێت چیرۆکی براوەکانی یانەسیبت خوێندبێتەوە ئەوانەی کەساس تر بوون چەند ساڵێک دوای بردنەوەکەیان لەچاو کاتەکانی پێشوویان. ئەو سامانەی خەونیان پێوە بینی خۆشیان بۆ دەهێنێت، نەیهێنا.**

**لە فڕۆکەخانەکە هاوڕێکەم هەگ ماکێلان جونیەر ناسیاوێکی بینی لەوە دەچوو کێشەی هەبێت.**

**" چی ڕوویداوە؟" هەگ پرسیاری کرد.**

**پیاوەکە هەناسەیەکی هەڵکێشا " وامزانی لەکۆتاییدا پشوویەکی هەفتەم دەبێت بۆ خۆم. بەڵام ئێستا دەبێت بڕۆم سەرپەرشتی چاککردنەوەی ماڵەکەم بکەم لە فلۆریدا." بەخەمبارییەوە دانیشتبوو کاتێک چاوەڕێی دەکرد فڕۆکە تایبەتەکەی بفڕێت.**

ئێمە لامان وایە ئێمە خاوەنی موڵکەکانمانین، بە لام زۆربەی جار ئەوان خاوەنی ئێمەن.

**لێرە پیاوێک هەیە کە جۆرە ژیانێکی هەیە زۆربەی خەڵک خەونی پێوە دەبینێت، بەڵام هێشتا ئەو نەیتوانی خۆشی لە پشووی هەفتەکەی**

ببینێت.  موڵکەکانی ئەویان کردبوو بە کۆیلە.  ئێمە لامان وایە ئێمە خاوەنی موڵکەکانمانین، بە لام زۆربەی جار ئەوان خاوەنی ئێمەن.

هیچ شتێک گەشت قورس ناکات جگە لەو کۆڵە پشتەی کە پڕە لە شتی جوان بەڵام ناپێویست.  گەشتیارانی شوێنە پیرۆزەکان گەشتی سوک دەکەن.

## ستەمی شتەکان

من و نانسی سی و سێ ساڵ لە خانوەکەی خۆمان ژیاین.  لە نۆ ساڵی یەکەم فەرشێکی پرتەقاڵی ناشرینمان هەبوو.  قەت بایەخمان بەوە نەئەدا چی لێ بەسەر دەهات.  ئەو ڕۆژەی لەکۆتاییدا فەرشێکی نوێمان دانا کەسێک مۆمێکی هەڵکرد.  سەری شقارتەکە کەوتە خوارەوە و فەرشەکەی سوتاند و کونێکی دروست کرد.

ئەو ڕۆژەی پێشان ئێمە بایەخمان پێ نەئەدا.  ئێستا ئێمە ناڕەحەت بووین.  ئایا ئێمە بە موڵکە نوێیەکەمان باشتر بووین؟

بەدڵنیاییەوە مەبەستەکەی من ئەوە نییە کە فەرش خراپە.  بەڵام هەموو شتێک کە ئێمە دەیکڕین دەبێت بە شتێکی زیاتر بیری

لێبکرێتەوە و باسی لێ بکرێت و پاککرێتەوە وچاکبکرێت و ڕێکبخرێت و خەمی لێبوخرێت و بگۆڕدرێت کاتێک خراپ دەبێت.

با بڵێین تەلەفزیۆنێکم بە خۆڕایی دەست دەکەوێت. ئێستا چی؟ ڕەنگە بەشداری بکەم لە کێبڵێک یا کارگوزارییەکی سەتەلایت و ئامێرێکی وەرگرتنی کەناڵ بکرم. ئامێری دەنگی چواردەور بکرم. کورسییەکی پاڵدانەوە بکرم تا تەماشای پرۆگرامەکانم بە ئاسوودەیی بکەم. ئەمانە هەمووی پارەی تێ دەچێت. بەڵام هەروەها ئەمە کات و بایەخی زۆری دەوێت.

ئەو کاتەی بۆ تەلەفزیۆنەکەم و پاشکۆکانی تەرخان دەکەم واتای ئەوەیە کاتی کەمترم هەیە بۆ پەیوەندی کردن لەگەڵ خێزانەکەم و خوێندنەوەی (وشە)کە و نوێژکردن و کردنەوەی ماڵەکەمان یا خزمەتکردنی کەسانی کەم دەرامەت.

کەواتە تێچونی ڕاستی تەلەفزیۆنە خۆڕاییەکەم چەند بوو؟

ڕەنگە بەدەستهێنانی موڵکێک پاڵم پێوە بنێت دووبارە پێناسەی پێشینەکانم بکەم. ئەگەر بەلەمێک بکرم ئەوا دەمەوێت پاکانە بۆ کڕینەکەم بکە بە بەکارهێنانی بەلەمەکە، کە ڕەنگە واتاکەی بریتی

بێت لە دوورکەوتنەوەی بەردەوام لە ماڵ یا کڵێسا لە ڕۆژانی پشووی هەفتەدا کە وام لێ دەکات لە یاری تۆپێنی کوڕەزاکەم ئامادەنەبم یا نەتوانم لە قوتابخانەی یەک شەممان وانە بڵێمەوە.

گرفتەکە بەلەمەکە یا تەلەفزیۆنەکە نییە. گرفتەکە خۆمم. ئەوە یاسای ژیانە، ستەمی شتەکانە.

## شوێنکەوتنی کڵاوی با بردوو

سلێمان زنجیرەیەک وتەی پڕ واتا دەڵێت لە (ژیرمەندی ٥: ١٠-١٥). هەر یەکەیان هاوشێوەی دەستەواژەکەی منە:

- " ئەوەی حەزی لە پارە بێت لە پارە تێر نابێت" (ئایەتی ١٠). هەتا زیاترت هەبێت زیاترت دەوێت.
- " ئەوەی حەزی لەسامان بێت لە داهات تێر نابێت" (ئایەتی ١٠). هەتا زیاترت هەبێت کەمتر قایلیت.
- " بەزیاد بوونی خێروبێر زیا دەبن ئەوانەی دەیخۆن" (ئایەتی ١١). هەتا زیاترت هەبێت خەڵکی زیاتر (لەناویاندا حکومەت) شوێنی دەکەوێت.

- " ئایا چ سوودێکی بۆ خاوەنەکەی هەیە، جگە لەوەی تەنها چاوەکانی تێری لێ دەخۆن؟" (ئایەتی ١١). هەتا زیاترت هەبێت زیاتر هەست دەکەیت ئەوە سوودی بۆ تۆ نییە.
- " خۆشە خەوی کارگەر، کەم بخوات یا زۆر، بەڵام تێری دەوڵەمەند ڕێ بەخەو نادات" (ئایەتی ١٢). هەتا زیاترت هەبێت دەبێت زیاتر خەمی لێ بخۆیت.
- " خراپەیەکی ناخۆش هەیە لەسەر زەویدا بینیم: سامانێک پارێزراوە بۆ خراپەی خاوەنەکەی" (ئایەتی ١٣). هەتا زیاترت هەبێت زیاتر ئازاری خۆت دەدەیت کاتێک پێوەی دەچەسپیت.
- " ئەم سامانەش لە مامەڵەیەکی خراپدا لەناو چوو" (ئایەتی ١٤).

  هەتا زیاترت هەبێت دەبێت زیاتر لەدەست بدەیت.
- " وەک چۆن لە سکی دایکی هاتە دەرەوە، بە ڕووتی دەگەڕێتەوە، دەڕوات وەک هات. هیچ شتێک لە ماندووبونەکەی نابات لەگەڵ دەستی کە دەڕوات" (_ئایەتی ١٥). هەتا زیاترت هەبێت زیاتر جێ دەهێڵیت.

وەک دەوڵەمەندترین کەس لەسەر زەوی سلێمان ئەوە فێربوو کە دەوڵەمەندی قایلکەر نییە. هەموو ئەو قایلکردنەی دەوڵەمەندی بەخشی ئەوە بوو هەلی زیاتری دا بەو شوێن سەرابی زیاتر بکەوێت. خەڵکی دەیانەوێت لە بەردەم سەراب دوای پارە بکەون، بۆ ئەوەی هۆگری ئەو ئەفسانەیە بن کە ئەو شتانەی ئەوان ناتوانن پەیدای بکەن ، قایلیان دەکات. پارەی سلێمان قەت تەواو نەبوو. ئەو هەموو شتێکی تاقیکردەوە کاتێک وتی " هەرچی چاوم خواستی ڕێم لێ نەگرت، ئەوەی دڵم پێی خۆش بوو کردم" (ژیرمەندی ٢: ١٠).

دەرئەنجامی سلێمان؟ " کاتێک سەیری هەموو کارەکانی دەستی خۆمم کرد، لەوانەی کە پێیانەوە ماندوو ببوم، بینیم هەمووی بێ واتا بوون وەک گڤەی با" (ئایەتی ١١).

بۆچی ئێمە بەردەوام هەڵدەخەڵەتێنرێین؟ چونکە ئێمە وای دەهێنینە بەرچاو ئەو گەنجینە زەمینییەی ئێمە دەیبینین شتە ڕاستیەکانن نەک تەنها سێبەری گەنجینە ڕاستەکان بن.

بەڵام گەنجینەی زەمینی دەتوانن ببن بە گەنجینەی ئاسمانی. ئەی دەبلیو تەوزەر نوسی:

وەک چۆن پارە زۆر جار شتێکی بێ نرخە بەڵام هێشتا دەتوانرێت بگۆڕدرێت بۆ گەنجینەیەکی هەمیشەیی. دەتوانرێت بگۆڕدرێت بۆ خواردن بۆ برسییەکان و جل وبەرگ بۆ هەژاران، دەتوانێت مژدەبەر والێ بکات بەشێوەیەکی چالاک خەڵکی ون بوو بباتەوە بۆ ڕووناکی ئینجیل و بەوشێوەیە خۆی بگۆڕێت بۆ بەهای ئاسمانی. دەتوانرێت هەموو موڵکێکی کاتی بگۆڕدرێت بۆ سامانی هەمیشەیی. هەرچییەک بە مەسیح ببەخشرێت یەکسەر بەرکەوتنی نەمری دەبێت.

ئەگەر ئەفلوەنزا نەخۆشی بێت، چارەسەرەکە چییە؟ ئەگەر ماتریاڵیزم مەرگەموش بێت دژە مەرگەموشەکە چییە؟ پۆڵس وەڵامێک پێشکەش دەکات لە پارچە نوسراوێکدا کە لە بەشی ٢ ئاماژەم پێکردبوو:

دەوڵەمەندەکانی ئەم ڕۆژگارە ڕابسپێرە. . . . لەکاری چاکەدا دەوڵەمەند بن، دڵفراوان بن و ئامادەبن بەشی خەڵکی دیکە بدەن. بەم شێوەیە گەنجینەو بناغەیەکی چاک بۆ دوارۆژ دادەنێن و ژیانێکی ڕاستەقینە بەدەست دەهێنن. (یەکەم تیمۆساوس ٦: ١٧-١٩)

پۆڵس ڕێک ئێمە دەهێنێتەوە بۆ (بنەمای گەنجینە). ئەو گەنجینەیەی ئێمە لە ئاسمان کەڵەکەی دەکەین لەڕێگەی بەخشینەوە بناغەیەکی بەردینی ڕەقە کە لەسەری بنیادنان دەکەین کاتێک دەگەینە ئەوێ.

لەناو جزدانەکەم کارتێکی بچوکم پێیە. یەک لای کارتەکە دەڵێت " خودا خاوەنی هەموویەتی. من بەڕێوەبەری پارەکەی ئەوم." لایەکەی تر دەڵێت " خودا بایەخ دەدات بەو شتەی کە من دەیکەم بەو پارەیەی پێی ڕاسپاردووم ( باشترە من لێی بپرسم)." نزیکی ئەمە وشەکانی مەسیحە لە (مەتا ٦: ١٩-٢١) و وشەکانی پۆڵسە لە (دووەم کۆرنسۆس ٩: ٧). پاراستنی ئەمە نزیک پارە و کرێدت کارتەکەم بیرهێنەرەوەیەکی بەهێزە.

پۆڵس دەڵێت کە " دڵفراوان" و "لەکاری چاکەدا دەوڵەمەندبن" ڕێگەمان پێدەدات " ژیانێکی ڕاستەقینە بەدەست دەهێنن."  ئەمە ئەو ژیانە دەوڵەمەندەیە کە عیسا بەڵێنی بۆ داوە، بە پێچەوانەی ژیانێکی ڕووکەشی پارە ناوەند بۆدانراو کە بێ سوودمان دەکات.

ئەوە بەرەو پێنجەم کلیلی (بنەمای گەنجینە) دەڕوات:

## کلیلی ژمارە ٥ ی بنەمای گەنجینە

بەخشین تەنیا دژە مەرگەموشە بۆ ماتریالیزم



کرداری بەخشین بیرهێنەرەوەیەکی ڕوونە کە ئەوە هەمووی دەربارەی خودایە، نەک دەربارەی ئێمە.  ئەوە دەڵێت من مەبەستەکە نیم، (ئەو) مەبەستەکەیە.  (ئەو) بۆ من بوونی نییە.  من بۆ (ئەو) بوونم هەیە. پارەی خودا مەبەستێکی بەرزتری هەیە نەک دەوڵەمەندی من. بەخشین ڕادەست بوونێکی خۆشە بە (کەسێکی مەزنتر) و ئەجندەیەکی مەزنتر.  بەخشین من لە تەختی پاشایەتی لادەبات و

پلەی مەسیح بەرز دەکاتەوە.  زریزەی ئەو خودای پارەیە دەشکێنێت کە دەمکات بە کۆیلە.

هەتا ئەو کاتەی شتێکم هەبێت بەو باوەڕە فریودەدرێم کە من خاوەنیم.  بەڵام کاتێک من زایەی دەکەم، من دەستبەرداری جڵەو دەبم.  لەساتی وازهێنانەکە تەلیسمەکە دەشکێ.  هۆش و بیرم ڕوون دەبێتەوە.  دان بەخودا دەنێم وەک خاوەن، دان بە خۆم دەنێم وەک خزمەتکار، دان بە کەسانی تر دەنێم وەک سوودمەندانی ئامانج بۆ دانراوی ئەو شتەی کە خودا بە منی سپاردووە.  من ئازادم، هەروەها لەگەڵ ئازادی خۆشی دێت.

بەخشین ئێمە دانامالێت لەو قازانجانەی پێماندراوە، بەڵکو زیاتر ئەو قازانجانەی پێماندراوە دیانگۆڕێت لە زەویەوە بۆ ئاسمان، لە خودەوە بۆ خودا.

بەدڵنیاییەوە، پارە هەموو شتێک نییە کە ئێمە ببیبەخشین.  کات و دانایی و یارمەتی کرداریی دیاری سەرسوڕهێنن.  کاتێک لەپێناوی خۆشەویستی بۆ خودا و کەسانی تر بەخشین دەکەن، گومانیش لە ئەنجامی گەنجینە ناکەن لەئاسمان.  بەخشین بە هەر شێوەیەک بێت

ئێمە لە هێزی ڕاکێشانی گرتنی پارە و موڵک ئازاد دەکات. ئەوە ئێمە دەگۆڕێت بۆ ناوەندێکی نوێی هێزی ڕاکێشان: ئاسمان.

## کولێرەی قوڕ لە گەڕەکی هەژارنشین

کاتێک عیسا دەگەڕێتەوە " بە سووتان توخمەکان لە ناودەچن، زەوی و ئەو کارانەی تێیدایە نامێنێت" (دووەم پەترۆس ٣: ١٠). ئایا ئەوە لە خەمۆکی دەچێت؟ ئەوە خەمۆکی دەبوو ئەگەر ئەم جیهانە، کە وایە، ماڵی خۆمان بوایە. بەڵام وانییە! ئەوە خەمۆکی دەبوو ئەگەر نەمانتوانیایە ژیان و سەرچاوەکانمان بەکاربێنین بۆ دروستکردنی جیاوازیەک بۆ هەتاهەتایی. بەڵام ئێمە دەتوانین!

سی ئێس لویس وای دادەنێت:

> ئێمە دروستکراوی ساردوسڕین، بەشێوەیەکی نەزان دەست لە خواردنەوە و سێکسکردن و بەرزخوازی دەدەین لەکاتێکدا خۆشی بێ سنوور پێشکەشمان دەکرێت، وەک منداڵێکی نەزان ئەوەی دەیەوێت بەردەوام بێت لە دروستکردنی کولێرەی قوڕ لە گەڕەکێکی هەژارنشین چونکە ئەو ناتوانێت

بیهێنێته بەرچاو واتای پێشکەشکردنی پشوو لە پاڵ دەریا چییە.  ئێمە زۆر بە ئاسانی دڵخۆش دەبین.

تەنانەت خەڵکی مەسیحی زۆر قایلن بە ژیانێکی بەدەستهێنانی مادی قایلنەکەر وەک دروستکردنی کولێرەی قوڕ لە گەڕەکێکی هەژارنشین.  شتێک هەیە زۆر باشترە لە هەموو ئەو شتانەی جیهان پێشکەشی دەکات، گەنجینەی هەتاهەتایی و خۆشی شادمانی.  تۆ ئەم گەنجینەو خۆشییەت دەوێت، وانییە؟  بەڵام ڕەنگە تۆ دڵنیا نەبیت لەکوێ دەستپێبکەیت.  لە خوێندنەوە بەردەوامبە.

## ٦

## دەسپێکردن

**شتی زۆرم بەدەست هەڵگرت،**

**هەموویانم لەدەست چوو، بەڵام هەرچییەکم**

**خستبێتە دەستی خودا، هێشتا خاوەنیانم**

**مارتن لوثەر**

**هەموو کەس سەریان سوڕما کە سام هۆستنی سیاسەتمەدار و سەربازە ڕەنگاوڕەنگەکە هاتە ناو مەسیح. دوای لەئاوهەڵکێشانی هۆستن وتی دەیەوێت پارەی نیوەی موچەی قەشە خۆجێیەکە بدات. کاتێک کەسێک پرسی بۆچی، ئەو لەوەڵامدا وتی " جزدانەکەشم لەئاوهەڵکێشراوە."**

**وەک سام هۆستن ڕەنگە تێبگەیت کە ژیانی مەسیحی لە بەخشین جیاناکرێتەوە. بەڵام ڕەنگە بپرسیت، لەکوێوە دەستپێبکەم؟**

ڕەنگە شوێنێکی دەستپێکی ئاقڵانە ئەو شوێنە بێت کە خودا دەستی کرد بە منداڵانی (پەیمانی کۆنی خۆی): " هەموو دەیەکی زەوی لە دانەوێڵەی زەوی و بەروبوومی درەختەکان بۆ یەزدانە، پیرۆزە بۆ یەزدان" (لێڤییەکان ٢٧: ٣٠). واتای وشەی دەیەک دەکاتە " بەشی دەیەم." دەبوو لەسەدا دە بدرێت بە خودا. هەروەها بەخشینی ئازادیش هەبوو، بەڵام لەسەدا دە یەکە زۆرە ملێ بوو.

هەندێ کەس مشتومڕ دەکەن کە تەنیا چاوەڕێ لە جوتیاران و خاوەن ئاژەڵەکان دەکرێت دەیەک بدەن. ئەگەر ئەوە ڕاست بوایە ئەوە ڕێژەیەکی زۆری دانیشتوانی ئیسرائیلی لەخۆ دەگرت. بەڵام بەئێمە دەوترێت ئەوەی " گەلی ئیسرائیل" دەیهێنا تەنیا ئەو شتانە نەبوو کە دەیڕواند بەڵکو " دەیەکی هەمووشتێک" ی دەهێنا (دووەم پوختەی مێژوو ٣١: ٥). خودا تەنیا باسی دەیەکی" جوتیارانی ئیسرائیل" لێرە ناکات بەڵکو " گەلی ئیسرائیل." ئەگەر خەڵک جل وبەرگ یا گلێنە یا خشڵی دروست بکردایە و بیفرۆشتایە بەدڵنیاییەوە چاوەڕێی هەمان ئاستی پێشکەشکردنی لێ دەکرا بۆ خودا ، هەروەک دەیەکەکە سەلماندی.

پەندەکانی سلێمان ٣: ٩ دەڵێت " بەسامانت ڕێزی یەزدان بگرە، بەیەکەمین بەرهەمی هەموو خەرمانەکانت." منداڵانی خودا یەکەم بەرهەمی پێدەبەخشن نەک دوابەرهەم.

کاتێک منداڵەکانی بەخشینیان نەدەکرد کەدەبوو بیکەن (ئەو) فەرمووی:

> ئایا مرۆڤ خودا تاڵان دەکات؟ چونکە ئێوە تاڵانتان کردم! < بەڵام ئێوە گوتتان: " چۆن تاڵانمان کردی؟" <لەدەیەک و قوربانییەکان تاڵانتان کردم. ئێوە تەواوی ئەم نەتەوەیە، نەفرەتتان لێکراوە، چونکە تاڵانم دەکەن.> یەزدانی سوپاسالار دەفەرمووێت: < تاقیم بکەنەوە: هەموو دەیەکەکان بۆماڵی خەزینە بهێنن، تاکو لەپەرستگاکەم خواردن هەبێت. ئینجا بزانن چۆن پەنجەرەکانی ئاسمانتان بۆ دەکەمەوە و بەرەکەت بەسەرتاندا دەبارێنم، هەتا جێ نەبێت تێی بکەن. (مەلاخی ٣: ٨-١٠)

عیسا ڕەوایی دا بە دەیەکی زۆرەملێ، تەنانەت لەسەر شتە بچوکەکانیش (مەتا ٢٣: ٢٣).  بەڵام ئاماژەکردن بۆ پێدانی دەیەک نییە دوای ئینجیلەکان جگە لە (عیبرانییەکان ٧).  لەبەرئەوەی هیچ فەرمانێک نییە یا هەڵوەشاندنەوەیەک نییە چەند مشتومڕێکی گەرم هەیە دەربارەی پێدانی دەیەک.

باوەڕم وایە ڕاستییەکی بێ کات هەیە لەپشت بەخشینی یەکەم بەرەوبوومەکانمان بە خودا.  هێشتا هەستی تێکەڵم هەیە دەربارەی پێدانی دەیەک بەهۆی ئەو ڕێگایانەی کە پێدانی دەیەکی تیا بەهەڵە بەکارهێنراوە و وێنەی هەڵەی نیشاندراوە .  من قێزدەکەمەوە لە پابەندبوونی بێ ئەندازە  بە یاسا.  بەدڵنیایەوە نامەوێت بەربەستە لابراوەکانی (پەیمانی نوێ) بەسەر مەسیحییەکان بسەپێنم.  بەڵام، هەموو نمونەیەکی بەخشینی (پەیمانی نوێ) دەڕواتە ئەودیو سنوری دەیەک.  هیچیان قسوریان لەو کەمتر نییە.

سەرەڕای هەموو ئەمانە، عیسا پێوانەی ڕۆحی بۆ گەلی (پەیمانی نوێی خۆی) بەرزکردەوە، (ئەو) هەرگیز نزمی نەکردەوە (مەتا ٥: ٢٧-٢٨).

## تایەی فێربوونی لێخوڕینی پاسکیل

ڕەنگە تۆ بەتایبەتی باوەڕت بە " بەخشینی نیعمەت" هەبێت و لەگەڵ باوکان و کەسانی تری کڵێسا کۆک نەبیت کە فێرکردنیان کردووە دەیەکە کەمترین داخوازی بەخشینە بۆ مەسیحییەکان. بەڵام لەوە دەچێت ڕەوابێت بپرسیت " خودا، ئایا بەڕاستی چاوەڕێی کەمتر لەمن دەکەیت، ئەوەی (ڕۆحی پیرۆزی تۆی) لەناوە و لەناو دەوڵەمەندترین کۆمەڵگای مێژووی مرۆڤایەتی دەژی، نەک هەژارترین کەسی ئیسرائیلی؟"

لەبەرئەوەی زۆرینەی مەسیحییەکان باوەڕیان بە پێدانی دەیەک نییە یا پەیڕەوی ناکەن و لەبری ئەوە ئامێز بۆ " بەخشینی نیعمەت" دەگرن، زاراوەکە بەکار بێنن یا نا، با ڕەچاوی ئەوە بکەین ئەوە بەڕاستی لەچی دەچێت.

لێکۆڵینەوەکانی دەیان ساڵی ڕابردوو نیشانی دەدەن مەسیحییەکانی ئەمەریکا بە تێکڕا لەنێوان لەسەدا ٢ و ٣ ی داهاتەکەیان دەبەخشن. لەڕاستیدا، " زیاتر لە یەک لە چوار کەسی پرۆتستانتی ئەمەریکی هیچ پارەیەک نابەخشن ، ' تەنانەت پارەی میتاڵی ٥ دۆلاری ساڵانەش.'"

لێکۆڵینەوەیەکی ساڵی ٢٠١٣ ئەوەی بۆ دەرکەوت ئەوانەی دەیەک دەدەن تەنیا لەسەدا ١٠ بۆ ٢٥ ی خێزانەکانی کڵێسا پێکدەهێنن، بەڵام زۆرجار ئەوان لەسەدا ٥٠ بۆ ٨٠ ی کۆمەکەکان دابین دەکەن."

زۆرجار جیاوازییەکی فراوان هەیە لەنێوان ئەو شتەی سەردانکەرانی کڵێسا بیری لێدەکەنەوە بۆ بەخشین لەگەڵ ئەو شتەی بەڕاستی دەیبەخشن. " چارەکێکی وەڵامدەرەوەکان لە لێکۆڵینەوەیەکی نوێی نیشتیمانی وتیان لەسەدا ١٠ی داهاتەکەیان بە دەیەک داوە بە کاری خێرخوازی. بەڵام کاتێک پشکنینی بەخشینەکانیان کراوە بەرامبەر ژمارەی داهات، تەنیا لەسەدا ٣ ی گروپەکە زیاتر لە سەدا ٥ یان بەخشیوە بە کاری خێرخوازی."

ئایا ئەمە گرفت نییە لەم کۆمەڵگا دەوڵەمەندەدا ئەوەی بە شێوەیەکی ناتەواو پێی دەوترێت " بەخشینی نیعمەت" بە تەنیا یەکسانە بە کەرتێکی بچوکی پێوانەی (یەکەم پەیمان)؟ ئێمە ئەمڕۆ هەر فێرکردنێک بکەین دەربارەی بەخشین لای (نوسراوی پیرۆز) ڕاست نییە یا کەس لە پەیامەکە تێناگات. یاخود نیعمەتی خودا کە بە

مسۆگەری کاردەکاتە سەر دڵەکان ببەخشن، کاری نەکردۆتە سەر ئێمە.

پێدانی دەیەک شێوازی مێژوویی خودایە تا گەلی (خۆی) بخاتە سەر ڕێچکەی بەخشین. بەو واتایە ئەوە دەتوانێت خزمەت بکات وەک دەروازەیەکی خۆشی بەخشینی نیعمەت. ئەوە تەندروست نییە سەیری پێدانی دەیەک بکرێت وەک شوێنێکی وەستان، بەڵکو بەدڵنیاییەوە دەتوانرێت ببێت بە شوێنێکی باشی دەستپێکردن.

پێدانی دەیەک بنمیچی بەخشین نییە، بەڵکو نهۆمەکەیە. ئەوە هێڵی کۆتایی بەخشین نییە، بەڵکو ئەوە بلۆکەکانی دەستپێکردنە. دەیەک دەتوانێت ئێمە بهاویژێتە ناو ئەقڵییەت و توانا و خووی بەخشینی نیعمەت.

(مەلاخی ٣: ٨) دەڵێت ئیسرائیلییەکان خودایان تاڵانکرد بە نەک تەنیا پێ نەدانی دەیەکە زۆرەملێکەیان بەڵکو هەروەها "قوربانییە" خۆبەخشەکانیشیان. بەهۆی بەخشینی قوربانی خۆبەخش کەمتر لەوەی خودا لێیانی دەویست ئەوان خودایان تاڵان دەکرد. ئەگەر پێدانی دەیەک بەتەواوی هەڵوەشێننەوە و بتوانن خودا تاڵان بکەن بە

قوربانی ناتەواوی خۆبەخش، ئایا ئێمە ناتوانین ئەمڕۆ هەمان شت بکەین؟  بەدڵنیاییەوە خودا نەوەستاوە لە بایەخدان بەو بەخشینەی گەلی (خۆی) دەیکات.

پۆڵس هانی بەخشێنی خۆبەخشی دا، بەڵام هێشتا وەسفی بەخشینی وەهای کرد وەک " گوێ ڕایەڵ" (دووەم کۆنسۆس ٩: ١١).  خودا هێشتا چاوەڕێی شتمان لێ دەکات، تەنانەت کاتێک قوربانییەکانمان خۆبەخش بن.

بەدڵنیاییەوە خودا چاوەڕێ لە هەمووومان ناکات هەمان بڕ ببەخشین. دەبێت ئێمە ببەخشین بگوێرەی ئەو ڕێژەیەی (ئەو) بەرەکەتی کردووین (دوا وتار ١٦: ١٠، ١٦-١٧).

هەندێ کەس دەڵێن " ئێمە ئەمە وردەوردە ئەنجام دەدەین، کاتێک بە لەسەدا ٥ دەست پێدەکەین."  بەڵام ئەگەر تۆ باوەڕبکەیت کە خودا کەمترین پێوانەی بەخشینی (خۆی) نزم نەکردۆتەوە، ئەوە وەک ئەو وتەیە وایە " جاران ساڵی شەش دوکانی بەقاڵیم تاڵان دەکرد.  ئەم ساڵ، بە نیعمەتی خودا، تەنیا سێ دوکانی بەقاڵی تاڵان دەکەم."

**مەبەستەکە ئەوەنییە کەمتر خودا تاڵان کرێت، بەڵکو بەهیچ شێوەیەک خودا تاڵان نەکرێت.**

**ڕاستە، هەندێک کەس قوربانی زیاتر دەدەن بە بەخشینی لەسەدا ٥٠ یا ٩٠ ی داهاتەکەیان لەچاو کەسانی تر بە بەخشینی لەسەدا ٥. بەدڵنیاییەوە نابێت دەوڵەمەند قەت " لیستەکە نیشانەبکات" گوایا بەخشینی لەسەدا ١٠ بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی ئەرکەکەیان دەهێنێتەدی. لەسەدا ٩٠ کەش هەر هی خودایە. خودا تەنیا سەیری ئەوە ناکات کە ئێمە دەیبەخشین. هەروەها (ئەو) سەیری ئەوەش دەکات کە ئێمە دەیپارێزین.**

**من مافی تایبەتی چاوپێکەوتنی بەخشەرانی زۆرم هەبووە. لە زۆربەی حاڵەتەکاندا ئەوان ئاماژەیان بەوەکرد چۆن یەکەم جار پێدانی دەیەک وای لێکردن زیاتر ببەخشن. ئەوان دەیەکییان بەخشی و تەماشایان کرد خودا دابین دەکات و دڵیان قوڵتر دەباتە ناو پاشایەتییەکەیەوە. ئێستا، دوای ساڵانێک، هەندێکیان لەسەدا ٥٠، ٨٠ یا ٩٠**

خودا تەنیا سەیری ئەوە ناکات کە ئێمە دەیبەخشین. هەروەها (ئەو) سەیری ئەوەش دەکات کە ئێمە دەیپارێزین.

ی داهاتەکەیان زایەدەکەن! بەڵام ئەوە پێدانی دەیەک بوو کە ئەوانی خستە سەر ڕێگای بەخشین.

کاتێک بیستم ژمارەیەکی وازۆری خەڵک شایەتی دەدەن چۆن پێدانی دەیەک ئەوانی خستە سەر ڕێگاکە بۆ دڵفراوانی گۆڕینی ژیان، ئەوە بۆ من گرانە لەو دژایەتییە بێ ئەندازەیە تێ بگەم کە هەندێ کەس بەرامبەر ئەم پەیڕەوکردنە هەیانە (تەواوی ماڵپەڕەکان خۆیان تەرخانکردووە دژی پێدانی دەیەک ببنەوە). بەڵێ، ئەوە هەندێ جار خراپ بەکارهێنراوە، بەڵام با منداڵی ساوای پێدانی دەیەکەکە لەگەڵ ئاوی بانیۆی پابەندبوونی بێ ئەندازە بە یاسا کە فڕێ نەدەین.

کاتێک گەلی خودا (ئەو)یان تاڵان دەکرد بەڕێگای پێنەدانی دەیەک و قوربانی، (ئەو) فەرمووی " <تاقیم بکەنەوە: . . . . . ئینجا بزانن چۆن پەنجەرەکانی ئاسمانتان بۆ دەکەمەوە و بەرەکەت بەسەرتاندا دەبارێنم، هەتا جێ نەبێت تێی بکەن" (مەلاخی ٣: ١٠).

بۆ گاڵتەکردن زۆربەی خەڵک وای دادەنێن ئەوان ناتوانن پارەیان هەبێت بۆ بەخشین بە تەواوی لەبەرئەوەی ئەوان بەخشین ناکەن، بەو هۆیە ئەوان ئەزموونی بەرەکەتکردنی خودا نابینن. کاتێک گەلی

خودا نەیتوانی بەخشین بکات بەو شێوەیەی داوای لێکردبوون، (ئەو) فەرمووی " کرێگرتەش کرێ وەردەگرێت، بەڵام دەیخاتە گیرفانی دڕاو" (حەگەی ١: ٦). خودا ڕێگەی نەدا پارەکەیان زۆر بڕوات چونکە ئەوان چاوچنۆک و سەرپێچی کەربوون.

(ئەو) بەوانی فەرموو " چاوەڕێی زۆرتان کرد، بەڵام کەم هات. لەبەرچی؟ لەبەرماڵەکەم، ئەوەی کە وێرانە، ئێوەش هەریەکەو بە ماڵەکەی خۆیەوە سەرقاڵە" (حەگەی ١: ٩).

چەند لە دروێنەکەمان با دەی بات چونکە بەخشین بۆ خودا ناکەین بە پێشینە؟ ئەگەر یەکەمجار ئەرکی خۆمان بۆ خودا بهێنینە دی ، ئێمە پێشوازی لە بەرەکەتەکەی دەکەین تا یارمەتیمان بدات قەرزەکانمان بدەینەوە بەخەڵک. بەڵام کاتێک ئێمە خودا تاڵان دەکەین تا پارە بدەین بە خەڵک ئێمە خۆمان لە بەرەکەتی خودا تاڵان دەکەین. سەیر نییە کە ئێمە پارەی تەواومان نییە. ئەوە سوڕێکی بەدە، هەروەها ئەوە باوەڕێکی گوێ ڕایەڵی دەوێت تا لێی دەرباز بیت.

کاتێک خەڵکی پێم دەڵێن ئەوان پارەیان نییە دەیەکی پێ بدەن، من لێیان دەپرسم " ئەگەر لەسەدا ١٠ ی داهاتەکەتان کەمبکرێتەوە ئایا

ئێوە دەمرن؟" ئەوان دەڵێن " نەخێر" منیش دەڵێم " کەواتە ئێوە دانتان بەوەدا نا پارەتان هەیە بۆ پێدانی دەیەک، ئەوە تەنیا ئەوەیە ئێوە ناتانەوێت ئەوە بکەن."

من ناڵێم بەخشینی لەسەدا ١٠ ئاسانە کاتێک تۆ پێی ڕانەهاتبیت. من دەڵێم، هەروەها ملیۆنەها کەس کە هاوڕان، ئەوە ئاسانترە بە لەسەدا ٩٠ یا لەسەدا ٥٠ یا لەسەدا ١٠ی داهاتەکەت بژیت لەناو ویستی خودا نەک بە لەسەدا ١٠٠ ی داهاتەکەت لەدەرەوەی بژیت. پێدانی دەیەک وەک یەکەم هەنگاوەکانی منداڵێکی ساوای تازە پێ گرتوو وایە: ئەوانە دوا یا باشترین هەنگاوی ئەو نین، بەڵام دەستپێکێکی باشن. کاتێک تۆ فێردەبیت پاسکیلێک لێ بخوڕیت تۆ پێویستت بە تایەی فێربوونی لێخوڕینی پاسکیل نابێت، کاتێک تۆ فێری بەخشین دەبیت پێدانی دەیەک دەبێت بە شتێکی ناپەیوەندیدار. هەروەها ئەگەر بتوانیت پاسکیلەکە لێخوڕیت بێ ئەوەی قەت تایەی فێربوونی لێخوڕینی پاسکیل بەکاربێنیت، ئەوە شتێکی باشە بۆتۆ.

من گرفتم لەگەڵ ئەو کەسانە نییە کە دەڵێن " دەیەک ئێمە ناگرێتەوە" هەتا ئەو کاتەی ئەوان ئەوە بەکار نەهێنن وەک پاکانەیەک بۆئەوەی

**کەمتر ببەخشن لە گەلی (پەیمانی کۆنی خودا). بەڵام ئامارەکانی ئێستای بەخشین بەڕوونی نیشانیدەدات زۆربەمان پێویستمان بە ژیانەوەی بەخشین هەیە. ئەگەر تۆ دەروازەیەک بدۆزیتەوە بۆ بەخشینی دڵفراوان ئەوە لە دەیەکەکە باشترە، ئەوە سەرسوڕهێنە. بەڵام ئەگەر نا، بۆچی لەوشوێنەوە دەستپێناکەیت کە خودا دەستیکرد بە منداڵانی (یەکەم پەیمانی خۆی)؟**

**بەخشینی نایاب**

**پۆڵس وتی " لەم نیعمەتەی بەخشینەشدا زیاد بکەن" (دووەم کۆرنسۆس ٨: ٧). وەک لێدانی پیانۆ بەخشینیش توانایەکە. بە مەشقکردن ئێمە لەسەری باشتر دەبین.**

هەندێ جار لەوەدەچێت بەخشین واتا دار نییە، بەڵام کاتێک ئێمە ئەوە دەکەین خودا شت دابین دەکات.

**ئێمە دەتوانین فێربین زیاتر ببەخشین، زۆرجار زیاتر ببەخشین، لەڕووی ستراتیجییەوە زیاتر ببەخشین بەهۆی کردنی بەخشین بەوشتەی ئێمە لێیدەکۆڵینەوە و گفتوگۆی دەکەین و تیژیدەکەین.**

**باوەڕدارانی مەکدۆنیا بەگوێرەی توانای خۆیان و تەنانەت لەسەرووی توانای خۆشیانەوە بەخشینیان داوە" (دووەم کۆرنسۆس ٨: ٣). واتای**

ئەوە چییە لەودیو توانای خۆمان ببەخشین؟  واتای ئەوەیە پاڵ بە بەخشینەکەمان بنێن لەو خاڵە تێپەڕێت کە ژمارەکان زیاددەکەن. هەندێ جار لەوەدەچێت بەخشین واتا دار نییە، بەڵام کاتێک ئێمە ئەوە دەکەین خودا شت دابین دەکات.

ساڵانێک پێش ئێستا سکۆت لویس لە کۆنفرانسێک ئامادەبوو کە بیڵ بڕایت بەرەنگاری خەڵک بوو بۆ بەخشینی یەک ملیۆن دۆلار بۆ یارمەتیدانی هێنانەدی (ڕاسپاردە مەزنەکە).  ئەم بڕە پارەیە بۆ سکۆت پێکەنیناوی بوو ، زۆر لەودیو هەموو شتێکەوە بوو کە ئەو خەیاڵی بۆ بکردایە ، چونکە بازرگانی ئامێرەکەی داهاتێکی پەیدادەکرد لە پەنجا هەزار دۆلار کەمتر بوو لەساڵێکدا.

بیڵ پرسیاریکرد " ساڵی ڕابردوو چەندت بەخشی؟"  سکۆت دەربارەی وەڵامەکەی خۆشی بینی:  " ئێمە حەڤدە هەزار دۆلارمان بەخشی، نزیکەی لەسەدا ٣٥ ی داهاتەکەمان بوو."

بەبێ چاوتروکاندنێک بیڵ وەڵامیدایەوە " بۆ ساڵی داهاتوو بۆچی ئامانجێک دانانێین بۆ بەخشینی پەنجاهەزار دۆلار؟"

سکۆت لای وابوو بیڵ تێنەگەیشتووە.  ئەوە زیاتر بوو لەوەی هەموو ساڵەکە دەستی دەکەوت!  بەڵام سکۆت و ژنەکەی بڕیاریاندا داوا لەخودا بکەن ئەو شتە بکات کە لەوەدەچوو ئەستەم بێت.  خودا هاتە ناوەوە هەروەها بە دابینکردنە سەرسوڕهێنەکەی ٣١ ی کانونی یەکەم خێزانەکەی لویس توانیان پەنجاهەزار دۆلارەکە ببەخشن.  ساڵی دواتر ئەوان ئامانجێکیان دانا سەد هەزار دۆلار ببەخشن.  دووبارە خودا شتی دابین کرد.

شانزە ساڵ پێش ئێستا سکۆت تێبینییەکی بۆ نوسیم ئەوان نیشانەی یەک ملیۆن دۆلارەکەیان تێپەڕاندووە لە بەخشینەکەیاندا.  خۆشترین شتی ئەوەیە ئەوان نەوەستان.

بەشێوەیەکی ڕوون داهاتەکەمان و ئەو بڕەپارەیەی دەیبەخشین جیاواز دەبێت، هەندێکیان کەمترن و هەندێکیان زۆرترن.  بەڵام هەموومان دەتوانین نایاب بین لەم نیعمەتی بەخشینەدا!

ئێستا بیبەخشیت یا دواتر بیبەخشیت؟

**خەڵک دەپرسێت " ئایا دەبێت ئێستا ببەخشم، یاخود دەبێت دەستی پێوەبگرم بەوهیوایەی وەبەرهێنانەکانم کاری باش بکەن و پارەی زیاترم ببێت دوای ساڵێک بیبەخشم؟"**

**من بەدوو پرسیار وەڵام ئەدمەوە: " چەند خێرا دەتەوێت ئەزموونی بەرەکەتی خودا ببینیت؟" و " ئایا دەتەوێت دڵنیا بیت پارەکە دەچێت بۆ پاشایەتی خودا، یاخود تۆ ئامادەیت بچیتە ئەو مەترسییەوە کە پارەکە ناچێتە ئەوێ؟"**

**کاتێک ئێمە لەبەردەم خودا دەوەستین باوەڕناکەم (ئەو) بڵێت "تۆ تێکتدا کاتێک هەموو ئەو پارەیەت دا بەمن پێش ئەوەی بازاڕی ئاڵوگۆڕی دراو بگاتە لوتکە."**

**عیسا فەرمووی " هەرکەسێکیش لەبەرناوی من، ماڵ، برا، خوشک، دایک، باوک، ژن، منداڵ یان کێڵگەی بەجێهێشتووە، سەد ئەوەندە وەردەگرێتەوە و ژیانی هەتاهەتاییش بە میرات وەردەگرێت (مەتا ١٩: ٢٩). واتای سەد ئەوەندە دەکاتە لەسەدا ١٠،٠٠٠ قازانج. بۆیە باوەڕناکەم ئەوە قەت هەڵەبێت ئێستا بەخشیت**

باوەڕناکەم ئەوە قەت هەڵەبێت ئێستا بەخشیت.

لەجیاتی ئەوەی دواتر ببەخشیت. خودا دەتوانێت قازانج بەرهەم بێنێت لەو پارەیەی ئێستا لە ئاسمان وەبەرهێنراوە زۆر زیاتربێت لەوەی وۆڵ ستریت یا خانووبەرە قەت بتوانێت بەرهەمی بێنێت.

ئەگەر ئێمە ئێستا نەبەخشین ئێمە توشی چەند مەترسییەکی ڕاستەقینە دەبین:

- ڕەنگە ئابورییەکە بگۆڕێت، ئێمەش کەمترمان دەبێت بیبەخشین.
- خودا دەفەرموویێت ئێمە نازانین سبەینێ چی ڕوودەدات (یاقوب ٤: ١٣-١٧). وەبەرهێنەرانی بێ شومار " تەواو دڵنیابوون" لە دەستکەوتنی قازانجی زۆری ئەو پارەیەی لەشەویێکدا دیارنامێنێت.
- ڕەنگە دڵمان بگۆڕێت، هەروەها ڕەنگە ئەو بەخشینەی دەستمان پێکردووە تەواوی نەکەین.
- ئەگەر تۆ دواخستنی تیابکەیت، هەمان دڵ کە هانی تۆ دەدات ئەمڕۆ بەخشین بکەیت ڕەنگە دواتر هانی تۆ بدات بەخشین نەکەیت. لەئەنجامی دواخستنی

بەخشین ئەو ئارەزووانەی دراوە بەدڵت بۆ سەر زەوی زیاد دەکەن و بۆ ئاسمان کەم دەکەن.

- ڕەنگە ژیانمان کۆتایی پێ بێت پێش ئەوەی ئەوشتانە ببەخشین کە پلانمان بۆداناوە. زەکا وتی " لێرە و ئێستا نیوەی سامانەکەم دەبەخشم" (لوقا ١٩: ٨). ئەگەر ئەو چاوەڕێی کردبا هەتا " لەوێ و دواتر" ڕەنگ بوو هەرگیز ئەوەندە دڵفراوان نەبوایە.

ڕەنگە تۆ بیربکەیتەوە لەوێ گرنگ نییە. من کڵێسا و خزمەتەکانم دەخەمە وەسێتەکەمەوە. بێ گومان، پلانی خانوبەرەی خۆت دابنێ و بەشێوەیەکی سەرەکی بە پاشایەتی خودا ببەخشە. بەڵام جیابونەوە لە پارەکەت چ جۆرە باوەڕێک دەهێنێت کاتێک تۆ دەمریت؟ تۆ بژاردەت لەبەردەست نابێت!

مردن باشترین هەل نییە بۆ بەخشین، ئەوە کۆتایی هەلی بەخشینی تۆیە. خودا کرداری ئەنجامدراوی باوەڕ پاداشت دەکات لەکاتێکدا هێشتا ئێمە دەژین.

جۆن وێسلی وتی " پارە هەرگیز لای من نامێنێتەوە.  ئەوە من دەسوتێنێت ئەگەر بمێنێتەوە.  هەتا بتوانم زوو لەدەستەکانم دووری دەخەمەوە، نەوەک ڕێگەی خۆی بۆناو دڵم بدۆزێتەوە."

وێسلی مافی دارایی کتێبی زۆری دەست دەکەوت، بەڵام هێشتا ئامانجی ئەو بەخشین بوو بەو دڵفراوانییەی کە لەکۆتاییدا هیچی جێ نەهێشت کاتێک مرد.  ئەو ئامانجەکەی خۆی بەدەست هێنا.  کاتێک هێشتا بەهای هەبوو، ئەو ئاڵوگۆڕی کرد بە دراوی "ولایەتەکانی هاوپەیمانی" لەگەڵ گەنجینەی ئاسمان.

کاتێک یەزدان دەگەڕێتەوە چی ڕوودەدات بەسەر هەموو ئەو پارەیەی لە ئەژمێری بانکی و پرۆگرامی خانەنشین و خانووبەرە و دەزگاکان دادەنرێن؟  ئەوە وەک دار و کا و چیلکە دەسوتێ لەکاتێکدا دەتوانرا ئاڵوگۆڕی پێبکرێت بۆ ئاڵتون و زیو و بەردی گرانبەها (یەکەم کۆرنسۆس ٣: ١٢-١٣).  ئەو پارەیەی کە دەتوانرا بەکاربهێنرێت بۆ تێرکردنی برسییەکان و هێنانەدی (ڕاسپاردە مەزنەکە) دەبێت بە هیچ.

خەونە ئەمەریکییەکە ئەوەیە بمریت لەکاتێکدا دەستەکانت دەتوانێت زۆرترین کارت بگرێت.  بەڵام ڕەنگە ئێمە بە پێچەوانەوە لێی

تێگەیشتبین. ڕەنگە دەبێت ستراتیجی ئێمە زیاتر لەو یاری کارتانە بێت کە براوەکە ئەو کەسە بێت کە یەکەم جار کارتی بەدەستەوە نامێنێت. لەکۆتایی یارییەکە ئەو کارتانەی جێ هێڵدراون سەرمایەیەک نین، بەڵکو قەرزێکن.

## چی بۆ منداڵەکان جێ دەهێڵین؟

ڕەنگە بپرسیت "ئەی دەربارەی منداڵەکانمان؟" "چاوەڕێ لەئێمە ناکرێت هەموو پارەکانمانیان بۆ جێ بێڵین؟" وەڵامەکە نەخێرە.

من و نانسی ئەوەندە شت بۆ کچە سەرسوڕهێنەکانمان و خێزانەکانیان جێ دەهێڵین کە یارمەتی مام ناوەند بن، بەڵام نەک ئەوەندە بن بۆ گۆڕینی شێوازی ژیانیان یا پێویستییەکەیان دابین نەکات کە نوێژی بۆ بکەن و بەوهۆیە پشت بە مێردەکانیان ببەستن. ئێمە ئاڵوگۆڕی ئەم زانیارییەمان کردووە، ئەوانیش لەگەڵمان کۆکن زۆربەی موڵکەکەمان جێ بهێڵین بۆ پاشایەتی خودا. بەدڵنیاییەوە ئێمە پلان دادەنێین بابەتی تایبەت و شتێک جێ بێڵین بۆ یارمەتیدانی پەروەردەی نەوەکانمان . بەڵام منداڵەکانی خۆمان پێویستیان بەزۆربەی ئەوە

نییە، هەروەها نامانەوێت باریان گرانکەین بە شتێک کە پێویستیان پێی نییە.

ئەوە یەکێکە لە بەها سەرەکییەکانمان کە دڵفراوان بین بۆ خێزانەکەمان. بەڵام، جێ هێشتنی میراتێکی گەورە بۆ منداڵان نەک تەنیا هەلێکی نەپێکراوە بۆ وەبەرهێنان لە ناو پاشایەتی خودا بەڵکو بەدەگمەن بۆ باشترین بەرژەوەندی منداڵەکانە.

لێکۆڵینەوە بکە لە ژیانی ئەو خەڵکانەی سامانێکی گەورەیان خستە میراتەوە، بۆت دەردەکەوێت لە زۆربەی حاڵەتەکاندا زیاتر دڵ ناخۆش و سپڵەی کردوون. کێ پێویستی بەوەیە کاری زۆر بکات کاتێک تۆ ئەو هەموو پارەیە بەدەست دەهێنیت؟ پارە کۆمەکی فریودانی نوێ دەکات لەناویدا ئالودەبوونە. جێ هێشتنی پارەی زیاتر بۆ پاشایەتی خودا و پارەی کەمتر بۆ منداڵانی سەربەخۆ لەڕووی داراییەوە تەنیا کرداری خۆشەویستی نییە بەرامبەر بە خودا بەڵکو هەروەها بەرامبەر منداڵەکانیشە.

لەکاتەکانی (پەیمانی کۆن)دا جێ هێشتنی میرات گرنگ بوو (پەندەکانی سلێمان ١٣: ٢٢) چونکە منداڵان نەیاندەتوانی زەوی

بۆخۆیان بکڕن و بۆیە لەکۆتاییدا دەبوون بە کۆیلە.  بەڵام ئەمڕۆ زۆربەی جار میرات دەستکەوتێکی چاوەڕوان نەکراوە کە دێتە لای ئەو کەسانەی زیاتریان هەیە لەوەی پێویستیان پێیەتی.  منداڵەکانی ئێمە نائاساییانە دانا و چەق بەستوون لە مەسیحدا.  بەڵام ئەوە هەمیشە حاڵەتەکە نییە.  پێدانی پارە بە کەسێکی نادانا ڕژانی بەنزینە بەسەر ئاگردا.

ئاندریۆ کارنج وتی " دۆلارە هەرەبەهێزەکە ببێت بە میراتی منداڵێک نەفرەتێکی هەرەبەهێزە.  هیچ پیاوێک مافی نییە کوڕەکەی خۆی بە بارێکی وەهای وەک سامانێکی زۆر کەم ئەندام بکات."  کارنج نوسی " دەبێت پیاوە هۆشمەندەکە. . . بۆ خۆی بدرکێنێت ئەوە خۆشگوزەرانی منداڵەکان نییە، بەڵکو  لوتبەرزی خێزانەکەیە کە هانی ئەم میراتە زۆرانە دەدات."

ئەمڕۆ، تەنانەت موڵکێکی چینی مامناوەند هاوتایە بەو پارەیەی کە ڕۆژانێک بوو بارمتەی پاشایەک بوو.  کاتێک ئەو موڵکە زایە دەکرێت، ئەوەی بەجێ دەمێنێت بەسە بۆ دروستکردنی جیاوازییەکی مەزن بۆ پاشایەتی خودا.  کاتێک ئەو موڵکە دەستاودەست دەکرێت بۆ خێزان،

ئەوە بەسە بۆ لاوازکردنی کاری قورس و دەستپێشخەری و بەرپرسیارێتی کەسی.

دەبێت منداڵە پێگەیشتووەکانت یەزدانیان خۆشبووێت و کاری گران بکەن و ئەزموونی خۆشی متمانەکردن بە خودا ببینن. گرنگتر لە جێ هێشتنی میراتێک بۆ منداڵەکانت جێهێشتنی کەلەپورێکی ڕۆحیە بۆیان. ئەگەر تۆ ئەو پارەیەت بۆ منداڵەکانت جێ هێشتبێت کە پێویستیان پێی نەبووە، هەروەها ئەگەر ئەوان بەڕاست بیریانکردبێتەوە، ئایا ئەوان هەرچۆنێک بێت نەیان دەبەخشی بە خودا؟ کەواتە بۆچی خۆت بەخودای نابەخشیت؟

ڕێگە بدە خودا بڕیار بدات چەند دابین بکرێت بۆ منداڵە پێگەیشتووەکانت. کاتێک ئەوان بە پارەی خۆیان دەژین ئەو پارەیەی تۆ پەیدات کردووە لەژێر بەرکەتی خودا هی منداڵەکانی تۆ نیە، هی خودایە، هەروەها تۆ بەڕێوەبەری دامەزراوی پارەی (ئەو)یت. ئەگەر بەڕێوەبەری پارەکەی تۆ مرد چۆن بیردەکەیتەوە ئەگەر ئەو هەموو پارەکەی تۆ بۆ منداڵەکانی خۆی جێ بێلێت؟

**بۆچی خودا ئەوەندە زۆری بە ئێمە سپاردووە**

عیسا فەرمووی " ببەخشن، پێتان دەبەخشرێت، پێوانەیەکی چاکی پەستێنراوی هەژێنراوی لێڕژاوتان دەخرێتە باوەش، چونکە بەو پێوانەیەی ئێوە بۆ خەڵک دەیپێون، خودا بۆتان دەپێوێتەوە" (لەقا ٦: ٣٨).

هەتا زیاتر ببەخشیت زیاترت بۆ دەگەڕێتەوە، چونکە خودا مەزنترین بەخشەرە لە گەردووندا، هەروەها (ئەو) ڕێگەت پێ نادات لەو زیاتر ببەخشیت. بەردەوام بەو تاقی بکەوە. سەیربکە و چی ڕوودەدات. ئاڕ جی لیتۆڕنیۆ ئامێری وەک شۆفڵ و گرێدەر و بلدۆزەر و هتد.ی داهێنا. ئەو لەسەدا ٩٠ی داهاتەکەی خۆی زایە کرد. بەڵام هاتنەوەی پارەکەی خێراتر بوو لەوەی زایەی دەکرد. لیتۆرنیۆ وتی " من بە شۆڤڵ پارەکەم فڕێدەدا و خوداش بەشۆڤڵ دەیگەڕاندەوە، بەڵام خودا شۆڤڵێکی گەورەتری هەبوو!"

ئینجیلی تەندروستی و سامان مەسیح بێ ڕێزدەکات، چونکە هەر ئینجیلێک ڕاستر بێت لە ئەمەریکا لە چاو هایتی ئەوە ئیجیلێکی ڕاست نییە. خوداناسی بەختەوەری لەسەر بنەمای نیمچە ڕاستی بنیادنراوە.

خودا زۆرجار بەخشەران بەدڵنیاییەوە بەختەوەردەکات لەڕووی مادییەوە. بەڵام (ئەو) ڕێگە بەئێمە نادات وەک ئامێرێکی قوماری نەدۆڕاو یا دێویکی گەردوونی مامەڵەی لەگەڵ بکەین تا داواکارییەکانمان بهێنێتەدی. بەخشین قوربانییەکە ، هەندێ جاریش ئێمە هەست بەو قوربانییە دەکەین. پارەپێدانەکەی خودا زۆر هەقیقییە بەڵام لە " کاتە گونجاوەکە" دا دێت کە ڕەنگە ئەمڕۆ یا سبەی نەبێت بەڵام لە هەتاهەتاییدا بێت (گەلاتیا ٦: ٩).

خودا بەرەکەتی مادی زۆری بەتۆ بەخشیوە. ئایاقەت لەخۆتت پرسیوە، بۆچی (ئەو) ئەوەندە زۆری دابین کردووە؟ پێویست ناکات تۆ بپرسیت. پۆڵس بەتەواوی پێمان دەڵێت بۆچی:

> جا ئەوخودایەی تۆو بۆ جوتیار و نان بۆ خۆراک دابین دەکات و بەرهەمی ڕاستودروستیتان زیاد دەکات. لەهەموو شتێکدا دەوڵەمەند دەبن تاکو . . . . (دووەم کۆرنسۆس ٩: ١٠-١١)

بۆئەوەی چی؟  خوداناسی بەختەوەری ئەم ڕستەیە تەواودەکات "بۆئەوەی لە ناو ساماندا بژین و نیشانی جیهانی بدەین خودا چەند ئەوانە بەرەکەتدار دەکات کە خۆشیان دەوێت؛"

بەڵام ئەوە ئەوەنییە پۆڵس کۆتایی پێ دەهێنێت.  ئەو دەڵێت " لەهەموو شتێکدا دەوڵەمەند دەبن تاکو هەموو کاتێک دڵفراوان بن" (ئایەتی ١١).

پۆڵس شەشەم و دوا کلیل دەبەستێتەوە بە (بنەمای گەنجینە).

## کلیلی ژمارە ٦ ی بنەمای گەنجینە

خودا من بەختەوەردەکات نەک بۆئەوەی پێوانەی ژیانم بەڵکو

پێوانەی بەخشینم بەرزکاتەوە

خودا ڕاستەوخۆ پێمان دەفەرمووێت بۆچی پارەمان پێدەبەخشی زیاتر لەوەی پێویستمانە.  ئەوە بۆ ئەوەنییە تا ڕێگەی زئاتر بدۆزینەوە بۆ خەرجکردنی.  ئەوە بۆ ئەوە نییە ڕادەستی خۆشییەکانی خۆمان بین و

خوی منداڵەکانمان خراپ کەین.  ئەوە بۆ ئەوە نییە خۆمان جیاکەینەوە لەو پێویستیانەی خودا دابینی دەکات.

ئەوە بۆئەوەیە ئێمە بتوانین بەدڵفراوانییەوە ببەخشین.

کاتێک خودا پارەی زیاتر دابیندەکات زۆرجار ئێمە بیردەکەینەوە ئەمە بەرەکەتە.  بەڵێ، بەڵام ئەمە تەنیا وەک بیرکردنەوەیەکی تایبەت بەنوسراوی پیرۆزە، ئەمە تاقیکردنەوەیەکە.

بەڕێوەبەری پارەکە پێداویستی شەرعی هەیە، هەروەها (خاوەندارەکە)ش دڵفراوانە، (ئەو) داواناکات سەرکارەکانی بە هەژاری بژین، هەروەها بێزارنابێت لەو خەرجکردنە ماقوڵانەی ئێمە دەیکەین.

بەڵام گریمان (خاوەندارەکە) ئێمە دەبینێت لە خانوی گرانبەها دەژین و ئۆتۆمبێلی گرانبەها لێدەخوڕین و بلیتی پلە یەکی گەشتی فڕۆکە دەکڕین؟  یاخود تەنیا جل وبەرگ و ئامێری کارەبایی گرانبەها دەکڕین و لە باشترین ڕێستورانت نان دەخۆین؟  ئایا مەبەستێک نییە کاتێک ئێمە وەک سەرکاری (ئەو) بتوانین هێڵی خەرجییە ماقوڵەکە

ئێمە خاوەنی کۆگاکە نین.
ئێمە تەنیا لێرە کاردەکەین!

تێپەڕێنین؟  ئایا (خاوەنەکە) بانگمان ناکات حیسابی ئەو پارە بەفیرۆدراوە بکەین  کە هی ئێمە نییە؟

بەئێمە دەوترێت خزمەتکارانی خودا، هەروەها پێمان دەوترێت لەسەرمانە " بیسەلمێنین دڵسۆزین" (یەکەم کۆرنسۆس ٤: ٢).  ئێمە کوڕان و کچانی ئەرکی خوداین و پیاوان و ئافرەتانی گەیاندنی خوداین.

دەبێت ئەوە لە هۆش و بیرمان بپارێزین کاتێک موچەکانمان دادەنێین. ئێمە خاوەنی کۆگاکە نین.  ئێمە تەنیا لێرە کاردەکەین!

گریمان تۆ شتێکی گرنگت هەیە بیدەیت بەکەسێک کە پێویستییەتی. تۆ دەیپێچیتەوە و دەیخەیتە دەست پیاوی (فێد ئێکس)ەکە.  چی دەبێت بەلاتەوە ئەگەر لەبری گەیاندنی پاکەتەکە پیاوەکە بیباتەماڵەوە و بیکاتەوە و هەڵیگرێت؟  تۆ دەڵێیت " پاکاتەکە هی ئەو نییە!  ئەو نێوەندگیرە.  ئیشەکەی ئەو ئەوەیە لەمنی وەرگرێت و بیداتە دەست ئەو پیاوەی پلانی بۆدانراوە."

تەنیا لەبەر ئەوەی خودا پارەکەی (خۆی) دەخاتە ناودەستمانەوە  واتای ئەوە نییە پلانی خودا بۆ پارەکە ئەوەیە لەوێ بمێنێتەوە!

ئەوە ئەوەیە کە پۆڵس بە خەڵکی کۆرنسۆسی وت کاتێک هانی دان بەخشین بدەنە خەڵکی دەست کورت لە ئۆرشەلیم:

> لەکاتی ئێستادا با پڕیی ئێوە کەموکوڕی ئەوان پڕبکاتەوە بۆ ئەوەی لە داهاتوودا پڕیی ئەوانیش کەموکوڕی ئێوە پڕبکاتەوە، تاکو یەکسان ببێت. وەک نووسراوە: { نە ئەوەی زۆری کۆکردووەتەوە زیادی کردووە و نە ئەوەی کەمی کۆکردووەتەوە کەمی کردووە.} (دووەم کۆرنسۆس ٨: ١٤-١٥)

بۆچی خودا دەبەخشێت بە هەندێ لەمنداڵەکانی خۆی زیاتر لەوەی پێویستیان پێیەتی و ئەوانی تر کەمتر لەوەی پێویستیان پێیەتی؟ بۆئەوەی منداڵەکانی (خۆی) بەکاربهێنێت یارمەتی یەکتر بدەن. (ئەو) نایەوێت ئێمە زۆرکەممان هەبێت یا زۆر زۆرمان هەبێت (پەندەکانی سلێمان ٣٠: ٨-٩). کاتێک ئەوانەی زۆریان هەیە دەبەخشن بەوانەی زۆرکەمیان هەیە دوو گرفت چارەسەر دەبن. کاتێک ئەوان نابەخشن دوو گرفت بەردەوام دەبن.

خودا سامان بە نایەکسانی دابەش دەکات نەک لەبەر ئەوەی هەندێ لە منداڵەکانی لەوانی تر زیاتر خۆش دەوێت، بەڵکو بۆ ئەوەی منداڵەکانی پارەکە بەسەر براو خوشکەکانیان لە جیاتی (ئەو) دابەش کەن.

پۆڵس وتی ئەو خودایەی تۆو بۆ تۆو چێن دابین دەکات کۆگای تۆوی ئێمەش زۆردەکات. بۆچی؟ بۆئەوەی بتوانین تۆو ئەمبار بکەین یا بخۆین؟ نەخێر، بۆئەوەی بتوانین بڵاوی بکەینەوە تا بەرەوبووم بگرێت. خودا دەوڵەمەندی بۆ من دابین ناکات بۆ ئەوەی بە تێروتەسەلی بژیم. ئەوە دابینکردنی (ئەوە) بۆ من تا یارمەتی کەسانی تر بدەم بژین. خودا ئەم پارەیە بە من دەسپێرێت نەک بۆ ئەوەی پاشایەتی خۆم لەسەر زەوی بنیادبنێم بەڵکو پاشایەتی (ئەو) لەئاسمان بنیادبنێم.

ئایا تۆ بە پەرۆشیت پارەی خودا لەو کێڵگەی جیهانەدا بچێنیت کە پێویستی بە مەسیحە؟ ئایا بیرۆکەی بەخشین کە گرنگە بۆ هەتاهەتایی دڵت خۆش دەکات؟ ئەگەر ئێمە لە پاداشتەکانی دەرەوەی

ئەم جیهانە تێبگەیشتینایە ئەوا دەچوینە پاڵ خەڵکی مەکدۆنیا بۆ مافی تایبەتی بەخشین دەپاڕاینەوە.

**مافەدارایيەکانی خودا**

دۆزی ٨.٢ ملیۆن دۆلارەکەت بیرە دژی من کرایەوە؟ کاتێک حوکمی دە ساڵییەکە بەسەر چوو دەستەی خزمەتەکەمان وتی " ڕاندی ئێستا تۆ دەتوانیت زیاتر لە کەمترین کرێت دەست کەوێت." من و نانسی قسەمان لەسەر کرد و نوێژمان بۆ کرد. لەو کاتەدا بڕیارماندا پێویستمان بە پێوانەیەکی بەرزتری ژیان کردن نییە. پێویستمان بە خانوویەک یا ئۆتۆمبیلێکی باشتر نییە یا پێویستمان بە بیمەی زیاتر نییە. بۆیە بە خۆشییەوە و بەدڵەوە وتمان " نەخێر، سوپاس." ( دواتر بۆمان دەرکەوت کلینیکی لەباربردنی منداڵەکە حوکمەکەی درێژکردەوە بۆ دە ساڵی تر. بەڵام ئێمە سوپاسگوزاربووین ئێمە ئەوەمان نەزانی کاتێک بڕیاری خۆمان دا)

لەکۆتاییدا درێژکردنەوەکە لەساڵی ٢٠١٢ بەسەر چوو. دوای ساڵێک دەستەی خزمەتەکەمان بەشێوەیەکی دیار موچەکەی زیادکردم. لەو

کاتەوە من کرێیەکی باش وەردەگرم بە پێوانەی ئەمەریکا و کرێیەکی گەورەش بە پێوانەی جیهانی.

ئێمە سوپاسگوزارین بۆ ئەو موچە زۆرە، هەروەها خۆشیمان بینی لەوەی بتوانین چەند شتێکی کەم بکەین کە پێشتر نەماندەتوانی. کاتێک کرێکەمان زیادی کرد بەخشینی کەسیشمان زیادی کرد. هێشتا خودا لەگەڵمان بوو هەموو ئەو ساڵانەی کە موچەکەمان نزمتر بوو ، هەروەها دڵسۆزانە شتی بۆ دابین دەکردین.

ئێمە هەرگیز دەست کورت نەبووین بەو واتایەی پۆڵس باسی لێ دەکات، بەڵام بەلایەنی کەمەوە دەتوانین شتێکی کەم بەوشەکانی ئەو بناسێنین"

> من ئەمە ناڵێم لەبەر ئەوەی پێویستم بە یارمەتییە، چونکە فێربووم لە هەردۆخێکدا بم. دەزانم نەبوونی چییە و دەزانم هەمبوونیش چییە، لەهەر شتێک و لە هەموو شتێکدا فێری نهێنی ئەوە بووم لە هەبوونی و نەبوونیدا ئاسوودە بم. دەتوانم هەموو ئەم شتانە

لە ڕێگەی مەسیحەوە بکەم، ئەوەی بەهێزم دەکات.

(فیلیپی ٤: ١١-١٣)

ئێمە بەردەوام بووین هەموو مافە داراییەکانی کتێب زایە بکەین و پلانمان نەبوو بۆ وەستانی. بەدڵنیاییەوە پێویستمان پێیان نییە، هەروەها ئەوە دڵخۆشمان دەکات ببینین خودا بەکاریان بهێنێت تا کاربکاتە سەرژیانی خەڵک لەسەرانسەری هەموو جیهان.

بارودۆخی ئێمە گۆڕا دوای نوسینی ئەم کتێبەم بۆ یەکەم جار، بەڵام یەک شت نەگۆڕا: ئێمە هێشتا مافی تایبەتیمان هەیە بۆ هەبوونی ئەزمونی یەکێک لە مەزنترین هەست بزواندن کە خۆشی بەخشینە.

# ٧

## بۆ کاتێکی وا وەک ئەمە

ئەوە دەبوو ببێت بە بازرگانی هەموو

ڕۆژێک بۆ دواین ڕۆژمان ئامادەکاری بکەین.

ماثیو هێنری

ئالفرێد نۆبڵ ڕۆژنامەکەی فڕێداو سەری خستە ناو دەستەکانییەوە.

ساڵی ١٨٨٨ بوو. نۆبڵ زانایەکی کیمیایی سویدی بوو بە داهێنان و بەرهەمهێنانی داینەمێت سامانی خۆی کۆکردەوە. لودڤیگی برای لە فەرەنسا مرد.

بەڵام خەمی ئالفرێد بە نائومێدی ئاڵۆز بوو. ئەو ژیاننامەی کەسێکی مردووی خوێندەوە لە ڕۆژنامەیەکی فەرەنسی ، بەڵام ژیاننامەی برامردووەکەی نەبوو، بەڵکو هی خۆی بوو! سەرنوسەرێک براکانی لێ تێک چوو بوو. سەردێڕەکە نوسرابوو " بازرگانی مردنەکە مردووە."

ژياننامەی مردنی ئالفرێد نۆبڵ وەسفی پیاوێکی دەکرد کە دەوڵەمەند ببوو بە یارمەتیدانی خەڵک یەکتری بکوژن.

کاتێک بەم هەڵسەنگاندنەی ژیانی ڕاتەکی نۆبڵ بڕیاریدا سامانەکەی خۆی بەکاربێنێت تا میراتەکەی بگۆڕێت.  کاتێک دوای هەشت ساڵ مرد، زیاتر لە نۆ ملیۆن دۆلاری جێهێشت بۆ کۆمەککردنی ئەو پاداشتانەی دەدرێن بەو خەڵکانەی کارەکانیان سودی دەبێت بۆ مرۆڤایەتی.   پاداشتەکان ناسران بە خەڵاتی نۆبڵ.

ئالفرێد نۆبڵ هەلێکی دەگمەنی هەبوو لە کۆتایی گریمانەبۆکراوی چیرۆکی ژیانی خۆی بخەملێنێ هەروەها ئێستاش هەلی هەیە بیگۆڕێت.  پێش ئەوەی ژیانی کۆتایی هات نۆبڵ دلنیایی کرد سامانەکەی لە شتێکدا وەبەرهێنا کە بەهای هەمیشەیی هەبوو.

پێنج خولەک پاش ئەوەی دەمرین

لەکۆتایی فلیمی لیستی شیندلەر دیمەنێکی دڵ تەزێن هەیە کە تیایدا ئۆسکار شیندلەر ئەو کەسەی جولەکەیەکی زۆری لە نازییەکان کڕی پەشیمانە لەوەی پارە و موڵکی زیاتری خۆی نەبەخشی بۆ ڕزگارکردنی خەڵکی زیاتر. شیندلەر زۆر زیاتر لە زۆربەی کەسانی تر هەلی خۆی بەکارهێنابوو. بەڵام لەکۆتاییدا ئەو تامەزرەۆ بوو بگەڕێتەوە بژاردەی دڵفراوانتری زیاتر بگرێتەبەر.

پێنج خولەک پاش مردنمان ئێمە بەتەواوی دەزانین دەبوو چۆن بژینایە.

بێ باوەڕان دووەم هەلیان نابێت دووبارە بژینەوە تا ئەم جارە مەسیح هەلبژێرن. بەڵام هەروەها مەسیحییەکانیش هەلی دووەمیان نابێت دووبارە بژینەوە تا ئەم جارە کاری زیاتری وەبەرهێنان بکەن لەناو پاشایەتی خودا. ئێمە تەنیا یەک هەلی کورتمان هەیە کە کاتی ژیانمانە لەسەر زەوی تا سەرچاوەکانمان بەکاربێنین بۆ دروستکردنی جیاوازییەک.

جۆن وێسلی وتی " بڕیار لەسەر هەموو شتێک دەدەم بەو نرخەی لە هەتاهەتاییدا بەدەستی دەهێنن." سی تی ستەدی مژدەبەر نوسی "

تەنیا یەک ژیان، ئەوە ئیتر زوو دەڕوات، بەڵام تەنیا ئەوەی بۆ مەسیح ئەنجام دراوە بەردەوام دەبێت."

پێنج خولەک پاش مردنمان ئێمە بەتەواوی دەزانین دەبوو چۆن بژینایە.  بەڵام خودا (وشەی خۆی) داوە بە ئێمە بۆ ئەوەی پێویست نەکات چاوەڕێی مردن بکەین تا بۆمان دەرکەوێت.  هەروەها (ئەو ڕۆحی خۆی) داوە بەئێمە تا هێزمان بداتێ ئێستا بەو شێوەیە بژین.

لەخۆت بپرسە، پێنج خولەک پاش ئەوەی دەمرم خۆزگەم دەخواست چیم زایە بکردایە لەکاتێکدا هێشتا هەلم لەبەردەستا هەبوایە؟  کاتێک تۆ دەگەیتە وەڵامێک، بۆچی ئێستا زایەی ناکەیت؟  بۆچی تەواوی ژیانی خۆت بەسەر نابەیت بۆ پڕکردنەوەی ئەو بەتاڵاییەی هەیە لەنێوان ئەوەی خۆزگە دەخوازیت بتبەخشیایە لەگەڵ ئەوەی بەهەقیقی دەیبەخشیت؟

نۆبڵ توانی میراتەکەی خۆی لەم جیهانە بگۆڕێت.  تۆ هەلی زۆر ستراتیجی ترت هەیە بۆ گۆڕینی میراتەکەت لەو جیهانەی لەداهاتوودا دێت.

کاتێک تۆ ئەم جیهانە جێدەهێڵیت ئایا بەو کەسە دەناسرێیت کە گەنجینەی لەسەر زەوی کەڵەکە کردووە کە ناتوانیت بیپارێزیت؟ یاخود دەناسرێیتەوە بەوکەسەی کە گەنجینەی وەبەرهێناوە لەئاسمان کە ناتوانیت لەدەستی بدەیت؟

خۆت بخە جێگەی ئالفرێد نۆبڵ.  پارچە کاغەزێک و قەڵەمێک بهێنە. دانیشە و بیری لێبکەوە و پاشان ژیاننامەی خۆت بنوسە دوای مردنت. لیستێکی ئەو شتانەی یادی تۆیان پێ دەکرێتەوە، ئامادەبکە. بەردەوامبە.

ئەنجامتدا؟  ئێستا ژیاننامەی دوای مردنەکەی خۆت بخوێنەوە. هەستت چۆنە بەرامبەری؟

هەوڵ بدە دووبارە بینوسیتەوە، بەڵام ئەم جارە لە بۆچونی ئاسمانەوە. ئایا پێت وایە خودا بە ژیانی زەمینی تۆ خۆشحاڵ بێت؟

ڕەنگە ژیانێک بژیت کە مەسیح ناوەندیەتی و پەشیمانی کەمت هەبێت. ڕەنگە ڕۆژانە گەنجینە لەئاسمان کەڵەکە بکەیت. یاخود ڕەنگە وانەبێت. ڕەنگە سارد بیتەوە بەوشتەی نوسیوتە. ئەگەر وابێت هیوا بەرمەدە. هەواڵەخۆشەکە ئەوەیە تۆ هێشتا لێرەیت! وەک ئالفرێد نۆبڵ تۆ هەلەکەت هەیە بەو هێزەی خودا پێت دەبەخشێت دەستکاری ژیانت و بەوهۆیە میراتەکەت بکەیت بۆ ئەو شتەی کە دەتەوێت ببێت.

**دیاری بەخشین**

لە (ڕۆما ١٢) پۆڵس حەوت دیاری ڕۆحی لیست کردووە لەناویاندا پێشبینی کردن و خزمەتکردن و فێرکردن و بەزەیی و بەخشینە. من باوەڕم وایە لەکۆی هەموو ئەم دیاریانە بەخشین ئەو دیارییەیە کە کەمترین بیری لێکراوەتەوە لە کڵێسای وڵاتانی خۆرئاوادا.

بەدڵنیاییەوە هەموومان بانگ دەکرێین بۆ خزمەتکردن و نیشاندانی بەزەیی و بەخشین تەنانەت ئەگەر ئەو دیارییە دیاریکراوانەشمان نەبێت. بەڵام باوەڕم وایە لە کاتە جیاوازەکانی مێژوودا خودا بە

باڵاترین دەسەڵات دیاری دیاریکراوی (وەک دیاری بەزەیی لەماوەی کارەساتە وێرانکەرەکاندا) فراوانتر دابەشکردووە.

گریمان خودا ویستی پلانی خۆی بهێنێتە دی بۆ مزگێنیدانی جیهان و یارمەتیدانی ژمارەیەکی زۆری خەڵکی ئەشکەنجەدراو کە لەڕابردوودا بێ وێنە بووبێت. چاوەڕێی چ دیارییەک دەکەیت (ئەو) بەفراوانی دابەشی بکات؟ بۆچی دیاری بەخشین نەبێت؟ ئەی چاوەڕێی چ دابینکردنێک دەکەیت (ئەو) پێشکەشی ئەوانەبکات کە ئەو دیارییەی پێ بەخشیون؟ ڕەنگە سامانێک بێت کە لەڕابردوودا نەیان بووبێت بۆ دابینکردنی پێویستییەکان و فراوانکردنی (پاشایەتییەکەی).

سەیری چواردەوری خۆت بکە. ئایا ئەوە بەتەواوی ئەوە نییە کە خودا ئەنجامی داوە؟ پرسیارەکە ئەوەیە ئێمە چی بەو سامانە دەکەین کە (ئەو) پێی سپاردووین؟

ئێمە بەشێوەی ڕێک وپێک دیاری فێرکردن دەبینین و دەزانین لەچی دەچێت. ئێمە دەربارەی جەنگاوەرانی نوێژ و خوێندکارانی کتێبی پیرۆز زانیاریمان هەیە، بەڵام بەدەگمەن ئەو خەڵکانە دەناسین کە ڕێژەیەکی گەورەی داهاتەکانیان بە خودا دەبەخشن.

ئەوە لەلای مەسیحییەکان بە فراوانی باوە لەو گروپانەی باسی ئامانجی خۆیان بۆ یکتر دەکەن و پاڵپشتی یەکتر دەکەن تا پێی بگەن، پرسیاری قورس لەیەکتر بکەن: " ئایا تۆ کات بەسەر دەبەیت لە (وشەکە)دا؟" " ئایا لە بێگەردی سێکسکردندا دەژیت؟" " یا " ئایا باسی باوەڕی خۆت دەکەیت؟" بەڵام چەند جار ئێمە دەپرسین " ئایا لەو شەڕەی دژی ماتریالیزم دەجەنگیت بەردەوام لەبردنەوەدایت؟" یا " لەگەڵ بەخشینەکەتدا چۆنیت؟"

کاتێک دێتە باسی بەخشین کڵێساکان لەژێر پۆڵیسەی " پرسیار مەکە، باسی مەکە" ئیش دەکەن. ئێمە پەیوەندیکردن و بەرپرسیارێتی و پێشەنگیمان نییە. ئەوە وەک ئەوە وایە گوایە ئێمە ڕێککەوتنێکمان هەیە بێ ئەوەی باسی بکەین: من باسی ناکەم ئەگەر تۆ باسی نەکەیت، کەواتە دەتوانین بەردەوامی بدەین بەو ژیانەی کە ئێستا هەمانە.

بیری لێ بکەوە. ئەگەر کەسێکی گەنج فێربێت چۆن فێرکردن بکات یا نوێژبکات یا گروپێک بەڕێوە ببات کڵێسا نمونەی زۆر دەهێنێت تا لێی فێربین. بەڵام چۆن مەسیحییەکی گەنج فێری بەخشین دەبێت؟ ئەو لەکوێ دەتوانێت ئەوە ببینێت بەخشین لەژیانی باوەڕدارێک کە

مەسیح بەندی کردووە لەچی دەچێت؟  بۆچی ئێمە سەرمان دەسوڕمێت لەبەرئەوەی نمونەی جێگرەوە نابینین کاتێک کۆمەڵگایەکی مادی بەتوندی کاردەکاتە سەر کەسە گەنجەکانمان؟

دەبێت ئێمە ئاگاداری یەکتری بین بۆ هاندان لەسەر خۆشەویستی و کاری چاک"  (عیبرانییەکان ١٠: ٢٤).  ئایا نابێت ئەوکاتە بپرسین چۆن یەکتری هان بدەین بۆ بەخشین؟

ڕەنگە هەندێ کەس لاری هەبێت " بەڵام نابێت ئێمە بەراورد بکەین لەگەڵ بەخشینی یەکتر."  بەڵام هێشتا پۆڵس باسی بەخشینی خەڵکی مەکدۆنیا دەکات بۆ خەڵکی کۆرنسۆس کاتێک دەڵێت ئەو بەراورد دەکات بۆ مەبەستی هاندانیان (دووەم کۆرنسۆس ٨: ٧-٨).

دیکسی فرەیلی کێڵەر باسی هەندێ هاوڕێی خۆی بۆکردم.  ئەو وتی " ئەوان نمونەیەکی باڵای هونەری بەخشین بوون.  هەموو ساڵێک هەوڵ دەدەین زیاتر لەیەکتر بەخشین بەکەین!"  ئایا ئەوە هاندانی یەکتر نییە بۆ بەردەوامی؟  ئایا ئێمە پێویستمان بە یارمەتیدانی یەکتر نییە تا تووڵی بەخشین بەرزکەینەوە تا فێربین بەرزتر بازبدەین؟

(نوسراوی پیرۆز) پێمان دەفەرموێت نەبەخشین لەپێناو ئەوەی خەڵک بمانبینێت (مەتا ٦: ١). بەدڵنیاییەوە دەبێت وریابین بۆ دورکەوتنەوە لە لووتبەرزی. بەڵام عیسا لەهەمان وتاردا فەرمووی " با ئێوەش ڕووناکیتان بۆ خەڵک بدرەوشێتەوە، تاکو کردارە باشەکانتان ببینن و ستایشی باوکتان بکەن کە لەئاسمانە" (مەتا ٥: ١٦). بەهۆی لێکدانەوەیەکی هەڵەی بەدبەختی فێرکردنی کتێبی پیرۆز ئێمە بەخشینمان شاردۆتەوە و بەوهۆیە خۆشییەکەیشیمان شاردۆتەوە و خودامان لە شکۆ بێ بەش کردووە. ئێمە نەمانتوانی مەسیحییەکان بەرەو بەخشین ڕابکێشین. بەو هۆیە ئەوان شادی و مەبەستیان نییە. ساڵانێک پێش ئێستا کاتێک قەشەی مژدەبردنەکەمان لە سودان گەڕایەوە، باسی مەسیحیی بەکۆیلەکراوەی ئەو هەرێمەی بۆ کڵێساکەمان کرد. لەخۆیەوە هەندێ خێزان بڕیاریاندا ئەو ساڵە دیاری کرسمس نەبەخشن و لەجیاتی ئەوە بەخشین بکەن بۆ ئازادکردنی کۆیلەکان. پۆلی چوارەمی قوتابخانەکەمان هەزاران دۆلاری کۆکردەوە بۆ ئەم مەبەستە لەڕێگای کاری پرۆژەوە. یەک کچی پۆلی شەش پەنجا دۆلارەکەی خۆی بەخشی بۆ یارمەتیدانی باوەڕدارانی سودانی کە کۆیکردبوەوە لە تیمی باسکە یاری بکات.

خێزانێک سەدان دۆلاری پاشەکەوت کرد بۆ ئەوەی بچێتە دزنیلاند. منداڵەکەیان داوایکرد لەبری ئەوە پارەکەیان ببەخشن بۆ یارمەتیدانی کۆیلەکان. پێش ماوەیەکی زۆر خەڵک شەست هەزار دۆلاری دەبەخشی بۆ کڕینەوەی کۆیلەکان. تەنانەت ئێمە هەرگیز قوربانییەکمان پێشکەش نەکرد بەڵام بەخشینەکە تەشەنەی کرد. خەڵکی چیرۆکی بەخشینی خۆیان بەیەکتر دەوت. کاتێک ئەوەیان دەکرد ئەوە هانی جەستەکەی دەدا زیاتر ببەخشێت. ئەوە یەکێک بوو لە نایابترین سەعاتەکانی کڵێسا، هۆکاری ئەوەش بیستنی ئەوە بوو چۆن خودا بۆ بەخشین خەڵکی دەجوڵاند.

پاشا داود بەتەواوی بە گەلەکەی وت چەندی بەخشیوە بۆ دروستکردنی پەرستگاکە. بڕی تەواوی ئاڵتون و بەردی گرانبەها ئەوانەی ڕابەران بەخشییان ئاشکراکران بۆ خەڵکی گشتی. " گەل بە بەخشندەیی ڕابەرەکانیان دڵخۆش بوون، چونکە بە هەموو دڵیانەوە پیتاکەکانیان بە یەزدان بەخشی" (یەکەم پوختەی مێژوو ٢٩: ٦-٩). گەل دڵخۆش بوون و شوێن نمونەی ڕابەرەکانیان کەوتن تەنیا لەبەرئەوەی دەیانزانی ئەو ڕابەرانە چەند دڵفراوانن. ئەگەر فێرنەبین

چۆن بە بێفیزی باسی چیرۆکی بەخشینی خۆمان بۆیەکتر بکەین، کڵێساکانمان فێری بەخشین نابن.

ئەوە لەدەستدانێکی بێشومار دەبێت بۆ ژیانی ڕۆحیم ئەگەر چیرۆکی هەدسن تەیلەر و جۆرج مولەر و ئامی کارمایکڵ و ئاڕ جی لیتۆرنیۆ نەبیستم. ئەوەی کە دەیزانم خودا لەناو ئەوان و لەڕێگای ئەوان کردی بووە بەهاندانێک داوای لێ بکەم شتی زیاتر لەناو من بکات و لەڕێگەی منەوە شتی زیاتر بکات.

## هەستێکی چارەنوس

ئەو ڕاستییەی کە تۆ ئەم وشانە دەخوێنیتەوە بەشێکی شیاوی پلانی خودایە بۆ گۆڕینی ژیانت، هەروەها لەبەرامبەردا بۆ گۆڕینی مێژوو و هەتاهەتایی.

ئایا دێتەبیرت مۆردەخای چی بە ئەستێر وت؟ " چونکە ئەگەر تۆ لەم کاتەدا بێدەنگ بیت، یارمەتی و دەربازبوون لە شوێنێکی دیکە بۆ جولەکەکان سەرهەڵدەدات، بەڵام خۆت وماڵی باوکت لەناو دەبردرێن. هەروەها کێ دەزانێت، لەوانەیە بۆ کاتێکی وەک ئەمە بە پلەی پاشایەتی گەیشتوویت؟" (ئەستێر ٤: ١٤).

وەک چۆن ئەستێر پێگەیەکی مافی تایبەتی هەبوو ئاوەهاش نزیکەی هەموو کەسێک ئەو پێگەیەی هەیە کە ئەم کتێبە دەخوێنێتەوە. ئایا تۆ ڕۆشنبیر و خوێنەواریت؟ ئایا تۆ خاوەنی خواردن و جل وبەرگ و پەناگە و ئۆتۆمبیل و یەک ئامێری دیجیتاڵ یا زیاتریت؟ کەواتە تۆ لەناو ئەو کەسانەیت کە مافی تایبەتیان هەیە، ئەوانەی دەوڵەمەندی جیهانن.

بۆچی خودا بەباڵاترین هێزەوە سامانی بەتۆ سپاردووە؟ بۆ کاتێکی وا وەک ئەمە؟ کاتێک بیر لەو سەرچاوانە دەکەمەوە کە من و نانسی هەمانە هەروەها ئەو هەلی بەخشینانەی یەزدان بەرەکەتمان دەکات ناتوانم لەو هەستکردنە بوەستم کە ئێمە بەشێکین لەشتێک کە زۆر گەورەترە لەو سوچە بچوکەی لە جیهان هەمانە.

بەخشین بە دروشمی گەورەی خودا پڕمان دەکات لە هەستی چارەنوس. ئەمە ڕێکەوت نییە کە تۆ لەم کات و شوێنەی مێژوودا دەژێیت.

(نوسراوی پیرۆز) پێمان دەفەرمووێت " ئێمە دروستکراوی دەستی خوداین و بە یەکبوونمان لەگەڵ عیسای مەسیح دەبینە بەدیهێنراوێک بۆ کاری چاکە، کە خودا پێشتر ئامادەی کردووە تاکو بەئەنجامی

بگەیەنین" (ئەفەسۆس ٢: ١٠). با لە خودا بپرسین " چ کارێکی چاکەت ئامادەکردووە بۆ من تاکو لەکاتی ژیانم لە مرۆوە دەستپێبکات، بەئەنجامی بگەیەنم؟" بەدڵنیاییەوە زۆربەی ئەو کارە چاکانە بریتی دەبن لە دڵفراوان بوون لەگەڵ کات و دیاری و پارەکەمان.

ئایا خودا تۆ بانگ دەکات ببیت بە بەخشەرێکی دڵفراوانتر؟ ئایا (ئەو) بانگت دەکات باسی خۆشی بێ کۆت و بەندی (بنەمای گەنجینە) بۆ کەسانی تر بکەیت؟

تۆ دەربارەی جەنگاوەرانی نوێژکردنت بیستووە. ئەی دەربارەی جەنگاوەرانی بەخشین چیت بیستووە؟ خودا شتی زۆری پێ سپاردووین. ڕەنگە (ئەو) سوپایەکی مەزنی بەخشەران پەروەردە بکات و بانگمان بکات بێینە ناو سوپاکەوە. ئەگەر وارن بەفێت بتوانێت بگات بە بلیۆنێرەکان و سەرکەوتوانە داوایان لێ بکات زۆربەی سامانەکانیان زایە کەن ئایا نابێت شتی مەزنتر لەناو کڵێسای عیسادا ڕووبدات؟ ئایا نابێت خەڵکی لە هەموو ئاستێکی داهاتدا هانی یەکتر بدەن تا ئەزمونی خۆشی بەخشین ببینن؟

چۆن دەتوانیت ڕابەرایەتی ڕێگاکە بکەیت لە گەشتی بەخشندەییەکەدا؟ بۆچی بڕێک پارە دانانێیت کە بتوانیت لەسەری بژیت، پاشان بەخودا بڵێیت کە هەموو شتێک لەو دیو سنووری ئەو بڕە کە بۆتی دابین دەکات بۆ (خۆی) بگەڕێنیتەوە؟ کاتێک ئەوە ئەنجام دەدەیت ئارەزووی پارە پەیداکردنی زیاتر بۆ مەبەستێکی پاشایەتی دەبێت. ئەوە دەگۆڕێت بۆ ئارەزوویەک بۆ یارمەتیدانی کەسانی تر و فراوانکردنی (پاشایەتی خودا)!

ئەستەمە ئێمە بزانین بەختەوەری ئێمە بۆ ماوەی چەند بەردەوام دەبێت. بۆچی موڵک و سامانە زیادەکە زایە نەکەین لەکاتێکدا هێشتا توانامان هەیە؟ با ببەخشین هەتا ئەوکاتەی دڵمان زیاتر پەیوەستە بە کاری پاشایەتی خودا نەک پڕۆژەکانمان کە دووبارە مۆدێلیان بۆدادەنێین یا پڕۆژەی بازرگانییەکانمان یا پشووی خەونەکانمان یا پلانەکانی خانەنشینیمان . با لەخودا بپرسین ئایا (ئەو) دەیەوێت لێرە بوەستین لە دروستکردنی خانوی خەونەکەمان کاتێک هەست دەکەین زاواکەمان لەئێستاوە خەریکی دروستکردنی خانوی خەونەکەمانە لەئاسمان. لەهەمان کاتدا ئێمە دەتوانین پارەکەی خودا بەکاربێنین

بۆ دروستکردنی شتێک کە بەبا ناچێت بەڵکو بۆ هەتاهەتایە بەردەوام دەبێت.

## ئەو بیرکردنەوانەی دەبێت ڕەچاوبکرێن

" ئایا خودا ڕابەرایەتیم دەکات چەند ببەخشم لەسەروو و لەوە زیاتر بۆ قوربانی خۆبەخش؟" تەنیا خودا دەتوانێت وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە. ئەوا واتای ئەوەیە ئێمە پێویستمان بەوەیە پرسیاری لێ بکەین. (ئەو) بڕێک یا ڕێژەیەکی دیاریکراوی بۆ قوربانی خۆبەخش دانەمزراندووە. ڕەنگە ئەوە بەتەواوی وابێت ئێمە نوێژ بکەین و بەدوای ڕێبەریکردنی (ئەو) بگەڕێین ئەوەی کە بەڵێنمان پێدەدات (یاقوب ١: ٥). ئەوە کاری ئێمەیە گوێ بگرین و گوێ ڕایەڵ بین.

ئایا گوێ ڕایەڵ بوون بە خودا بۆ بەخشین یا هەرشتێکی تر لە بارێکی قورس دەچێت؟ بە پێچەوانەوە: " ئەمە خۆشەویستی خودایە، ڕاسپاردەکانی بەجێبگەیەنن، ڕاسپاردەکانیشی قورس نین" (یەکەم یوحەنا ٥: ٣). ئەوانەی گوێ ڕایەڵی خودا دەبن خۆشی ئەوەندە زۆری تیا دەبینن کە دەڵێن " خۆشی لە ڕاسپاردەکانت دەبینم!" (زەبورەکان ١١٩: ٤٧).

دەبێت خاڵی دەسپێکردنی بەخشین لە کلێسای خۆجێیەک بێت کە باوەڕی بە کتێبی پیرۆزە و مەسیح کراوە بەناوەندی و لە کۆمەڵگایەکی ڕۆحییەوە بێت کە تۆ لێی بەرپرسیت (گەلاتیا ٦: ٦؛ یەکەم کۆرنسۆس ٩: ٩-١٢). هاوشانی ئەوە دەتوانیت بەدڵفراوانیەوە پاڵپشتی مژدەبردنە بەهادارەکان و خزمەتەکانی تری هاوتای کلێسا بکەیت کاتێک بە وریاییەوە بە پێوەری کتێبی پیرۆز هەڵیاندەسەنگێنیت.

خەڵکی پرسیارم لێ دەکەن " ئایا دەبێت پاڵپشتی ڕێکخراوە سێکیولارەکان بکەم؟" ئەوە کارێکی باشە پرسیاربکرێت ئایا (کۆمەڵگا مرۆییەکە) بەقەدەر مزگێنیدان یا چاندنی کلێسا یا یارمەتیدانی هەژاران بەناوی مەسیح لەخوداوە نزیکە. زۆربەی خەڵک پاڵپشتی ئەو شوێنانە دەکەن کە بەناو پێیان دەوترێت کۆلیژە مەسیحییەکان کە وازیان لە وتەی فێرکردنەکانی خۆیان هێناوە و ئێستا خوێندکارەکان لە ڕێ لائەدەن. لەگەڵ هەموو ئەو خزمەت و قوتابخانانە لەخوا ترسانەی هەن کە دەتوانین پاڵپشتیان بکەین بۆچی پارەی خودا بدەین بەو دامەزراوانەی دژی ئەجنداکەی دەوەستن؟ نزیکەی بەرامبەر هەموو ڕێکخراوێکی سێکیولاری ڕێکخراوێکی مەسیحی هەیە کە هەمان کار ئەنجام دەدات بەڵام بە بۆچونێکی هەتاهەتاییەوە.

**کاتێک بژاردە هەبێت بۆچی پاڵپشتی ئەو ڕێکخراوانە نەکەین کە تایبەتمەندی پێوانەی کتێبی پیرۆز و کاری سروشت بەدەری (ڕۆحی خودا)یان هەیە؟**

**بۆچی لەخودا ناپرسیت چۆن باسی (بنەمای گەنجینە) (چەمکەکە یا کتێبەکە) بۆ کەسانی تر بکەیت؟ ڕەنگە تۆ لەو کەسانە بچیت کە دی ئێڵ مودی و بیڵی گراهامیان بەرەو مەسیح برد، ڕەنگە کاربکەیتە سەر کەسانی تر بەخشین بکەن زیاتر لەوەی تۆ دەتوانیت ببەخشیت.**

**ڕەچاوی پێکهێنانی خوێندنێکی کتێبی پیرۆز یا گروپێکی گفتوگۆ بکە کە بۆ ئەم مەبەستە ڕەنگە ئەم کتێبە بەکاربێنیت. لەوانەیە تۆو گروپەکە خۆشی وەرگرن لە هاوڕێیەتی ئەڵقە ڤیدیۆییەکانی (بنەمای گەنجینە) کە بە دی ڤی دی هەن یاخود لەڕێگای پەخشکردنیانەوە لە پرۆگرامی RightNow Media لەسەر هێڵی ئینتەرنێت. یاخود دەتوانیت بابەتی (خزمەتی دارایی تاج) بەکاربێنیت دەربارەی پارە و بەخشین. داوا لەخودا بکە ئاماژەبکاتە سەر ئەو کەسانەی کە لەناو بازنەی بێ هاوتای کارتێکردنی تۆ دان کە دەتوانیت قسەیان لەگەڵ بکەیت یا لەگەڵیان بخوێنیت یا لەگەڵیان نوێژبکەیت، ئەوانەی تۆ دەتوانیت ڕاوێژیان بکەیت یا ڕاوێژبکرێیت لەلایانەوە. (بێتە بیرت من**

قازانجی دارایی لەم کتێبە وەرناگرم، من ئاماژە بەم سەرچاوانە دەدەم چونکە دڵسۆزانە دەمەوێت تۆ سودیان لێ وەرگریت.)

**پەیمانی بەخشینەکەم**

لێرەدا پلانێکی شەش هەنگاوی هەیە تا یارمەتیت بدات (بنەمای گەنجینە) پەیڕەوبکەیت، ئەوەش پەیمانێکی بەخشینە لەنێوان تۆ و خودا. من هانی تۆ ئەدەم بیخوێنیتەوە و لەگەڵ هاوسەرەکەت یا هاوڕێکانت گفتوگۆی بکەیت و نوێژی بۆ بکەیت.

ئەگەر هەست بکەیت خودا ڕابەرایەتیت دەکات پابەندبونێکی نوێت هەبێت بۆ بەخشین، من هانی تۆ ئەدەم نمونەی کورتکراوی پەیمانەکە لەکۆتایی ئەم کتێبە واژوو بکەیت.

1. دووپاتی دەکەمەوە خودا خاوەنی تەواوی منە (یەکەم کۆرنسۆس ٦: ١٩-٢٠) هەروەها خاوەنی هەموو ئەو شتانەیە کە بە منی سپاردووە (زەبوورەکان ٢٤: ١). دان بەوەدا دەنێم کە موڵک و پارەکان"م" هی (ئەو)ن. من بەڕێوەبەری پارەی (ئەو)م و بەرپرسی گەیاندنی (ئەو)م. داوای لێ دەکەم بیەوێت چی بە پارەکەی بکەم.

2. بەرەوبوومی یەکەم میوە دەخەمە لاوە، بەلایەنی کەمەوە بە ڕێژەی لە ١٠٪ ی هەموو ئەوانە دەست پێدەکەم کە وەریان دەگرم و مامەڵەیان پێ دەکەم وەک ئەوەی بەتایبەتی هی خودان. ئەمە ئەنجام ئەدەم تا گوێ ڕایەڵی بم چونکە ئارەزووی بەرەکەتی (ئەو)م (مەلاخی ٣: ٦-١٢). بە باوەڕ ئەم بەرەنگارییەی خودا قبوڵ دەکەم تا لەمەدا تاقی بکەمەوە.
3. لە کۆی ئەو گەنجینەیەی ماوەتەوە کە خودا بە منی دەسپێرێت، دەگەڕێم دیاری خۆبەخش و دڵفراوان پێشکەش بکەم. دان بەوەدا دەنێم خودا سامانی بە من سپاردووە بۆ ئەوەی " لە هەموو بۆنەیەکدا دڵفراوان" بم (دووەم کۆرنسۆس ٩: ١١). کاتێک هەست دەکەم خودا تاڵان دەکەم بەهۆی ئەوەی نەک تەنیا دەیەک نەبەخشم بەڵکو هەموو قوربانییەک ڕەتکەمەوە کە داوام لێ بکات بیبەخشم (مەلاخی ٣: ٨)، داوای لێ دەکەم ویستی خۆی بۆ من ڕوون بکاتەوە.

4. داوا لەخودا دەکەم فێرم بکات بەوێنەی قوربانی بۆ مەبەستەکانی (ئەو) ببەخشم، لەناویدا یارمەتیدانی هەژاران و گەیشتن بەوانەی ون بوون.  خۆم پابەند دەکەم لە قەرزاری خۆم لادەم بۆ ئەوەی پارەکانی بۆ ئەو مەبەستە نەبەستمەوە بۆئەوەی ئازادی زیاترم هەبێت بۆ شوێن کەوتنی هاندانە ڕۆحییەکانی بەخشین.

5. کاتێک دان بەوەدا دەنێم ناتوانم گەنجینەی زەمینی لەم جیهانە ببەم من بڕیاردەدەم وەک گەنجینەی ئاسمانی کۆیانبکەمەوە، لەپێناو شکۆی مەسیح و چاکەی هەتاهەتایی کەسانی تر و خۆم.  کاتێک دووپاتی دەکەمەوە ئاسمان نەک زەوی ماڵی منە و مەسیح یەزدانمە ئەوا خۆم پابەند دەکەم بەشێوەی ڕێک و پێک سامان و موڵکەکەی لەبەردەم خۆی دابنێم لەکاتێکدا هیچ بەجێ نەهێڵم وەک دەست بۆ نەبراو، هەروەها داوای ڕێنمایی لێ دەکەم چی بە پارەکەی بکەم و لەکوێ بیبەخشم. من بەم پرسیارە دەست پێدەکەم: " ئایا من دەست بە چییەوە دەگرم کە (تۆ) دەتەوێت زایەی کەم؟"

6. کاتێک دان بەوەدا دەنێم خودا خێزان و هاوڕێ و کڵێسا و کەسانی تری نزیکی کارتێکردنی پێ بەخشیوم داوای لێ ئەکەم یارمەتیم بدات باسی (بنەمای گەنجینە)یان بۆ بکەم بۆ ئەوەی ئەوانیش ئەزمونی خۆشی هەنوکەیی و پاداشتی داهاتوو ببینن.

## گەورەترین خۆشی

تەنیا یەک وتەی عیسا لە کتێبی کردار تۆمارکراوە کە لە کتێبی ئینجیلەکاندا دەرناکەوێت. ڕەنگە خودا ئەوەی کردبێت تا دیار دەرکەوێت:

> عیسای یەزدان خۆی فەرمووی " بەخشین لە وەرگرتن بەختەوەریترە." (کردار ٢٠: ٣٥)

با ئەوەندە سەرقاڵی " بەدەستهێنانی ئەوەی هی خۆمانە" نەبین کە وامان لێ بکات تێنەگەین چی خۆشی هەقیقی دەهێنێت: ئەوە ببەخشە بە خودا کە هی (خۆیەتی). بەخشین ئەوەیە کە ئێمەی بۆ دروستکراوین: خۆشویستنی خودا و نزیکەکانمان (مەتا ٢٢: ٣٦-٤٠). بەخشین بە بوێری و خۆشیەوە یەزدانێتی مەسیح دووپات دەکاتەوە.

**نمونەیەکی ڕوونی ئەم خۆشییە لە چیرۆکە کلاسیکییەکەی چارلس دیکنزە بەناوی کارۆڵی کریسمس. کاتێک چیرۆکەکە دەست پێدەکات ئێبینزەر سکروج دەوڵەمەندە و چاوچنۆکێکی زۆر خراپە و پیسکەیە. پاش ڕووبەڕووبونەوەی لەگەڵ سێ ڕۆحدا لە (ڕۆژی کریسمس) (ئەو ڕۆژەی مەزنترین دیاری خودا لەدایک بوو) هەلی دووەمی پێ دەدرێت. وەسفکردنی ئەو سکروجەی گۆڕاوە کارم تێدەکات:**

---

بەخشین ئەوەیە کە ئێمەی بۆ دروستکراوین: خۆشویستنی خودا و نزیکەکانمان.

---

> **ئەو چووە کڵێسا و لەشەقامەکاندا ڕێی کرد و تەماشای خەڵکی کرد بەپەلە دێن و دەچن و دەستی دا لەسەری منداڵان و پرسیاری لە سواڵکەرەکان کرد و سەیری ناو مەتبەخی ماڵەکانی کرد و چاوی بۆ پەنجەرەکان هەڵبڕی و بۆی دەرکەوت هەموو شتێک خۆشی پێدەبەخشێت. هەرگیز خەونی**

بەوەوە نەبینی بوو هەموو ڕێ کردنێک و هەموو شتێک ئەوەندە خۆشی زۆری بداتێ.

دوای گۆڕانەکە سکروج کە لەخۆشیدا گێژ دەبێت بەناو شەقامەکاندا ڕێ دەکات بەدەست بڵاوی سامانەکەی خۆی بەسەر کەسانی هەژار و دەست کورتدا دابەش دەکات. ئەو کەسەی تەنیا دوێنێ گاڵتەی بە بیرۆکەی خێرخوازی دەکرد، ئێستا گەورەترین خۆشی لە بەخشیندا دەبینێت. ئێبنێزەر سکروج ئەوەی پیسکە بوو و پیسکەیەتییەکەی خۆی دەسەپاند بەسەر کەسانی تردا ئێستا بەقووڵی و تەشەنەسەندوویی دڵخۆشە. لە دوا لاپەڕەی چیرۆکەکەدا دیکنز باسی سکروج دەکات:

هەندێ کەس بەوە پێدەکەنین گۆڕانەکە لەودا ببینن، بەڵام ئەو ڕێگەی پێدەدات پێبکەنن، کەمێکیش گوێی لێ دەگرتن. . . دڵی خۆیشی پێدەکەنی، ئەوەش تەواو بەس بوو بۆ ئەو. هەروەها هەمیشە باسی ئەو دەکرا کە دەزانێ چۆن بەباشی کریسمس

بگێڕێ ئەگەر هەر کەسێکی زیندو خاوەنی زانیارییەکە بوایە.

سەرچاوەی گۆڕانی خۆشی سکروج چی بوو؟ بەدەستهێنانی بۆچوونێکی هەتاهەتایی. لەڕێگای دەستێوەردانی سروشت بەدەر ڕێگە بە سکروج درا ڕابردوو و ئێستا و داهاتووی هێشتا گۆڕاوی خۆی ببینێت لەڕێگای چاوی هەتاهەتاییەوە. با داوا ی هەمان تێگەیشتن لەخودا بکەین.

ئێبێنێزەر سکروج لەخۆشیا بازی دەدا چونکە دژە مەرگەموشی مەتریالیزمی دۆزییەوە کە ڕۆحی مەرگەموشاوی کردبوو. سکروج بەتەواوی فێربوو ئەم کتێبە دەربارەی چییە: نهێنی بەخشین بەخۆشییەوە.

ئایا دەتەوێت ئەزمونی ئەم جۆرە خۆشییە بکەیت؟ من بانگێشت دەکەم حەواڵەی موڵک و سامانەکانت بکەیت لە زەوییەوە بۆ ئاسمان. هانی تۆ دەدەم بە بێ فیز و بە دڵفراوانیی و بەردەوام بەخشین بکەیت بۆ کاری خودا. لە بەخشیندا نایاب بە بۆ ئەوەی دڵی خودا خۆش

بکەیت و خزمەتی کەسانی تر بکەیت و واتا و خۆشی نوێ بدۆزیتەوە لە ژیانی ئێستاتدا و ڕۆژێک خۆشی گەنجینەی ئاسمان ببینیت.

تکات لێ دەکەم ئامێز بۆ بانگێشکردنی مەسیح بکەیتەوە: ببەخشن، پێتان دەبەخشرێت" (لوقا ٦: ٣٨). پاشان کاتێک زیاترت پێ دەبەخشێت بیهێنەوە یادی خۆت بۆچی: بۆ ئەوەی زیاتر لە جاران دلفراوانتر بیت.

بانگێشی تۆ دەکەم گەنجینەکەت بنێریتە ئاسمان لەوێ بە سەلامەتی چاوەڕێت دەکەن. کاتێک ئەوە دەکەیت تۆ ئامێزدەگریت بۆ ئازادی و ئەزمونی خۆشی دەبینیت و هەست بە زەردەخەنەی خودا دەکەیت. کاتێک بەخشین دەکەیت هەست بە خۆشی خودا دەکەیت.

## بنەمای گەنجینە
## تۆ ناتوانیت لەگەڵ خۆتی ببەیت –
## بەڵام دەتوانیت پێش خۆت بینێریت

## کلیلەکانی بنەمای گەنجینە



**خودا خاوەنی هەموو شتێکە. من بەڕێوەبەری پارەی ئەوم.**
ئێمە بەڕێوەبەری ئەو موڵک و سامانەین
خودا پێمانی سپاردووە نەک پێی بەخشیبێتین.

**دڵم هەمیشە دەچێتە ئەو شوێنەی پارەی خودای لێ دادەنێم.**
تەماشاکە چی ڕوودەدات کاتێک پارەکەت ڕاگوێزدەکەیت
لە شتە کاتییەکانەوە بۆ شتە هەتاهەتاییەکان

**ئاسمان و زەوی نوێی داهاتوو،**
**نەک ئەم زەویە شکستەماڵی منە**
ئێمە هاوڵاتی " نیشتیمانێکی باشترین، نیشتیمانێکی ئاسمانی"
(عیبرانییەکان ١١: ١٦)

**نابێت بۆ خاڵەکە بژیم بەڵکو بۆ هێڵەکە.**
لە خاڵەکەوە کە ژیانی ئێستامانە لەسەر زەوی هێڵێک درێژدەبێتەوە
کە هەردەم دەڕوات ئەوەش هەتاهەتاییە لە ئاسمان.

**بەخشین تەنیا دژە مەرگەموشی ماتریالیزمە.**
بەخشین ڕادەستبونێکی خۆشە بە کەسێکی مەزنتر وئەجندایەکی مەزنتر.
ئەوە من لەتەختی پاشایی لادەبات وپلەی (ئەو) بەرزدەکاتەوە.

**خودا بەختەوەرم دەکات نەک بۆ بەرزکردنەوەی پیوانەی ژیانم**
**بەڵکو بۆ بەرزکردنەوەی پێوانەی بەخشینم.**
خودا پارەی زیاتر لە پێویستی خۆمان پێ دەبەخشێت بۆ ئەوەی
بتوانین بەدڵفراوانی بیبەخشین.

# پەیمانی بەخشینەکەم

1. دووپاتی دەکەمەوە خودا خاوەنی تەواوی منە هەروەها خاوەنی هەمووو ئەو شتانەیە کە بە منی سپاردووە.
2. بەرەوبوومی یەکەم میوە دەخەمە لاوە، بەلایەنی کەمەوە بە ڕێژەی لە ١٠٪ ی هەمووو ئەوانە دەست پێدەکەم کە وەریان دەگرم و مامەڵەیان پێ دەکەم وەک ئەوەی بەتایبەتی هی خودان.

3. لە کۆی ئەو گەنجینەیەی ماوەتەوە کە خودا بە منی دەسپێرێت، دەگەڕێم دیاری خۆبەخش و دڵفراوان پێشکەش بکەم.

4. داوا لەخودا دەکەم فێرم بکات بەوێنەی قوربانی بۆ مەبەستەکانی (ئەو) ببەخشم، لەناویدا یارمەتیدانی هەژاران و گەیشتن بەوانەی ون بوون.
5. کاتێک دان بەوەدا دەنێم ناتوانم گەنجینەی زەمینی لەم جیهانە ببەم من بڕیاردەدەم وەک گەنجینەی ئاسمانی کۆیانبکەمەوە، لەپێناو شکۆی مەسیح و چاکەی هەتاهەتایی کەسانی تر و خۆم.
6. کاتێک دان بەوەدا دەنێم خودا خێزان و هاوڕێ و کڵێسا و کەسانی تری نزیکی کارتێکردنی پێ بەخشیوم داوای لێ ئەکەم یارمەتیم بدات باسی (بنەمای گەنجینە)یان بۆ بکەم.

واژوو:---------------------

شایەت:-------------------

بەروار:--------------------

## ٣١ پرسیارکردن لە خودا کە ڕیشەیی

## و ئازادکەرن دەربارەی بەخشینی تۆ

پرسیارکردنی دیاریکراو لە خودا نەریتێکی گەورەیە لە (نوسراوی پیرۆز)دا.

لە دۆخێکی چارەنوس سازی ژیانیدا (دووەم ساموئێڵ ٢: ١-٢) داود دوو پرسیاری زۆر دیاریکراوی لە یەزدان کرد:

ئەو گوتی " سەر بکەوم بۆ یەکێک لە شارۆچکەکانی یەهودا؟"

یەزدانیش پێی فەرموو: <سەربکەوە.>

داودیش گوتی: <بۆ کوێ سەربکەوم؟>

ئەویش فەرمووی: < بۆ حەبرۆن.>

وەک منداڵانی خودا دەبێت داوا بکەین و بگەڕێین و لەدەرگا بدەین (سەیری مەتا ٧: ٧ بکە). وەڵامەکانی (ئەو) هەمیشە وەک ئەوانەی داود ڕاستەوخۆ نابێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا (ئەو) بانگێشتمان دەکات پرسیاری لێ بکەین.

کاتێک باس لە سەرکارێتی دارایی دەکرێت چۆنیەتی ڕابەرایەتی کردنت لەلایەن خوداوە جیاواز دەبێت لەزۆر وردەکاریدا لەچاو چۆنیەتی ڕابەرایەتی کردنم لەلایەن خوداوە. (ئەو) لیستێکی وردبینی پێوانەکراوی نەداوە بە هەر یەکێک لەئێمە تا هێمای هەڵبژاردن لە بۆکسەکانی دابنێین. بەڵکو زیاتر (ئەو) بنەماکانی سەرکارێتی لەناو (وشەی خۆی) بۆ ئامادەکردوین. لە پرۆسەی ئەم زۆران گرتنەدا خودا چاوەڕێمان دەکات بەدوای ڕووخساری (خۆی) بگەڕێین و دوای ڕاوێژی باوەڕدارانی لەخوا ترس بکەوین.

بڕیارەکانی سەرکارێتی دارایی پێویستی بە دانایی لەوەی خۆمان زیاتر هەیە. (نوسراوەپیرۆزەکان) دەفەرمووێت " ئەگەر یەکێکتان لەدانایی کەموکوڕی هەیە، با داوا لەخودا بکات، کە بەدڵفراوانی بە هەمووان دەبەخشێت و گلەییش ناکات" (یاقوب ١: ٥).

ئایا تۆ بەڕاستی ئارەزووت هەیە لە دانایی و هێزی خودا بۆ دەرکردنی بڕیاری قورسی سەرکارێتی ( و هەڵسەنگاندنی دڵی خۆت)؟ ئەو کاتە داوابکە. (ئەو) لەتاریکیدا جێت ناهێڵێت. (ئەو) (وشە و ڕۆحی خۆی) پێ بەخشیویت تا ڕێبەریت بکات.

ئەم سی و یەک پرسیارەی خوارەوە داڕێژراوە تا یارمەتیت بدەن. دوای هەر پرسیارێک پارچە نوسراوێکی سەرەکی (نوسراوی پیرۆز)م لیست کردووە لەگەڵ پارچە نوسراوی تر و هانت دەدەم بیانخوێنیتەوە. (دەتوانیت بەقووڵی بیریان لێبکەیتەوە یەک لەدوای یەک هەتا ئارەزووت لێی هەیە یاخود ڕۆژی لە یەکێکیان وورد بیتەوە بۆ ماوەی مانگێک). خودا بەڵێن دەدات (وشەکانی) بۆی ناگەڕێنەوە بەبێ بەدەستهێنانی ئەو مەبەستەی کە بۆی ناردووە (سەیری ئیشایا ٥٥: ١١ بکە). بۆیە بۆ هەریەکێک لەم ووردبوونەوە کورتانە، پێش هەموو شتێک سەرنج بخەسەر نوسراوەکان و دواتر پرسیارەکان.

داوا لە (ڕۆحی پیرۆز) بکە قسە بۆ دڵت بکات و ڕێنماییت بداتێ. (ئەو) دەیکات. پشتی پێ ببەستە.

**ئەو پرسیارانەی لەخودا دەکرێت**

1. باوکی ئاسمانی بە (وشەی خۆت) بەستنەوەیەکی ڕاستەوخۆ دەکەیت لەنێوان بینینی ئەزمونی نیعمەت و بینینی ئەزمون لەڕێگای نیعمەتەوە. کەواتە ئایا ڕادەی بەخشینی من پێشنیاری ئەوەدەکات من دانم بە نیعمەتەکەی تۆ ناوە و لەئامێزم گرتووە؟

**ئاوا لەم نیعمەتەی بەخشینیشدا زیادبکەن. . . نیعمەتی عیسای مەسیحی خاوەن شکۆمان دەزانن، هەرچەندە دەوڵەمەند بوو، لە پێناوی ئێوەدا ببوە هەژار، بۆ ئەوەی ئێوە بە هەژاریی ئەو دەوڵەمەند بن. (دووەم کۆرنسۆس ٨: ٧، ٩)**

**هەروەها سەیری (دووەم کۆرنسۆس ٩: ١٥ و ڕۆما ٨: ٣٢) بکە.**

**2. باوکی ئاسمانی ئایا (تۆ ) منت پەروەردەکردووە بۆ کاتێکی وەک ئەمە؟  ئایا ئەوە لە ڕێکەوت زیاترە کە سەرچاوەی دارایی زۆرت پێ سپاردووم لە کاتێکدا کە هەژاران و مزگێنی**

پێنەدراوان پێویستی وا گرنگیان دەوێت و چانسی یارمەتی دانیان هەیە کە لەڕابردوودا شتی وا نەبووە؟

هەروەها کێ دەزانێت، لەوانەیە بۆ کاتێکی وەک ئەمە بە پلەی پاشایەتی گەیشتوویت؟ (ئەستێر ٤: ١٤)

هەروەها سەیری (کردار ١٧: ٢٦ و ئەفەسۆس ٢: ١٠) بکە.

3. باوکی ئاسمانی ئایا من پاسەوانی لەچی دەکەم و چی بۆ خۆم هەڵدەگرم کە ڕێگەم لێبگرێت بە هەموو دڵەوە پشتت پێ ببەستم؟ کام لە " موڵک و سامان"ەکەمت پێ ببەخشم، بۆ ئەوەی (تۆ) نەک پارە و شتت ببیت بە ناوەندی هێزی ڕاکێشان (تاودان)؟

خزمەتکار نییە بتوانێت کۆیلایەتی
دوو گەورە بکات، چونکە ڕقی لە
یەکێکیان دەبێتەوە و ئەوی
دیکەی خۆش دەوێت، یان
دەست بەیەکێکیانەوە دەگرێت و
ئەوی دیکە پشتگوێ دەخات.
ئێوەش ناتوانن کۆیلەی خودا و
پارە بن. (لوقا ١٦: ١٣)

هەروەها سەیری (زەبوورەکان
٤٢: ١-٢ و مەتا ٥: ٦) بکە.

4. باوکی ئاسمانی ئایا من شەرەف دەبەخشم بە (تۆ) وەک خاوەنی ئەو موڵک وسامانەی پێت سپاردووم بایەخیان پێبدەم؟ یاخود هەر وەک ڕاوێژکارێکی دارایی سەیرت دەکەم کە کرێیەکت دەدەمێ (لەسەدا ٢ یا لە سەدا ١٠ یا. . . )؟ ئایا من ڕەفتار دەکەم گوایا من خاوەنی دوکانەکەم و

(تۆ)ش کارم بۆ دەکەیت نەک دان بەوەدا بنێم کە (تۆ) خاوەنیت و منیش کار بۆ (تۆ) دەکەم؟

زەوییەکە هی منە و ئێوە نامۆ و کرێگرتەی منن. (لێڤییەکان ٢٥: ٢٣)

هەروەها سەیری (دوا وتار ١٠: ١٤ و یەکەم پوختەی مێژوو ٢٩: ١١-١٢) بکە

5. لە کوێی ناو کۆمەڵگاکەم (تۆ) دەتەوێت من بەشداریبکەم لە دابینکردنی پێویستییە ڕۆحییەکان و فیزیکییەکان لەڕێگای ئەو خزمەتانەی بە مەسیح ناوەندکراون؟ ناو شار؟ خزمەتی بەندیخانە؟ کاری پاڵپشتکردنی لەبار نەبردنی منداڵ؟ ئایا گەشتی مزگێنی ماوەکورت یا خزمەتی ماوەدرێژی دەرەوەی وڵات بەشێکی پلانە خۆشەکەتە بۆ من و خێزانەکەم؟

[یۆشیا] بەتەواوی پاڵپشتی لە
مافی هەژار و نەدار کرد، جا
سەرکەوتوو بوو. ئایا ئەمە واتای
ئەوە نییە من دەناسێت؟ (یەرمیا
٢٢: ١٦)

هەروەها سەیری (پەندەکانی
سلێمان ٢٨: ٢٧ و ڕۆما ١٠: ١٣-
١٥) بکە.

6. باوکی ئاسمانی بۆچی بەرەکەتی داراییت بە من سپاردووە گەورەتر لەوەی جاران پێت سپاردبووم؟ ئایا ئەوە بۆ بەرزکردنەوەی پێوانەی بەخشینی منە؟ ئایا بە هەقیقی وەک کەسێکی گەیەنەری (تۆ) سەیری خۆم بکەم یا وای دابنێم (تۆ) شتەکان دەخەیتە دەستم تا بۆ خۆمیان هەڵگرم؟

له هەموو شتێکدا دەوڵەمەند دەبن تاکو هەموو کاتێک دڵفراوان بن، دڵفراوانییەکەتان لە ڕێگەی ئێمەوە سوپاسی خودای لێ دەکەوێتەوە. (دووەم کۆرنسۆس ٩: ١١)

هەروەها سەیری (دووەم کۆرنسۆس ٨: ١٤ و کردار ١١: ٢٩) بکە.

7. عیسای یەزدان ئایا من پارەی زۆرم بۆ خۆم کەڵەکە کردووە؟ ئایا ڕێگەم داوە بە خەرجکردنی ناژیرانە و کەوتومەتە قەرزی زۆرەوە کە ناهێڵێت بەخشین بۆ (تۆ) بکەم؟ ئایا من وتومە " ئەوەندە نەماوەتەوە بۆ بەخشین؟" لەکاتێکدا بەردەوام پارە خەرج دەکەم لەو خووانەی کە دڵنیایی دەکەن پارەی تەواو نامێنێت بۆ بەخشین؟

به سامانت ڕێزی یەزدان بگرە،
به یەکەمین بەرهەمی هەموو
خەرمانەکانت. ئەمبارەکەت پڕ
دەبێت هەتا تێری، قەڕابەکەت
سەرڕێژ دەبێت لە شەرابی نوێ.
(پەندەکانی سلێمان ٣: ٩-١٠)
هەروەها سەیری (پەندەکانی
سلێمان ٢٢: ٧ و یەکەم
کۆرنسۆس ١٦: ٢) بکە.

8. باوکی ئاسمانی هەندێ جار پرسیارم کردووە بۆچی لە ڕووی دارایییەوە بەرەکەتی زیاترم پێ نابەخشیت. ئایا ئەوە دەبێت بەوەی کە یەکەم جار پارە لەسەر خۆم خەرج دەکەم نەک بەرەوبوومی یەکەم میوەت پێ ببەخشم؟ ئایا من خۆم خستۆتە سایەی ڕاهێنانی (تۆ)وە؟

" ئایا دەگونجێ کە لە ماڵە ڕازاوەکەتان دابنیشن، بەڵام ئەم ماڵە وێرانە؟"

ئێستاش یەزدانی سوپاسالار ئەمە دەفەرموێت: < لە کردەوەکانتان ڕا بمێنن. زۆرتان چاند، بەڵام کەم هات. خواردتان، بەڵام تینوێتیتان نەشکا. بەرگتان پۆشی، بەڵام گەرم نەبوونەوە. کرێگرتەش کرێ وەردەگرێت، بەڵام دەیخاتە گیرفانی دڕاو. . .

چاوەڕێی زۆرتان کرد، بەڵام کەم هات. ئەوەی ئێوە هێناتانە ماڵەوە، فووم لێی کرد. لەبەر

چی؟ لەبەر ماڵەکەم، ئەوەی
کەوێرانە، ئێوەش هەریەکە و
بەماڵەکەی خۆیەوە سەرقاڵە.
لەبەر ئەوە ئاسمان شەونمی
لەسەر ئێوە ڕاگرت و زەویش
بەرەوبوومی خۆی ڕاگرت."
(حەگەی ١: ١-٤، ٩-١٠)

هەروەها سەیری (مەلاخی ٣: ٨-
١١ و لوقا ٦: ٣٨).

9. باوکی ئاسمانی ئایا من کەوتومەتە داوی ئەو درۆیەی کە پارەی تەواوم نییە بەخشین بکەم، سەرەڕای ئەو ڕاستییەی کە گەورەترین نمونەی بەخشەران لە (نوسراوی پیرۆز)دا خەڵکانی هەژاربوون؟

قوتابییەکانی بانگکرد و پێی فەرموون : < ڕاستیتان پێ دەڵێم، ئەم بێوەژنە هەژارە، لەهەموو ئەوانەی دیکە پارەی زیاتری خستە ناو گەنجینەکە، چونکە هەمووان لە زیادەی خۆیان بەخشییان، بەڵام ئەم بێوەژنە، سەرەڕای هەژارییەکەی هەموو بژێوییەکەی بەخشی.> (مەرقۆس ١٢: ٤٣-٤٤)

هەروەها سەیری (دووەم کۆرنسۆس ٨: ١-٤ و گەلاتیا ٦: ٩-١٠) بکە

10. باوکی ئاسمانی ئایا ئەوە شەرەف بە (تۆ) دەبەخشێت ئەگەر ئاستێکی بنەڕەتی داهات دیاریبکەم بەس بێت بۆ بەسەر بردنی ژیان، پاشان بەئاسانی هەموو شتێکی تر زایە بکەم کە لەپاڵ

ئەوە بۆم دابین دەکەیت؟  لەو پرۆسەیەدا ئایا فێرم دەکەیت زیاتر سوپاسگوزار و قایل بم؟

ئەوەی حەزی لەپارە بێت لەپارە
تێرنابێت ، ئەوەی حەزی له
سامان بێت له داهات تێر نابێت.
(ژیرمەندی ٥: ١٠)

هەروەها سەیری (هۆشەع ١٣: ٦
و فیلیپی ٤: ١١-١٣) بکه.

1 1 .  عیسای یەزدان لەبەرئەوەی موڵک و سامانی دارایی لەکاتی هاتنەوەی دووەمی (تۆ) دەسووتێ ئایا ئەو موڵک و سامانەی لەسەر زەوی کۆمکردۆتەوە بەفیڕۆ دەڕوات ئەگەر لەکاتی ژیانمدا بگەڕێیتەوە؟

بەڵام هاتنی ڕۆژی یەزدان وەک هاتنی دز وایە، تێیدا بە دەنگێکی بەرز ئاسمان نامێنێت، بە سووتان توخمەکان لەناودەچن، زەوی و ئەو کارانەی تێیدایە نامێنێت. کە هەموو ئەو شتانە لەناوبچن، ئیتر پێویستە ئێوە چ جۆرە کەسانێک بن؟ (دووەم پەترۆس ٣: ١٠-١١)

هەروەها سەیری (ژیرمەندی ٥: ١٥ و یەکەم کۆرنسۆس ٩: ٢٤-٢٥) بکە.

12. باوکی ئاسمانی ئایا ئەو ڕاستییەی کە پارەی (خۆت) بە من سپاردووە ئەوە نیشان دەدات تۆ لە منت دەوێت لەماوەی ژیانمدا بۆ هەتاهەتایی وەبەرهێنانی تیابکەم نەک ئەو بەرپرسیارێتییە

بخەمە ئەستۆی منداڵەکانم؟ کاتێک منداڵەکانم کۆلیجیان تەواوکرد یا کاتێک بۆخۆیان کاردەکەن ئایا جێهێشتنی سامانەکەم وەک میرات (جگە لە دیاری ماقوڵ و بابەتی هەستوسۆز یا بەهای کەلەپور) دبێت بە کارتێکردنێکی ئاڵۆز یا تەنانەت گەندەڵ بۆیان؟

میراتێک لە سەرەتای ژیان و
بەزوویی دەست بکەوێت لە
کۆتاییدا بێ بەرەکەت دەبێت.
(پەندەکانی سلێمان ٢٠: ٢١)

هەروەها سەیری (پەندەکانی
سلێمان ١٣: ١١؛ ١٧: ٢٦ و
یەکەم کۆرنسۆس ٤: ٢) بکە.

13. چۆن دڵنیا بم ئەو موڵک و سامانەی بە منت سپاردووە دوای مردنم خزمەتت دەکات؟ من دەمەوێت بۆ منداڵەکانم و نەوەکانم دڵفراوان بم بەڵام نامەوێت وایان لێ بکەم پشت بەتۆ نەبەستن.

ئەگەر ئەوان پێگەیشتوو بن و پێویستیان بە پاڵپشتی دارایی من نییە ئایا دەبێت ئەوەی ئێستا دەتوانم زایەی بکەم و کاتێکیش دەمرم ئەوەی دەمێنێتەوە زیاتری لێ جێبێڵم بۆ کڵێساکەم و مژدەبردنەکان یا خزمەتەکان کە لە دڵی (تۆ)ەوە نزیکن؟

وەرن ئەی ئەوانەی باوکم
بەرەکەتی پێدان، ببنە میراتگری
ئەو شانشینە کە لە دامەزراندنی
جیهانەوە بۆتان ئامادەکراوە،
چونکە برسی بووم نانتان دامێ.
(مەتا ٢٥: ٣٤-٣٥)

هەروەها سەیری (یەکەم
پەترۆس ١: ٣-٤ و کۆلۆسی ٣:
٢٣-٢٤)

**1 4 . باوکی ئاسمانی لایەنی نەرێنی هەتاهەتایی بەخشینی زۆرترین پارە چییە کە ئێستا بەتۆی دەبەخشم؟ بە پێچەوانەوە، ئەی لایەنی نەرێنی هەتا هەتایی کەمترین پارەی بەخشینەکەم یا دواخستنی بەخشینەکەم چییە؟**

**ئەوەی لەکەم دەستپاکە لە زۆریش دەسپاکە، ئەوەی لەکەم ناپاکە لە زۆریش ناپاکە. ئەگەر لە سامانی ئەم دنیایە دەستپاک نەبن، کێ سامانی ڕاستەقینەی بە ئێوە دەسپێرێت؟ ئەگەر لە شتی خەڵکی دەستپاک نەبن، کێ شتی خۆیتان دەداتێ؟ (لوقا ١٦: ١٠-١٢).**

هەروەها سەیری (لوقا ١٩-١٧؛
مەرقۆس ١٠- ٢٩-٣٠؛ و دووەم
کۆرنسۆس ٥: ٩-١١) بکە.

5 1 . یەزدان، ئەگەر ئێستا بەخشین دوابخەم ئایا دەشێت پارەکە دیارنەمێنێ یا بمرم پێش ئەوەی چانسی بەخشینیم هەبێت؟

ئەی یەزدان، کۆتایی ژیانی خۆم
پیشان بدە، هەروەها ڕۆژگارەکانی
ژیانم چەندە، بۆ ئەوەی بزانم من
چ فەوتاوێکم. بەڕاستی ڕۆژگاری
منت کردووە بە بستێک، تەمەنم
لەبەرچاوت وەک هیچە. ژیانی
هەر مرۆڤێک تەنها هەناسەیەکە.
بەڕاستی مرۆڤ وەک سێبەر دێت
و دەچێت، ڕەنج دەدات، بەڵام
بێگومان بێهوودەیە، سامان

کۆدەکاتەوە، نازانێت دوای خۆی بۆ کێ دەبێت. (زەبوورەکان ٣٩: ٤-٦)

هەروەها سەیری (ژیرمەندی ٥: ١٣-١٤؛ ٨: ٨) بکە.

16. ئەگەر ئێستا سەرچاوەکانم بۆ دروشمەکانی پاشایەتییەکەی (تۆ) بەرەڵا نەکەم ئایا من دەکەومە ناو مەترسی سەرقاڵ بوون بە گەنجینەی زەمینی زیاتر لە گەنجینەی ئاسمانی؟

دەوڵەمەندەکانی ئەم ڕۆژگارە ڕابسپێرە لووتبەرز نەبن و هیوایان بە سامانی لەناوچوو نەبێت، بەڵکو بە خودا، کە هەموو شتێکمان بە تێروپڕی دەداتێ تاکو خۆشیی لێ ببینین.

ڕایانبسپێرە چاکە بکەن و لەکاری چاکەدا دەوڵەمەند بن، دڵفراوان بن و ئامادەبن بەشی خەڵکی دیکە بدەن. (یەکەم تیمۆساوس ٦: ١٧-١٨)

هەروەها سەیری (مەتا ٦: ٢١ و عیبرانیەکان ٣: ١٥) بکە.

17 . یەزدان، ئایا من خۆم لە خۆشی و پاداشت تاڵان دەکەم و (تۆ) لە متمانەی خۆم تاڵان دەکەم بەهۆی دەستگرتنم بە موڵک وسامانی گرنگەوە ئەوانەی دەتوانم بەخۆشییەوە بە (تۆ)ی ببەخشم؟

نەک لەبەر ئەوەی حەزم لەبەخشین بێت بەڵکو حەزم لەو بەرهەمەیە کە لەلای خودا بۆتان تۆماردەکرێت. (فیلیپی ٤: ١٧)

هەروەها سەیری (عیبرانییەکان
٩: ٢٧ و ئەفەسۆس ٦: ٨) بکە.

18. باوکی ئاسمانی واڵ ستریت ناتوانێت دەستکاری قازانجی هەتاهەتایی وەبەرهێنان بکات لەناو پاشایەتییەکەی (تۆ). کەواتە بۆچی چاوەکانم زۆرجار سەرنج دەخاتە سەر وەبەرهێنانی زەمینی کاتێ کە قازانجێکی زۆر بچوکی هەیە کە جێی بەزەییە؟ یەزدان، تکایە بۆچونەکانم فراوان بکە و باوەڕم زیادبکە و ئەقڵییەتی وەبەرهێنانی هەتاهەتاییم فراوان بکە.

هەرکەسێکیش لەبەر ناوی من،
ماڵ، برا، خوشک، دایک، باوک،
ژن، منداڵ یان کێڵگەی
بەجێهێشتووە، سەد ئەوەندە
وەردەگرێتەوە و ژیانی

هەتاهەتاییش بە میرات وەردەگرێت. (مەتا ١٩: ٢٩)

هەروەها سەیری (عیبرانییەکان ٦: ١٠ و دووەم کۆرنسۆس ٤: ١٨) بکە.

1 9 . یەزدان، تکایە یارمەتیم بدە بە ڕوونی ببینم باشترین شوێن کوێیە پارەکەتی پێ ببەخشم. چۆن بتوانم ئەوە دیاری بکەم چ وەرگرێک زۆرترین سوود وەردەگرێت لەو پارەیەی دەیبەخشم هەروەها چ وەرگرێک لەوەدەچێت بەخراپی بەڕێوەی بەرێت؟ یارمەتیم بدە نەک هەر بەخشەرێکی دڵفراوان بم بەڵکو بەخشەرێکی داناش بم.

لە خودا دەپاڕێمەوە کە خۆشەویستیتان بە زانیاری و ئەوپەڕی تێگەیشتنەوە زیاتر و

زیاتر بکات، تاکو باشترین شت
جیا بکەنەوە. ( فیلیپی ١: ٩-١٠)

هەروەها سەیری (یەکەم
تیمۆساوس ٥: ٣-٥ و پەندەکانی
سلێمان ١٤: ٧) بکە.

20. (تۆ) دەستخۆشیت لە زەکا کرد لەبەر ئەوەی نیوەی سامانەکەی زایە کرد، کاتێک بینیت ئەو بەخشینە لە دڵێکی گۆڕاوەوە هات. ئێمە شوێنکەوتووی عیساین تەنیا وەک ئەو خەلکانەی دوو هەزار ساڵ پێش ئێستا. تۆ هەرگیز ڕای (خۆت) دەربارەی بەخشین بەدڵفراوانی نەگۆڕیوە، وایە؟ خودایە، ئایا هێزم دەدەیتێ ئەوەندە متمانەت پێ بکەم لە ئەنجامی گوێ ڕایەڵ بوونی (تۆ) بۆ چاکەی کەسانی هەژارو دەست کورت کردار بکەم؟

بەڵام زەکا ڕاوەستا و بەمەسیحی

خاوەن شکۆی گوت: < گەورەم،

ئەوەتا نیوەی سامانەکەم دەدەمە

هەژاران و ئەگەر بەهەر

شێوەیەک فێڵم لە کەسێک

کردبێت، چوارقاتی دەدەمەوە.>

عیسا پێی فەرموو: < ئەمڕۆ

ڕزگاری بۆ ئەم ماڵە هات، لەبەر

ئەوەی ئەویش کوڕی ئیبراهیمە."

(لوقا ١٩: ٨-٩)

هەروەها سەیری (مەتا ١٩: ٢١ و

لوقا ١٤: ٣٣) بکە.

1 2 . ئەگەر لیستێکی هەموو ئەو موڵک و سامانە ئامادە بکەم کە پێت سپاردووم، یەزدان، ئینجا داوام لێ بکەیت چی زایە بکەم،

ئایا هیچ شتێک هەیە وەک خانوو و ئۆتۆمبیل و ئەرز و پارەی خانەنشینی و ئەژمێری بانکی وەک شتێکی دەست لێ نەدراو مامەڵەی لەگەڵ بکەم؟

زەوی و هەرچی تێدایە هی یەزدانە، جیهان و ئەوانەی تێیدا دەژین، (زەبوورەکان ٢٤: ١)

هەروەها سەیری (یەکەم کۆرنسۆس ٦: ١٩ ٢ زەبوورەکان ٥٠: ١٢ و حەگەی ٢: ٨) بکە.

2 2. باوکی ئاسمانی، بەبێ ئەوەی هەستی پێ بکەم ئایا من پارە دکەم بە جێگرەوەی خوداکەم؟ ئایا من ئەزمونی ئەو خۆشییە نابینم کە تەنیا لە (تۆ) دا بەدی دەکرێت؟

به پەرۆشم بۆت، گیانم تینووی
تۆیە، لە خاکێکی وشک و ماندوو
و بێ ئاو. (زەبوورەکان ٦٣: ١)

هەروەها سەیری (کۆلۆسی ٣: ٤-
٦ و زەبوورەکان ٣٤: ٨) بکە.

3 2. کاتێک بەرەو ڕووت دەبمەوە ئایا خۆزگە دەخوازم بەخشینی زیاترم بکردایە؟ خودایە، بە نیعمەتی خۆت یارمەتیم بدە ئەو بەتاڵاییە پڕکەمەوە کە هەیە لەنێوان ئەوەی ئێستا دەیبەخشم و ئەوەی خۆزگە دەخوازم ڕۆژێک بمبەخشیایە.

ئاگادار بن و خۆتان لە هەموو
جۆرە چاوچنۆکییەک بپارێزن،
چونکە ژیانی مرۆڤ بە زۆری
سامانەکەی نییە. (لوقا ١٢: ١٥)

هەروەها سەیری (دووەم کۆرنسۆس ٨: ٧ و کردار ١٠: ١-٤) بکە.

4 2 . یەزدان، من دەزانم تۆ بانگم دەکەیت دانا بم، بەڵام ئایا من سەرنجم لەسەر پاشەکەوتکردنە تا ڕادەی کۆکردنەوە و کەڵەکەکردن وەک گێلە دەوڵەمەندەکە لەبری متمانەکردن بە تۆ؟

لەبەر ئەوە خەمی بەیانی مەخۆن، چونکە بەیانی خەمی خۆی دەخوات. هەر ڕۆژێک خراپی خۆی بەسە. (مەتا ٦: ٣٤)

هەروەها سەیری (پەندەکانی سلێمان ٣: ٥-٦ و فیلیپی ٤: ٦، ١٩) بکە.

25. باوکی ئاسمانی، ئایا موڵکو سامانی مادی پێشبڕکیت لەگەڵ دەکات بۆ فەرمانڕەوایی کردن بەسەر ژیانما؟ ئایا من ئەوەندەم بەخشیوە تا ئەزمونی ئازادیەکی خۆش ببینم لە ستەمی پارە و شتەوە؟

لەبەر ئەوەی هیچمان نەهێناوە بۆ جیهان، ئاشکرایە ناتوانین هیچیشی لێ ببەینە دەرەوە. جا ئەگەر خواردن و پۆشاکمان هەیە با پێی ڕازیبین. بەڵام ئەوانەی حەز دەکەن دەوڵەمەند بن، دەکەونە تاقیکردنەوە و داوەوە، هەروەها دەکەونە نێو زۆر ئارەزووی گەوجانەوە و زیانبەخشەوە، کە وادەکات مرۆڤ تێبکەوێت و لەناوبچێت. لەبەر ئەوەی خۆشویستنی پارە یەکێکە لە سەرچاوەکانی هەموو جۆرە

خراپەکارییەک، هەندێک کەس بەدوایدا گەڕان ون بوون لە باوەڕەکەیان و خۆیان تووشی ئازارێکی زۆر کرد.

بەڵام تۆ ئەی پیاوی خودا لەم شتانە ڕابکە. بەدوای ڕاستودروستی بگەڕێ (یەکەم تیمۆساوس ٦: ٧-١١)

هەروەها سەیری (حزقییێل ٢٨: ٤-٥ و ئاشکراکردن ٣: ١٧-١٨) بکە.

26. من بەدیاریکراوی دەست بەچییەوە دەگرم کە (تۆ) دەتەوێت زایەی کەم؟ لەبەر ئەوەی (تۆ) بەڵێنم پێ دەدەیت " بەخشین بەرەکەتدار (دڵخۆشکەر) ترە لە وەرگرتن" چ خۆشییەک

چاوەڕێم دەکات بەهۆی دەست بەرداربوون و زیاتر بوون بە بەخشەر؟

ئەوەی چاوتێر بێت بەرەکەتدار دەبێت، چونکە لە نانی خۆی دەداتە هەژار. (پەندەکانی سلێمان ٢٢: ٩)

هەروەها سەیری (کردار ٢٠: ٣٥ و دووەم کۆرنسۆس ٨: ١٣-١٥) بکە.

7 2. عیسا چۆن بتوانم باشتر پەیوەندی لەگەڵ هاوسەر و منداڵەکانم بکەم و نوێژیان لەگەڵ بکەم تا پێکەوە بەم ڕێگا خۆشەی بەخشینەدا ڕێبکەین؟

جا ئەم وشانەم لەسەر دڵ و گیانتان دابنێن و وەک نیشانە دەستتانی ببەستن و با گوڵنگ بن بە ناوچەوانتانەوە. منداڵەکانیشتان فێربکەن و پێی بدوێن کاتێک لە ماڵەکانتان دادەنیشن و کاتێک بە ڕێگادا دەڕۆن و کاتێک دەخەون و کاتێک هەڵدەستن. ( دوا وتار ١١: ١٨-١٩)

هەروەها سەیری (دووەم کۆرنسۆس ٩: ٧ و ئەفەسۆس ٥: ٢٢، ٢٥) بکە.

28. ئایا من چی دەکەم ئەی دەبێت چی بکەم بۆ ئەوەی ڕاهێنان بەو منداڵانە بکەم کە لە ژێر کاریگەری منن تا ببنە بەخشەری بەردەوام و دڵخۆش و دڵفراوان؟

منداڵ لەسەر ئەو ڕێگایە ڕابهێنە
کە پێویستە بیگرێت، پیریش
بێت لێی لانادات. ( پەندەکانی
سلێمان ٢٢: ٦)

هەروەها سەیری (یەکەم کۆرنسۆس ١١: ١؛ ١٦: ٢) بکە

29. یەزدان، هەست بەوە دەکەم لە زۆربەی شوێنەکانی جیهان زۆر بە دەوڵەمەند سەیردەکرێم (تەنانەت ئەگەر لەم شوێن و کاتەدا سەر بە چینی ناوەڕاست یا نزمتر بم). ئایا ئەوەندە پارەی زۆرت خستۆتە دەستەکانمەوە لەبەرئەوەی بە دیاری بەخشین

بەرەکەتت کردووم؟ بە پەیڕەونەکردنی ئەم دیارییە بە ڕادەیەکی گەورەتر چیم لەکیس چووە؟

ئێمەش بەهەمان شێوە، هەرچەندە زۆرین، بەیەکبوون لەگەڵ مەسیح ئەندامی یەک جەستەین و هەرئەندامێک پەیوەستە بە ئەندامەکانی دیکەوە. بەڵام بەهرەی جیاوازمان هەیە، بەگوێرەی ئەو نیعمەتەی پێمان دراوە: ئەگەر کەسێک بەهرەی ڕاگەیاندنی پەیامی خودای هەیە، با بەگوێرەی ڕێژەی باوەڕ بێت؛ ئەگەر بەهرەی خزمەتکردنی هەیە، با خزمەت بکات؛ ئەگەر بەهرەی فێرکردنی هەیە، با فێر

بکات؛ ئەگەر بەهرەی هاندانی هەیە، با هانبدات؛ ئەگەر بەهرەی بەخشینی هەیە، با بەدڵفراوانییەوە ببەخشێت. (ڕۆما ١٢: ٥-٨)

هەروەها سەیری (دووەم کۆرنسۆس ٩: ٧ و گەلاتیا ٦: ٩) بکە.

٣٠. ئەگەر من بەخشەر بم کێ فێری بەخشین بەکەم و ڕاوێژ بەکێ بکەم بەخشین بکات؟ بە ڕۆحێکی بێفیزییەوە چۆن باسی خۆشی بەخشین بۆ کەسانی تر بکەم؟

چونکە پرۆشیتان دەزانم لەلای مەکدۆنییەکان شانازیم پێوەکردووە، کەوا ئێوە لە ئەخایا

له پارەوە ئامادە بوون و
دڵگەرمیتان زۆربەیانی جۆشدا. (
دووەم کۆرنسۆس ٩: ٢-٣)
هەروەها سەیری (یەکەم
پوختەی مێژوو ٢٩: ١-١٤ و
عیبرانییەکان ١٠: ٢٤) بکە.

1 3. باوکی ئاسمانی تکایە هێزم بدەرێ هەموو ڕۆژێک لێرە بژیم کاتێک خۆزگە دەخوازم پێنج خولەک بژیمایە دوای ئەوە بمرم. یارمەتیم بدە بەخۆشییەوە چاوەڕێی (ئاسمان) و (زەوی نوێ) بکەم و گەنجینە لەوێ کۆبکەمەوە. تامەزرۆی ئەوەم لە (تۆ) ببیستم " ئافەرین ئەی کۆیلەی چاک و دەست پاک . . . وەرە ژوورەوە بۆ خۆشی گەورەکەت" (مەتا ٢٥: ٢١). چ هەنگاوێک دەتوانم بنێم تا یارمەتی ڕوودانی ئەمە بدات؟

کوڕی مرۆڤ بەشکۆی باوکییەوە
لەگەڵ فریشتەکانی خۆی

**دەگەڕێتەوە، ئەوسا پاداشتی هەرکەسێک بە پێی کرداری دەداتەوە. (مەتا ١٦: ٢٧)**

**هەروەها سەیری (پەندەکانی سلێمان ١٩: ١٧ و مەتا ١٠: ٤٢) بکە.**

## پرسیار و وەڵام

## دەربارەی بنەمای گەنجینە

وەک بەشێک لەم چاپە نوێکراوەدا لەئێستاوە وەڵامی هەندێ پرسیاری باشم داوەتەوە کە ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ لێم کراوە. لێرەشدا چەند پرسیارێکی زیاتر هەیە دەمەوێت وەڵامیان بدەمەوە:

**ئایا بەسەر بردنی ژیان بە (بنەمای گەنجینە) واتای ئەوەیە تەنیا شتە سەرەکییەکان بکڕدرێت و واز لە گەشتی پشوو و نان خواردنی دەرەوە بهێنرێت؟ ئایا ئەمە "خوداناسی هەژارییە"؟**

لە گفتوگۆیەکی گشتیدا لەگەڵ ڕابەرانی تری مەسیحیدا قەشەیەک و قسەکەرێکی ئینجیلی باش ناسراو بانگەشەی کرد کە جۆن پایپەر و دێڤید پلات و فرانسیس چان و من برەو دەدەین بە " خودا ناسی هەژاری." ئەو گوتی گەشەی داوە بە خودا ناسییەک کە بەندە لەسەر حاڵەتی یاسایی من کە پێویستی بوو من " هیچم نەبێت." مەبەستە ناڕاستەو خۆکە ئەوەیە هانی کەسانی تر بدەم " هیچیان نەبێت."

زۆرجار هانی خەلکی دەدەم بڕۆن بۆ globalrichlist.list.com و داهاتی ماڵی خۆیانی لێ دابنێن تا بزانن ژمارەکەیان لە کوێیە لە

بواری دەوڵەمەندی جیهانیدا. زۆربەیان بۆیان دەردەکەوێت دەکەونە لوتکەی لەسەدا ١ یا ٢.

ئەگەر تۆ سەیربکەیت من خاوەنی چ موڵکێکم ، جێی متمانە دەبێت بڵێیت من هێشتا لەناو دەوڵەمەندترین خەڵکم لە جیهاندا. من و نانسی خاوەنی خانوویەکی ئاسوودە بەخشین هەرچەندە دەستبڵاوی تیا نەکراوە و دوو ئۆتۆمبیلی بەکارهاتووی ماقوڵمان لەبەردەستە. هەرچەندە داهاتەکەمان سنووردارە بەڵام هەرگیز " بێ هیچ نەبووین." هەندێ جار لەدەرەوە نانمان خواردووە و گەشتی پشوومان کردووە وەک ئێستا ئەوە دەکەین.

لەناوەڕاستی پارچە نوسراو ێک کە پۆڵس دەڵێت دەبێت داوا لە دەوڵەمەند بکرێت دڵفراوان بێت و ئامادەبێت بۆ هاوبەشی کردن هەروەها دەشڵێت خودا " هەموو شتێکمان پێ دەبەخشێت بۆ خۆشییەکانمان" (یەکەم تیمۆساوس ٦: ١٧). هەژاری هەرگیز ئامانجی ئێمە نەبووە، هەروەها خودا خۆشحاڵە شتێکە بەپارەکەی ئێمە ( پارەکەی خۆی کە بە ئێمەی سپاردووە) بۆ ئێمە بکات تا یارمەتیمان بدات خۆشی لە ژیان ببینین.

ئەوەی لە کتێبەکانم و فێرکردنەکانم بەرەنگاری دەبمەوە ئەو گریمانە مادییەیە کە کاتێک خودا سامانمان پێ دەسپێرێت دەبێت تەنیا بۆ خۆمانی خەرج بکەین بێ ڕەچاوکردنی پاشایەتی خودا و پێویستییەکانی خەڵکی تر.

من زۆران دەگرم لەگەڵ پلەی سامانەکەم ئەوەی پەیوەند هەیە بە زۆربەی جیهانەوە، هەروەها بۆم دەردەکەوێت کە پلات و جان و پایپەر ( هەموو ئەوانەی من دەیانناسم و ڕێزیان لێ دەگرم) هەمان زۆرانگرتنیان هەیە. لەم کەلتورە مادییەدا دەبێت هەمووومان بپرسین " چەند یێک پارە زۆرە ( بۆ خەرج کردن یا هەڵگرتن)؟ ئێمە ئەمە دەکەین نەک بۆ ئەوەی ئامێزبگرینەوە بۆ تاوان یا هەژاری بەڵکو بۆ ئەوەی شوێنی عیسا بکەوین وەک یەزدانی خۆمان و خۆشەویستی بگەیەنین بە کەسانی تر.

من هانی هەموو باوەڕداران دەدەم: با بە دڵفراوانییەوە بەخشین بکەین بۆ شکۆی خودا و چاکەی خەڵک و شادی خۆمان. من وەسفی ئەوە دەکەم نەک وەکو " خوداناسی هەژاری" بەڵکو وەک خوداناسییەکی کتێبی پیرۆز ی ناوەندکراو بە مەسیح دەربارەی نیعمەت و سوپاسگوزاری و دڵفراوانی.

کاتێک قەشەکان وتار دەڵێن لەسەر بەخشین یا (بنەمای گەنجینە) بەسەر ئەندامانی کڵێساکەیان دابەش دەکەن ئایا ئەوە نابێت بە خۆ خزمەت کردن چونکە ئەوانە لەو خەڵکانە دەستکەوتیان دەبێت کە بەخشین دەدەن بە کڵێساکانیان؟

لەڕووی سرووشتییەوە وەک هەموو یەکێک لەئێمە قەشەکان پێویستیان بەوەیە پاڵنەرەکانیان تاقیبکەنەوە لە هەموو ئەو شتانەی ئەنجامی دەدەن (یەکەم پەترۆس ٥: ٢). هەندێ قەشە باسی پارە زۆر دەکەن و لەوەدەچێت سەرنج بخەنە سەر ئەوەی وا لە کڵێسا خۆجێیەکە بکەن وەک ئامبارێکی سامان نەک دامەزراوەیەکی بانکی کە کۆمەک دەنێرێت بۆ کۆمەڵگا و جیهان.

سەرەڕای ئەمەش، باوەڕم وایە دەبێت قەشەکان وتاری " هەموو ڕاوێژی خودا" بڵێنەوە" ( کردار ٢٠: ٢٧).

(نوسراوی پیرۆز) شتی زۆر باس دەکات دەربارەی پارە و بەخشین کە لە ڕووی ڕەوشتەوە پشتگوێ خستنیان ئەستەمە. دەبێت قەشەکان فێرکردن لەسەر ئەم پارچە نوسراوانە بکەن سەرەڕای ئەو ترسانەی هەیانە کە ڕەنگە خەڵکی گومانیان لە پاڵنەرەکانیان هەبێت. (قەشەکان پێیان گوتوم لەبەر ئەمە لە وتاردان لەسەر بەخشین دوور

کەوتوونەتەوە.). هەروەها دەبێت ڕابەرایەتی ڕێگای بەخشینی دڵفراوان و پێشەنگکردنی سەرکارێتی ژێر بکەن.

لرکاتێکدا گوێ ڕایەڵ بوونی خودا هۆکارێکی تەواوە بۆ ڕێنمایی کردنی خەڵکی دەربارەی بەخشین تێبینی بکە (فیلیپی ٤: ١٧) چی دەڵێ. پۆڵس بانگهێشتەکەی خۆی بۆ کڵێسا بۆ بەخشین ڕووندەکاتەوە: " نەک لەبەر ئەوەی حەزم لەبەخشین بێتت بەڵکو حەزم لەو بەرهەمەیە کە لەلای خودا بۆتان تۆمار دەکریت."

ئەو هەلێک دەدات بە خەڵکی پاڵپشتی خزمەتەکەی بکەن نەک لەبەر ئەوەی پێویستی بە دیارییەکەی ئەوانە ( ئەگەر ئەوان بەخشین نەکەن ئەو دەزانێت خودا لەڕێگای ئامرازی ترەوە شت دابین دەکات). بە:کو زیاتر ئەنجامدانی ئەمە لەپێناوی ئەوان خودا لە ئاسمان بۆیان تۆمار بکات.

کاتێک ئەوان بانگ دەکرێن گوێ ڕایەڵی بانگی خودا بن بە دڵفراوانییەوە ببەخشن کردارێکە بۆ باشترین بەرژەوەندی ئەوان. بۆچی؟ چونکە بەخشینی گەنجینە زەمینییە کاتییەکەیان دەبێتە ئەنجامی گەنجینەی هەتاهەتایی لە ئاسمان. چ قەشەیەک دەیەوێت خەڵکەکەی پاداشتی هەتاهەتایی وەرنەگرێت لەبەر ئەوەی فێری

نەکردوون خودا چی دەفەرموویت دەربارەی بەخشین؟ هاندانی خەڵک بە دڵفراوانیەوە ببەخشن کردنی چاکەیەکی گەورەیە بۆیان!

لەکۆتاییدا، لەبەرئەوەی بەخشین لە نیعمەتی خودا جیاناکرێتەوە ، هەروەها نیعمەتی خودا ئەوەیە لە هەموو شتێک زیتر پێویستمان پێیەتی، بەدڵنیاییەوە ئێمە دەمانەوێت گەشە بە نیعمەتی خودا بدەین لە ناو کلێساکانمان و هانی بدەین.

ئایا باوەڕت وایە نمونەی پێدانی دەیەکی (پەیمانی کۆن) هێشتا پەیڕەودەبێت بەسەر مەسیحییەکانی ئەمڕۆدا؟

لەکاتێکدا لە بەشی ٦ باسی پێدانی دەیەکم کرد، بەڵام باسی شتی زیاتر دەکەم بۆ وەڵام دانەوەی ئەم پرسیارە باوە.

هەندێ کەس ئەو فێرکردنە دەکەن کە هەرکەسێک بەها دەبینێت لە پەیڕەوکردنی پێدانی دەیەک تاوانبارە بە پابەند بوونی بێ ئەندازە بەیاسا. بەدڵنیاییەوە هەندێک وایە، بەڵام لام وایە پێدانی دەیەک هێشتا لایەنی چاکەی هەیە بۆ ئەوەی وا لە خەڵکی بکات دەست بە سەرکێشی بەخشین بکەن .

من باوەڕم بە باڵادەستی (پەیمانی نوێ) هەیە بەسەر (پەیمانی کۆن) (ڕۆما ٧؛ دووەم کۆرنسۆس ٣؛ عیبرانییەکان ٨). بەڵام نمونەکانی بەخشینی یەکەم بەرەوبووم بە خودا ( بە پێدانی دە یەک وەک کەمترین بەخشین) و بەخشینی قوربانی خۆبەخش لەپاڵ ئەوە بەهای بەردەوامی هەیە.

پرسیارەکە ئەوە نییە ئایا پێدانی دەیەک بریتی دەبێت لە هەموو بەخشینی مەسیحی. بەدڵنیاییەوە وانییە!

مەسیح هەموو یاسکەی هێنایە دی، بەڵام وای لێ نەکرد ناپەیوەندی دار بێت. کاتێک باس لە (پەیمانی کۆن) دەکرێت دەبێت وریابین بنەما بەردەوامەکان فەرامۆش نەکەین کە بۆ هەموو کەس دانراون بەشێوەیەکی سادەیی لەبەرئەوەی ئەوانە لەناو هەمان کتێبن وەک ڕێسای وورد تەنیا بۆ ئیسرائیلییە کۆنەکان دانراون.

هەندێ کەس مشتومڕ دەکات دەربارەی پێدانی دەیەک کاتێک دەڵێت " (پەیمانی نوێ) داکۆکی لە قوربانی خۆبەخش دەکات." بەڵێ، بەڵام هەروەها (پەیمانی کۆن)یش کە پڕ دەبێت لە بەخشینی خۆبەخش. هەبوونی کەمترین پێوانەی بەخشین هەرگیز نەگونجاو نەبووە لەگەڵ بەخشینی لەسەروو و لەپاڵ ئەوەوە.

لەسەدا دە ئامانجێکی بەرز نییە؛ ئەوە تەنیا شوێنێکی دەستپێکردنە. بەڵام دەستپێکردن گرنگە.  ئەگەر دەستپێکردنی لەسەدا ١٠ لە وەبچێت پابەندبوونی بێ ئەندازەیە بە یاسا، ئەوکاتە پێشنیاردەکەم بەدەستپێکردنی لەسەدا ١١ یا ١٢.  بەڵام دستپێکردنی کەمتر لەسەدا ١٠  تووڵەکە نزم دەکاتەوە.  لەبەرئەوە (یاسا)کە دااوای کرد لەسەدا ١٠ کەمترینە (تەنیا ژماردنی دەیەکەکە بۆ کاهین و لێڤییەکان) لەو خەڵکەی لە کەلتورێکی هەژاردان بەدڵنیاییەوە چاوەڕێدەکرێت کاری گۆڕانی (ڕۆحی پیرۆز) بەشیوەیەکی گەورە شتی زیاتر بەرهەم بێنێت لە کەلتورە دەوڵەمەندەکەماندا.

قوتابییەکان بەدەست بڵاوی بەخشینیان دەکرد بۆ دابینکردنی پێویستییەکانی کەسانی تر، تەنانەت موڵکی گەورەیان دەکرد بەپارە بۆ ئەوەی بەخشین بکەن چونکە " نیعمەتێکی گەورەش بەسەر هەموویانەوە بوو" (کردار ٤: ٣٣).  لەسەرەتاوە ڕوون بوو کە لەژێر سایەی نیعمەت واتای ئەوە نەبوو مەسیحییەکانی (پەیمانی نوێ) کەمتر ببەخشن لەچاو براکانیان لە (پەیمانی کۆن).  ئەو دڵانەی بە نیعمەتی عیسا گۆڕان زیاتر متمانە بە خودا دەکەن، زیاتر کەسانی تریان خۆش دەوێت و لەبەر ئەوە بەخشینی زیاتریش دەکەن.

من لەڕووی داراییەوە کەم و کوڕیم زۆرە و هیچم نییە ببەخشم. بۆیە چی لەسەر منە بیکەم جگە لە هەست کردن بە تاوان؟

تۆ دەتوانیت ڕێگای داهێنەر بدۆزیتەوە بۆ تەرخانکردنی پارە لە بودجەکەی خۆت بۆ ئەوەی بە پاشایەتی خودای ببەخشیت. من هەست دەکەم ئەوە ئاسان نییە، بەتایبەتی ئەگەر لەئێستاوە هەوڵت دابێت خەرجکردنی ڕووکەشیت کەمکردبێت. بەڵام کاتێک ڕاست بدوێین هەندێ جار نامانەوێت بەسادەیی واز لەو خەرجیانە بێنین کە ڕێگەمان پێدەدات زیاتر ببەخشین بەڵکو مەسرەفمان پێ دەکات بۆ ئەو شتەی دەمانەوێت.

من لەو وڵاتانە بووم کە خەڵکەکەی کەمتر لە سەد دۆلاری ئەمەریکی پەیدادەکەن لە ساڵێکدا خەون بەوە نابینن کەمتر لە سەدا ١٠ ببەخشن، هەروەها زۆرجار بەشێوەیەکی دیار زیاتر دەبەخشن. لەبەر ئەوەی ئێمە لە دەوڵەمەندترین کۆمەڵگای جیهاندا دەژین لە مێژوودا، کە ئەوەی ئێمە ناوی دەنێین " ئاستی هەژاری" لەسەرووی پێوانەی ئاسایی ژیانی کۆمەڵگاکانی هەموو مێژوو، ئەوە سەیرە وای دابنێین ئێمە نەتوانین لەسەدا ١٠ ببەخشین.

نوێژ بکەو  لەخودا داوا بکە دابین بکات.  ئەگەر (ئەو) ئەوەندە گەورە بێت تۆ دروست بکات و بتکڕێتەوە، ئایا ئەوەندەش گەورە نییە بایەخت پێ بدات کاتێک بەتەواوی متمانەی پێ دەکەیت هەرچییەک ڕووبدات؟ شوێن کەوتنی ڕاسپاردەکانی خودا بۆ دڵفراوان بوون ڕەنگە پێویستی بە متمانە بێت، بەڵام تۆ قازانج دەدۆزیتەوە ، کە خۆشی و سوپاسگوزاری لەخۆدەگرێت، مەزنە.

**نابێت یەکەم جار لە قەرز دەرچم پێش ئەوەی دەست بە پێدانی دەیەک بکەم، یا بەلایەنی کەمەوە پێش ئەوەی لەپاڵ دەیەک بەخشین بکەم؟**

ئەگەر ئێمە بە ڕاستی (وشەی) خودا وەرگرین دەبێت لە قەرز خۆمان لادەین کاتێک دەتوانین چونکە " قەرزاریش کۆیلەی خاوەن قەرزە" (پەندەکانی سلێمان ٢٢: ٧).

لە حاڵەتی دەگمەندا کاتێک ئێمە قەرز کەڵەکە دەکەین، بۆ نمونە بۆ کڕینی خانوویەک نرخێکی ماقوڵی هەبێت، دەبێت تەنیا بڕە پارەیەک قەرزکەین ئەوەندە کەم بێت تا ڕێگەمان پێ بدات بتوانین پارەکە بدەین و زوو بگەڕێین بۆ پێدانەوەی قەرزەکە ئەگەر بتوانین.  ڕەنگە

پێویستمان بەوە بێت بە هەندێک یا زۆربەی پێداویستیەکانمان بڵێین نەخێر، بەڵام نابێت بڵێین نەخێر بۆ گوێ ڕایەڵ بوون یا بەخشندەیی. ئەگەر خودا فرمانمان پێبکات و هانمان بدات بەخشین بکەین و گەنجینە لە ئاسمان کۆبکەینەوە، هەروەها (ئەو) بەدڵنیاییەوە دەیکات، با ئێمە چاوەڕێ نەکەین هەتا لە قەرز دەردەچین بۆئەوەی گوێ ڕایەڵی بین.  کەمکردنەوەی قەرز گرنگە، بەڵام بەقەدەر بەخشین بە پاشایەتی خودا گرنگ نییە.

تۆ لەکۆتاییدا لە شوێنێکی باشتر دەبیت بۆ بەخشین بەهۆی کەمکردنەوەی قەرزەکەت، بەڵام هەروەها ئەوە ڕاستە کاتێک ئێمە دەبەخشین خودا خۆشحاڵە و ڕێز لە هەوڵەکانمان دەگرێت بۆ پێدانەوەی قەرزەکانمان.  بۆیە بەدڵفراوانییەوە بە یەزدان ببەخشە، نەک لەجیاتی هەوڵدان بۆ نەهێشتنی قەرزەکەت بەڵکو بەهاوبەشی لەگەڵیدا.

**تۆ نوسیت مەلاخی ٣ باسی تاڵانکردنی خودا دەکات " بەهۆی ڕاگرتنی دەیەک و قوربانییەکان."  چۆن خەڵکی دەتوانێت خودا تاڵان بکات بەهۆی ڕاگرتنی قوربانییەکی خۆبەخش؟  ئەوە لە بەدرۆخستنەوە دەچێت.**

لەیەکەم سەیرکردندا ئەم لاری بوونە دەردەکەوێت واتا بەخش بێت. بەڵام مەلاخی ٣: ٨ بەڕوونی دەڵێت گەلەکەی خودا تاڵان دەکەن بەهۆی ڕاگرتنی دەیەک و قوربانی خۆبەخش. پێم وایە ئەم پارچە نوسراوە بە باسکردنی نەک تەنیا دەیەک بەڵکو قوربانیش نیشانی دەدات خودا ویستێکی هەیە بۆ ژیانی ئێمە کە کەمترین ڕێنمایی (نوسراوی پیرۆز) تێدەپەڕێنێت. بۆ خۆت بیخوێنەوە و بزانە کۆکیت لەگەڵیدا.

هیچ یاسایەک نییە بڵێت دەبێت باسی مەسیح بۆ ئەو کەسە بکەم کە لەتەنیشتمەوە دانیشتووە لە فڕۆکەیەکدا، بەڵام زۆربەی جار باوەڕم وایە خودا دەیەوێت من ئەوە بکەم. ئەوە مزگێنیدانێکی خۆبەخشە بۆ من، بەڵام خودا هێشتا دەیەوێت هانم بدات ئەوە بکەم. کاتێک (ئەو) هانم دەدات پێم وایە دەبێت گوێ ڕایەڵی بم.

ئێمە دروستکراوین کاری باشە بکەین " کەخودا پێشتر ئامادەی کردووە تاکو بە ئەنجامی بگەیەنین" (ئەفەسۆس ٢: ١٠). ئەم وشانە ئاماژە بەوە دەدەن کە خودا ویستێکی دیاریکراوی هەیە دەبێت چ کارێکی باش بکەین. ئەمە پێشنیاری ئەوەدەکات (ئەو) بڕی دیاریکراو و وەرگری بەخشینەکانی ئێمەی لەهۆش و بیردایە کە دەبێت

ئێمە دەربارەیان پرسیاری لێ بکەین.  خودا بانگمان دەکات بۆ خوێندنی خۆبەخشی کتێبی پیرۆز و نوێژکردن و ئامادەبوون لە کڵێسا. بەڵام ئەوە واتای ئەوە نییە (ئەو) ویستی دیاریکراوی نییە  بۆ ئێمە لەو ڕووبەرانەدا.  خودا بانگمان دەکات بۆ قوربانی خۆبەخش، بەڵام بەدڵنیاییەوە ئارەزووی هەیە لە بەخشینەکانمان زیاتر دڵفراوان بین. ڕەنگە خودا بڵێت " من بڕی تەواوت پێ ناڵێم بۆ بەخشین، چونکە تۆ پێویستت بەوەیە بەتایبەتی داوام لێ بکەیت و گوێ لەهاندانەکانم بگریت و پاشان ئەنجامی بدەیت بۆ خۆشی من و خۆت."

**من نیگەران دەبم بە نمونەی ئەو پیاوەی گەنجینەکە لە کێڵگەیک دەدۆزێتەوە و دەیشارێتەوە و پاشان بەبێ ئەوەی بە خاوەن کێڵگەکە بڵێت کێڵگەگە دەکڕێت بۆ ئەوەی ببێت بە خاوەنی گەنجینەکە. بەدڵنیاییەوە عیسا فێرمان ناکات کارێکی بێ ڕەوشتی بکەین.**

یەکەم شت ئەم گەنجینەیەی لە چیرۆکەکە هەیە دەبێت لەوە بچێت وادانرابێت ماوەیەکی زۆرە نێژراوە، ڕەنگە لەلایەن کەسێکی نەناسراو بووە لە کاتی ڕاکردن، نەک لەلایەن خاوەن زەوییەکەی ئێستا.  ئەوە دەمێکە لەبیر کراوە.  بەشێوەیەکی ڕوون ئەگەر خاوەن زەوییەکە

بیناشتایە ئەو بەئاسانی گەنجینەکەی بەهەڵکەنین دەهێنایە دەرەوە و بەرلەوەی زەویەکەی بفرۆشێت.

دووەم، نمونەکان شیوەیەکی پەیوەندی کردن بوون کە گوشاریان دەخستە سەر یەک بیرۆکەی ناوەندی. باقی چیرۆکەکە تاڕادەیەک دەرەکی بوو کاتێک بەشێوەیەکی سەرەکی خزمەتی دەکرد واتا سەرەکییەکە بگەیەنێت.

لە وانەی شێوازی لێکدانەوەدا یەکێک لە پرۆفیسۆرەکانم ئاگاداری کردینەوە " هەرگیز وا لە نمونەیەک مەکەن بە دەست و پێ ڕێ بکەن" بە واتایەکی تر هەوڵ مەدەن وای لێ بکەن شتێک بڵێت زیاتر بێت لە مەبەسەکەی خۆی، کە هەمیشە دەبەسترێتەوە بە مەبەستە سەرەکییەکە، نەک ئەو وردەکاریانەی پشتگیری دەکەن. وانەی مەسیح دەربارەی بەهاو خۆشی هەمیشەیی دۆزینەوەی گەنجینەیەکی گەورەیە کە نوێنەرایەتی پاشەیەتییە هەتاهەتاییەکەی دەکات، کە شایانی هەموو شتێکە ئێمە لەدەستی بدەین بۆ بەدەست هێنانی.

**ئایا ئەوە دڵ ڕەقی نییە کاتێک بە مەسیحییە هەژارەکانی وڵاتانی تازە پێگەیشتوو دەوترێت دەبێت ببەخشن؟ ئایا ئەو چاوەڕێکدنە مەحاڵە وایان لێ ناکات هەست بە تاوان بکەن؟**

بەخشین بنەمایەک و مافێکی تایبەتی بێ کاتە کە خودا هەموو گەلی خۆی بانگێشت دەکات خۆشی ببینن. ئەوە پاداشت و شەرەف دەهێنێت. ئەو بڕەپارانەی دەبەخشرێن بەشێوەیەکی فراوان جیاوازن، بەڵام بنەمای بەخشندەیی ئینجیل لەناو گەلی خودا نەگۆڕە.

ئەوەی خودا فێرکەدن دکات دەربارەی پارە و موڵک بۆ مەسیحییە دەوڵەمەندەکان نەنوسرا لە ئەمەریکای باکور بەڵکو بۆ هەموو خەڵک لە هەموو کاتەکان و هەموو شوێنەکان. باوەڕدارانی وڵاتانی هەژار زۆربەی جار گەورەترین نمونەی دڵفراوانین.

(دووەم کۆرنسۆس ٨ – ٩ ) دوورودرێژترین و ڕەنگە گرنگترین پارچەنوسراو بێت لەسەر بەخشین لە ( نوسراوی پیرۆز) دا بە سەرنج خستنەسەر مەکدۆنییەکان دەست پێدەکات ئەوانەی لە " هەژارییەکی ئەندازە بەدەر" دەژیان و " لەودیو توانای خۆیان" بەخشینیان دەکرد و بە " خۆشییەکی لێوان لێوەوە." ئەوان " بە تکاوە داوای مافی تایبەتی" بەخشینیان لێ کردین. نابێت هەژاران بێ بەش بکەین لەم مافە تایبەتە.

ئایا ئەوە دڵ ڕەقییە لەسەر بەخشین وتار بڵێین بەو کەسانەی پارەی تەواویان نییە؟ باوەڕم وایە ئەوە دڵ ڕەقییە لەسەر بەخشین وتار نەگوترێت، چونکە ئەوە بەشێکە لە هەموو ڕاوێژی خودا. ئەگەر ئێمە وتاری کتێبی پیرۆز ڕاگرین لەسەر بەخشندەیی ئێمە وەک دەستکاری کەری وشەکانی خودا کردار دەکەین نەک پەیامبەرانی (ئەو). (بێتە بیرت ئەوە خەڵکی دەوڵەمەندن نەک خەڵکی هەژار کە لە (نوسراوی پیرۆز) و مێژوودا جیاکراونەتەوە!)

خودا دەفەرموویێت " تاقیم بکەنەوە لە مەدا" هەروەها تەماشام بکەن کاتێک دابین دەکەم (سەیری مەلاخی ٣: ١٠ بکە). کاتێک ئێمە باسی بەخشین بۆ خەڵکی نەکەین ئێمە تاڵانیان دەکەین لە خۆشی متمانەکردن بە خودا و بینینی دابینکردنی خودا.

من باسی (مەتا ٦ ) م کردووە لە کینیا و کوبا بەڵام ڕوونکردنەوەکانم گۆڕیوە بۆ ئەوەی هاوتا بن لەگەڵ ئەو ئامراز و هەلانەی لەبەردەستن بۆ گوێگرانی ئامانج بۆ کراو. بەهەمان شێوە هانی ئەو کەسانەم داوە کە بنەمای گەنجینە یان وەرگێڕاوە لە بەشەکانی تری جیهان تا والە ڕوونکردنەوەکانم بکەن زیاتر لە ڕووی کەلتورەوە گونجاو بێت. بەڵام

خودا بانگی هەموو مندا:ەکانی کردووە لە هەموو کات و شوێنەکاندا ببەخشن.

**چۆن ئێمە دەتوانین هەموو شتێک بکەین پاداشتی هەتاهەتایی " بەدەست بێنین"؟**

با دڵنیا بین ئەمە بەبێ خەوشی ڕوونە: ڕزگاری و پاداشت زۆر جیاوازن. ڕزگاری شتێکە ئێمە ناتوانین بەدەستی بێنین هەروەها بۆ ئەوە ئێمە بەتەواوی بەشداری هیچ شتێک ناکەین (ئەفەسۆس ٢: ٨-٩؛ تیتۆس ٣: ٥).

کڕینەوەمان کارەکانمان لەخۆ ناگرێت. ئەوە بە پوختی کاری مەسیحە. بەڵام کارەکانمان بەدڵنیاییەوە کاردەکەنە سەر پاداشتەکانمان. هەروەک ئاکامی هەتاهەتایی هەیە بۆ باوەڕەکەمان ئاوەهاش ئاکامی هەتاهەتایی هەیە بۆ کارەکانمان.

لەبەرئەوەی ئێمە زۆر بەدەگمەن باسی پاداشت دەکەین تێکەڵکردنی کاری خودا لەگەڵ کاری مرۆڤ ئاسانە. بۆنمونە ڕەنگە بەهەڵە باوەڕمان وابێت کە ئاسمان پاداشتی مرۆڤە بەرامبەر ئەنجامدانی کاری باش.

هەڵەیە! ژیانی هەتاهەتایی بەتەواوی " دیاری خۆڕایی خودایە" (ڕۆما ٦: ٢٣). چونەناو ئاسمان دیارییە نەک پاداشت.

سەبارەت بە ڕزگاری، کاری ئێمە بۆ خودا جێگرەوە نییە بۆ کاری خودا بۆ ئێمە. سەبارەت بە پاداشت، کاری خودا بۆ ئێمە جێگرەوە نییە بۆ کاری ئێمە بۆ خودا. بەدڵنیاییەوە لەکۆتاییدا تەنانەت کارەکانمان ئەوانەی پاداشت بەدەست دەهێنن بە ڕۆحی پیرۆز هێز وەردەگرن (کۆلۆسی ١: ٢٩).

ئێمە ناتوانین ڕزگاری بەدەست بێنین، هیچ شتێک ناتوانێت ڕووهتر بێت. بەڵام هێشتا ئایا دەتوانیت (یەکەم کۆرنسۆس ٩: ٢٤-٢٧) بخوێنیتەوە دەربارەی ڕاکردنی قورس بۆ بردنەوەی تاجەکە، بەبێ ئەو هەستە کە بە نیعمەتی خودا پۆڵس کۆشش دەکات پاداشتی هەتاهەتایی بەدەست بێنێت؟ ئایا ئەوە مەبەستی ئەو نەبوو؟

هێشتا لەبەرئەوەی هەندێ کەس بە مسۆگەری پاداشت تێکەڵ دەکات لەگەڵ ڕزگاری، کە ناتوانرێت بەدەست بهێنرێت، من بەباشی دەزانم نەڵێین پاداشت بەدەست دەهێنین بەڵکو لەبری ئەوە خودا بە نیعمەتەوە بڕیاردەدات پێمان ببەخشێت. هەرچۆنێک بێت خودا بەڵێن دەدات بەشێوەیەکی دیاریکراو پاداشتی گوێ ڕایەڵیمان بکات.

سەبارەت بە (بنەمای گەنجینە) وەک لە بەشی ٢ بینیمان، بەلایەنی کەمەوە پێنج پارچەنوسراو بەدیاریکراوی پاداشتەکانی گەنجینەی ئاسمان دەلکێنن بە بژاردەکانمان بۆ بەخشین بە کەسانی دەست کورت لەم جیهانەدا (مەتا ٦؛ مەتا ١٩؛ مەرقۆس ١٠؛ لوقا ١٢؛ هەروەها یەکەم تیمۆساوس ٦).

با بانگی خودا بکەین تا هێزمان بداتێ بۆ ئەوەی گوێ ڕایەڵی بین بۆ بەخشین و هەموو لایەنێکی تری ژیانمان. هەروەها با بەخۆشییەوە چاوەڕێی ئەو ڕۆژە بکەین کە (ئەو) پێمان دەفەرموێت " دەست خۆش، خزمەتکارە باش و دڵسۆزەکەم."

**ئایا قسەکردن دەربارەی گەنجینەی ئاسمان هانی ژیانی پابەندبوونی بێ ئەندازەی یاسا نادات لەجیاتی ئارەزووی ئەنجامدانی کاری باش بەهۆی خۆشەویستی بۆ مەسیح؟**

پۆڵس گوتی " هەموو شتێک بە زیانم دەزانم لەبەر بەرزی بەهای ناسینی عیسای مەسیحی خاوەن شکۆ" (فیلیپی ٣: ٨). لەبەرئەوەی بەدەستهێنانی مەسیح والەهەموو شتێکی تر دەکات بێ بەها دەرکەوێت لەڕووی بەراوردکردنەوە، ئایا نابێت مەسیح بەتەنیا ئەو گەنجینەیە بێت کە بۆی دەگەڕێین؟ ئایا سەرنج خستنە سەر پاداشت

وامان لێ ناکات هەست بکەین زۆر ئاگامان لەخۆمان بێت نەک زۆر ئاگامان لە مەسیح بێت؟

وەڵامەکە ئەوەیە هەمان پۆڵسی نێردراو کە گوتی هەموو شتێک بێ بەهایە کاتێک بەراورد دەکرێت بە ناسینی عیسا، هەروەها گوتی دەبێت کاربکەین لەپێناو پاداشت"

ئایا نازانن هەموو ئەوانەی لە گۆڕەپان ڕادەکەن، هەموو ڕادەکەن، بەڵام تەنها یەکێک خەڵات دەکرێت؟ کەواتە ڕابکەن تاکو خەڵاتەکە بەدەستبهێنن. هەریەکێک ململانێ بکات لە هەموو شتێک خۆ ڕادەگرێت. ئەوانە تاکو تاجێکی لەناوچوو بەدەستبهێنن. (یەکەم کۆرنسۆس ٩: ٢٤-٢٥)

پۆڵس مەسیحییەکان دڵنەوایی دەکات " خودا پاداشتی هەریەکێک بەگوێرەی کردارەکانی دەداتەوە" (ڕۆما ٢: ٦). ئەو دەنوسێت "دەزانن عیسای خاوەن شکۆ پاداشتی هەرکەسێک دەداتەوە کە کاری چاک دەکات" (ئەفەسۆس ٦: ٨). نێردراوەکە دەڵێت " تێکۆشانێکی باش تێکۆشاوم، پێشبڕکێکەم تەواوکرد و باوەڕەکەم پاراست. ئێستا تاجی ڕاستودروستیم بۆ دانراوە، ئەوەی مەسیحی خاوەن شکۆ کە دادوەری ڕاستودروستە لەو ڕۆژەدا دەمداتێ، تەنها بۆ من نییە، بەڵکو بۆ هەموو ئەوانەشە کە پەرۆشی دەرکەوتنین" ( دووەم تیمۆساوس ٤: ٧-٨).

پۆڵس دڵخۆشە بەو پاداشتەی وەریدەگرێت بە هۆی هاوەڵی بوونی لەگەڵ مەسیحییەکانی سالۆنیکی کە لەناو ئەواندا ژیانی خۆی خستە وەبەرهێنانەوە: " هیواو خۆشی و تاجی شانازیمان لەبەردەم عیسای خاوەن شکۆمان چییە لەکاتی هاتنی دا؟ ئایا ئێوە نین؟" (یەکەم سالۆنیکی ٢: ١٩). هەروەها، وەک بینیومانە، پۆڵس ڕایگەیاند دەبێت ئێمە بە دڵفراوانی ببەخشین بۆ ئەوەی گەنجینە بۆ خۆمان لە جیهانی داهاتوو کۆبکەینەوە (یەکەم تیمۆساوس ٦: ١٨-١٩).

پۆڵس هەرچییەکی گوتبێت لە (ففیلیپی ٣) ناتوانێت پێچەوانەبێت لەگەڵ ئەوەی لەم پارچە نوسراوانەی تردا گوتویەتی.

مەسیح کە گەورەترین گەنجینەی ئێمەیە هەروەها پاداشت پێدەری گەورەی ئێمەیە. (ئەو) فەرمووی " کوڕی مرۆڤ بە شکۆی باوکییەوە لەگەڵ فریشتەکانی خۆی دەگەڕێتەوە، ئەوسا پاداشتی هەرکەسێک بە پێی کرداری دەداتەوە" (مەتا ١٦: ٢٧). ئەگەر بڵێین مەسیح تەنیا گەنجینەیە هەڵەیە، چونکە (ئەو) خۆی بە ئێمەی فەرموو گەنجینە لەئاسمان کۆبکەینەوە.

کاتێک توشی بەرهەڵستی دەبم لەسەر ئەمە، من ئاماژە بەوە دەدەم کە من نەم گوتووە " گەنجینە بۆخۆتان کۆبکەنەوە لە ئاسمان"! ئەگەر تۆ حەزت لەوە نییە مشتومڕەکەی تۆ لەگەڵ (ئەو کەسە)یە کە یەکەم جار فەرمووی : کە عیسایە.

دانانی پاداشت وەک ڕکابەری مەسیح ناکۆکییەک دەهێنێتە خەیاڵەوە بە شێوەیەکی ئاسایی بوونی نییە. خودا بە ئێمە دەفەروموویت " دەبێت باوەڕ بێنین. . . . . پاداشتی ئەوانەش دەداتەوە کە بە پەرۆشەوە ڕوویان لەو دەکەن" (عیبرانییەکان ١١: ٦). باوەڕهێنان

بەوەی خودا پاداشت پێدەرە باوەڕهێنانە بەوەی بەتەواوی (ئەو) چیمان پێ دەفەرمووێت.

ئەوە هاندانێکی هەڵەیە کاتێک هەموو پاڵنانێک لەپاڵ خۆشەویستی بۆ خودا وەک قبوڵ نەکراو سەیربکرێت. لە ناو (وشەکەی خۆیدا) خودا کۆمەڵێک پاڵنانی جۆراوجۆرمان پێ دەبەخشێت، لەناویاندا خۆشەویستی بۆ خەڵک و ترسی سەرپێچیکردن و هیوای پاداشت. نابێت وەک پاڵنەری ناپوخت و تێکەڵکراو سەیری ئەمانە بکرێت بەڵکو زیاتر وەک فرە پاڵنەری پێدراو لەلایەن خوداوە. ئایا ئێمە پێویستمان بە زۆرترین پاڵنەر نابێت تا شتە گونجاوەکە ئەنجام بدەین؟

ئێمە نابێت هەوڵ بدەین پاداشتەکان داشکێنین لەترسی پابەندبوونی بێ ئەندازەی یاسا زیاتر لە فەرامۆشکردنی خوێندنی کتێبی پیرۆز و ڕۆژوو گرتن و نوێژکردن لەبەرئەوەی لە پابەندبوونی بێ ئەندازەی یاسا دەترسین دەربارەیان. بەدڵنیاییەوە پابەندبوونی بێ ئەندازەی یاسا هەمیشە دەچێتە ناو وێنەکەوە، بەڵام دەبێت خەڵکانی لەخواترس و هاندراو بە نیعمەت ئامێز بۆ بەڵێنی پاداشتی خودا بگرن کاتێک هەرگیز وەک بەڵێنێکی ناڕۆحی ڕەتی ناکەنەوە. با ئەوە جێ بهێڵین بۆ خودا چی ڕۆحییە و چی ڕۆحی نییە.

**خەڵكی چ چیرۆكێكی بۆ گێڕاویتەوە دەربارەی هەبوونی ئەزمونی خۆشی بەخشین لەڕێگای پەیڕەوكردنی (بنەمای گەنجینە)؟**

خەڵكیم بینیوە سەدان ئەیكەری ئەرزیان بەخشیوە بۆ خزمەتەكانی مەسیحی و قەبارەی خانووەكانیان بچووک كردۆتەوە و بازرگانییەكانیان فرۆشتووە و پارەیان زایە كردووە بۆ یارمەتیدانی كەسانی دەست كورت. من ئەوانم بینیوە لەسارانسەری جیهان گەشتیان كردووە بۆ دروشمی مژدەبردنە جیهانییەكان. یەک كەس ئەوەی هەندێک لەم بنەمایانەی لە یەكێک لە ڕۆمانەكانمدا خوێندۆتەوە ساڵانێک پێش ئێستا چۆتە دەرەوەی وڵات تا خزمەتی كڵێسا نهێنییەكان بكات لە چین. ئەو بۆی نوسیم " قەت خۆشی وام نەبینیوە."

بازرگانێكی سەركەوتوو پێی گوتم پاش خوێندنەوەی بنەمای گەنجینە ئێستا دەزانێت بۆچی خودا لەڕووی داراییەوە بەرەكەتداری كردووە. ئەوە بۆ ئەوە نییە كە ئۆتۆمبیلی جوانتر لێخوڕێت و لە خانوویەكی گەورەتر بژی. ئەوە بۆ بنیاتنانی پاشایەتی خودایە.

من باسی چەند گروپێکی مژدەبردن و پرۆژەیەکی پاڵپشتکردنی لەبار نەبردنی منداڵان و ڕێگاکانی یارمەتیدانی مەسیحییە چەوسێندراوەکان بۆ کرد.  خۆزگە گوێ بیستی خۆشییەکەی بویتایە کاتیک بڕیاریدا موڵکی زەمینی زیاتر بکات بە پارە و بەشیوەی ڕیشەیی مەودای وەبەرهێنانی هەتاهەتایی فراوان بکات!  تاوان هیچ پەیوەندی بەوە نەبوو، ئەوە هەمووی دەربارەی مافی تایبەت و خۆشی پوخت بوو.

ئەم پیاوە بەردەوام بوو لەکارەکەی هەتا کۆتایی، هەروەها بۆ ماوەی ساڵانێکی زۆر پارەی زیاتر و و زیاتری دەبەخشی.  خۆشییەکەی ئەو هەقیقییە و تەشەنەکەرە!  خوایە گیان هەمان شت بۆ هەموومان ڕاست بێت.

لە جیهانێکی باشتردا، بە ئامادەبوونی عیسا، منداڵانی خودا بۆ ئاهەنگی خواردن کۆدەبنەوە.  ئێمە بەرەو ڕووو یەکتر دەبینین و دەخۆین و دەخۆینەوە و پێدەکەنین و باسی چیرۆک بۆ ئەو کەسانە دەکەین کە بەخشینەکەیان بە ئێمە ژیانی ئێمەی گۆڕی هەروەها ئەو کەسانەی خودا ژیانی گۆڕین لەڕێگەی بەخشینی ئێمەوە بەوان.  ئەو گەنجینانە لە ئاسمان چاوەڕێمان دەکەن.

## چی دەتوانێت باشتر بێت؟

## دەربارەی نوسەر

ڕاندی ئالکۆرن دامەزرێنەر و بەڕێوەبەری (خزمەتی بۆچونی هەتاهەتایی) (ئی پی ئێم)ە. پێش ساڵی ١٩٩٠ کاتێک دەستیکرد بە (ئی پی ئێم) بۆ چواردە ساڵ وەک قەشەیەک خزمەتی کرد. لەسەرانسەری جیهان قسەی کردووە و وانەی وتۆتەوە لە ناو ئەندامانی دەستەی وانە وتنەوەی زانکۆی مالنۆماث و پەیمانگای خوداناسی خۆرئاوا لە پۆرتلاند لە ویلایەتی ئۆریگۆن.

ڕاندی نوسەری پڕفرۆشترینی زیاتر لە پەنجا کتێبە کە دە ملیۆن کتێبی لێ فرۆشراوە. کتێبەکانی بۆ زیاتر لە حەفتا زمان وەرگێڕدراون. ڕاندی بۆ چەندین گۆڤار بابەتی نوسیوە هەروەها بڵاوکراوەیەکی ناوبەناوی جەماوەری بەرهەم دەهێنێت بەناوی بۆچوونە هەتاهەتاییەکان. میوانی زیاتر لە هەشت سەد پرۆگرامی تەلەفزیۆن و ڕادیۆ بووە، لەناویاندا سەرنج بخە سەر خێزان و پیاوی وەڵامی کتێبی پیرۆز و ژیانی خێزانی ئەمرۆ و دڵمان ببوژێنەوە و ئەو ڕاستیانەی گۆڕانکاری دەکەن و باوەڕ لە ژێر ئاگردا.

ڕاندی باوکی دوو کچە کەخاوەن هاوسەرن بەناوی کارینا فرانکلین و ئەنجێلا ستەمپ، ئەو لە شاری گرێشام لە ویلایەتی ئۆریگۆن دەژی لەگەڵ ژنەکەی و باشترین هاورێکەی بە ناوی نانسی لەگەڵ سەگی ڕاوکردنەکەیان بەناوی ماگی. ئەوان باپیر و داپیری شانازی کەرن بە پێنج نەوەکانیان کە کورِن: جەیک و مات و تای و جاک و داڤید. ڕاندی خۆشی دەبینێت لەگەڵ خێزانەکەی کات بەسەر بەرێت و پاسکیل لێخورێت خۆشی دەبینێت لە فۆتۆگرافی ژێر ئاو و توێژینەوە و خوێندنەوە.

هەروەها دەتوانیت پەیوەندی بکەیت بە (خزمەتی بۆچونی هەتاهەتایی) لەرێگەی ئیمەیڵەوە لە ماڵ پەرەکەیان لە www.epm.org یاخود لە 39085 Pioneer Blvd.,Suite 206, Sandy, یاخود 97055(503)668-5200.

سەردانی ماڵپەری کەسی ڕاندی ئالکۆرن بکە لە www.epm.org/blog.

هەروەها پەیوەندی بە ڕاندی بکە لە www.facebook.com/randyalcorn and www.twitter.com/randyalcorn.